# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٢٣ ▌ چوارشەممە ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## دیسان بوومەلەرزە لە ناوچەی بوومەلەرزەلێدراوی کرماشان



بوومەلەرزە جارێکی دیکەش بەسەر ناوچەی سەرپێلی زەهاوی دادا. ئەم بوومەلەرزە ٥,٣ ڕیشتێرییە زیانی گیانیی نەبوو، بەڵام ٣٨ کەسی بریندار کرد.

هاتنەوەی بوومەلەرزە لە پارێزگای کرماشان لە کاتێک دایە کە ئێستاش زیاندیتووانی بوومەلەرزەکەی مانگی خەزەڵوەری شار و ناوچەکانی ئەو پارێزگایە لە بارودۆخێکی زۆر خراپی جێگیربوون و ئیمکاناتە سەرەتاییەکانی ژیاندا دەژین. لەو بوومەلەرزەیەدا زیاتر لە ٥٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا و لانیکەم ٧٠ هەزار کەس خانەولانی خۆیان لێ شێوا و سەرپەنا و ماڵ و حاڵیان نەما.

لە ساڵی ڕابردوودا بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ١٧ هەزار بوومەلەرزە (٣٦ بوومەلەرزەی سەروو ٥ ڕیشتێر) لە ئێرانی دا کە بوومەلەرزەکەی کرماشان بەهێزترینیان بوو. کاریگەریی ئەو بوومەلەرزەیە ئێستاش بە ژیانی خەڵکی پارێزگای کرماشانەوە دیارە و زۆربەی زۆری زیاندیتووان زستانی سەختی پڕ بەفر و بارانیان لە نێو خێوەت و کانێکسەکاندا بەڕێ کرد.

# بەرەو هەستانەوە و قۆناغێکی دی لە شوناسخوازی

■ سەروتار

## کۆماری ئیسلامی و کێشە تازەکانی بەردەمی

کەماڵ کەریمی

کۆماری ئیسلامی پێ بەپێی دەستدرێژی و پاوانخوازییەکانی لە ناوچەدا ڕووبەڕووی کێشەی گەورەتر دەبێتەوە. ساڵانێکە کۆماری ئیسلامی لە ژێر ناوی ناردنەدەرەوەی شۆڕش لە وڵاتانی ناوچەدا لە گێچەڵ دەگەڕێ و بە پێی بەرنامەکانی سپای پاسداران لە هەوڵی دروستکردنی گرووپی جۆراوجۆر بووە لە نێو خەڵکی وڵاتانی دەوروبەری بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی وڵاتەکانیان. ئەوان بەدوای ئەوەوەن کە بە تێکدانی ئەو وڵاتانە و هەڵایسانی شەڕی نێوخۆیی، هەم پێگەی خۆیان لەو وڵاتانەدا بەهێز بکەن و هەم دەسەڵاتی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە هەرکام لەو وڵاتانەدا بێننە سەرکار. سیاسەتێک کە لە زاهیردا سەرکەوتوو بووە و لوبنان، سووریە، یەمەن و عێراقی تووشی شەڕ و نەهامەتی کردوە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە هەزینەیەکی زۆری ماڵی و ئینسانیشی بۆ خەڵکی ئێران بە دواوە بووە. بە جۆرێک کە ئێستا بەشی زۆری ئەو خەڵکە، کە بە هۆی خراپی لە ڕادەبەدەری باری ئابووریی وڵات کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ژیانی ڕۆژانەی ئەوان داناوە، هاتوونەتە دەنگ و داوا دەکەن ئەو پووڵانەی بۆ ئەو دەستدرێژییانە لە دەرەوەی وڵاتەکەیان خەرج دەکرێ بۆ خزمەتکردنی خەڵکی خۆیان بە کاری بێنن.

دیارە ئەمە تەنیا لایەنێکی کێشەکەیە کە یەخەی خەڵکی گرتوە. لایەنێکی دیکەی شوێنەواری ئەم سیاسەتە، ئەو فشارانەیە کە بە هۆی کەللەڕەقی و پێداگری تا ئێستای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە سەر درێژەدان بە سیاسەتەکانیان، لە لایەن ڕۆژاواوە لەسەری زیاد دەکرێ. لە سەردەمی باراک ئۆبامادا و بە هۆی هەوڵدانێک بۆ ڕازیکردنی کۆماری ئیسلامی پڕۆژەی بەرجام کە تەنیا سنووردارکردنی چالاکییە ناوکییەکانی دەگرتەوە، _لای زۆر لەو کەسانەی کە لە دەرەوە پێیان وابوو ئەوە کێشەیەکی سەرەکییە و، لە نێوخۆش ئەو ڕێککەوتنەیان بە دەسکەوتێک دەزانی بۆ کەمبوونەوەی فشارەکان لەسەر وڵاتەکەیان و باشتربوونی ژیان و گوزەرانیان_ دڵخۆشییەکی زۆری دروست کرد. هەرچەند بە تێپەڕبوونی تەنیا چەند ساڵ دەرکەوت کە خێروبێری ئەو ڕێککەوتنە و ...

ل٢




ساڵی ٩٦ی هەتاوی کە ڕابرد، گەورەترین شەپۆلی ناڕەزایەتییە گشتییەکانمان بە دژی کۆماری ئیسلامی بینی. ساڵی نوێی هەتاویش دەسپێکەکەی لە کوردستان بە مافخوازی و ناڕەزایەتی بووە.

سەرەڕای زۆر کۆسپ و ئاستەنگ کە لە بەرامبەر بەڕێوەبردنی بۆنە نەتەوەییەکانی نەورۆز خرانە بەردەم چالاکانی مەدەنی، بەڵام خەڵکی کوردستان بە نەورۆزی جامانەکان پیشانیان دا کە هەموو کات بۆ پرسە نەتەوەییەکان و بەرگری لە شوناس و چارەنووسیان لە مەیداندا ئامادەن و ئامادەشن تێچووی ئەو مافخوازییە بدەن، وانەیەک کە لە پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کۆمارە جوانەمەرگەکەیانەوە فێری بوون و میراتێک کە لەوڕا بۆیان بەجێ ماوە.

لە درێژەی ئەم ڕەوتی مافخوازییەدا بینیمان کە لە ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوەدا لە چەند شارێکی کوردستان مانگرتن و کۆبوونەوە و ناڕەزایەتیدەربڕینەکان دەستیان پێکردەوە. لە جوانڕۆ، مەریوان، بانە و سەقز خەڵکانی کۆڵبەر و بازاڕی بۆ ناڕەزایەتیدەربڕین بە داخرانی بازاڕچە سنوورییەکان و ڕێگری لە هاتوچۆی کۆڵبەران لەبەردەم فەرمانداریی ئەو شارانە کۆبوونەوە.

هەروەها مانگرتنی کرێکارانی کارخانەی فریکۆی سیرجان، کۆبوونەوەی کرێکارانی لەسەر کاردەرکراو لە شارەکانی ڕەی و ساوە و، بانگەوازی مامۆستایانی قوتابخانەکان بۆ نەچوونە سەر پۆلەکانی خوێندن لە ڕۆژی ١٤ی خاکەلێوە (یەکەم ڕۆژی خوێندنی ساڵی نوێ) پێمان دەڵێن شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییەکان لەمساڵیشدا بەربڵاوتر لە ساڵی ڕابردوو بەردەوام دەبێ.

## دەسپێکی ناڕەزایەتی و مانگرتن لە کوردستان لە ساڵی نوێدا

ڕۆژی سێشەممە، ١٤ی خاکەلێوە دوکاندار و خەڵکی بازاڕیی بازاڕچە سنوورییەکانی شارەکانی مەریوان، جوانڕۆ، سەقز و بانە مانیان گرت.

مانگرتن و ناڕەزایەتیی ئەو کاسبکارانە بەهۆی بەردەوامیی داخرانی سنوورەکان و ڕێگری و درێژەی بەربەستەکان بۆ کار و کاسبیی کۆڵبەران بووە و ناڕەزایەتییەکان لە جوانڕۆ لەبەردەم فەرمانداریی ئەو شارە بەڕێوەچووە.

خەڵکی ناڕازی داوا دەکەن بازاڕچە سنوورییەکان و ڕێگای هاتوچۆی کۆڵبەران بکرێتەوە، گومرکی کەمتر بخرێتە سەر کاڵاکان و کرێی دووکان و تێچووەکانی گواستنەوە کەم بکرێنەوە.

داخستنی سنوورەکان لە کوردستان بە بڕیاری سپای پاسداران بووە و ئەوەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر ژیانی دەیان هەزار کەسی خەڵکی شار و ناوچە سنوورییەکان بووە کە ژیانیان لەسەر کۆڵبەری و بازاڕچەکان هەڵدەسووڕێ.



## سەدی ٨٢ی کرێکارانی ئێران کەوتوونە ژێر هێڵی هەژاری

سەرەڕای تێپەڕینی دوو حەوتوو لە ساڵی نوێی هەتاوی بەڵام پەروەندەی لانیکەمی هەقدەستی کرێکاران لە ئێران هێشتا نەبەستراوە.

شورای باڵای کار لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ڕابردوودا ڕایگەیاند کە هەقدەستەکان سەدی ١٩ زیاد دەکرێن، بەڵام خاوەنکاران دژی بەرزبوونەوەی مووچە و هەقدەستی کرێکارانن و بڕیاری کۆتایی قەراربوو دوای پشووی نەورۆز بدرێ.

لە ئێستادا لانیکەمی هەقدەستەکان یەک میلیۆن و ١١٤ هەزار تمەن ڕاگەیەندراوە، بەڵام خاوەنکاران لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەقدەستەکانی دەبێ سەدی ٨ بەرز بکرێنەوە و دەمێنێتەوە کرێکاران کە بۆ خۆیان هیچ نەخشێکیان لە بڕیاری بەرزکردنەوەی هەقدەستەکاندا نیە. ئامارەکان دەڵێن لە ئێستادا سەدی ٨٢ کرێکارانی ئێران هەقدەستەکانیان لانیکەم یەک میلیۆن و ٤٠٠ هەزار تمەنە کە بە لایەکی خەرجییەکان ڕاناگا و بە تەواوی لە ژێر هێڵی هەژاری دان.





نەتەوەیەکی دادخواز و ڕێبەرانی دادگەر/٣



ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی خەباتێکی فرە ڕەهەند/٤



ڕێبازێک لە کوردایەتی/٦



کوردستان لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی.../٧



سەردەمی پاکڕەوشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر چووە/٩



بزەی شەهید هەڵناوەرێ/١١

کوردستان
ژمارە:٧٢٣
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠١٨

# پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان



خەدیجە مەعزووری

**بنەماڵەی خۆشەویست و سەربەرزی شەهیدان!**
**کادر و پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**
**بەشدارانی بەڕێز!**

ئەمڕۆ وێرای بنەماڵەی شەهیدان لەو ڕێورەسمەدا لە دەوری یەک کۆبووینەتەوە تا دەست لە سەر سینگ و سەر لە پێناو لە بەرانبەر ڕووحی بێخەوش و خۆنەویستی شەهیدانی بە ئاوات نەگەیشتوو بە تایبەت ڕووحی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر و یارانی ڕاوەستین و، یاد لە سەڕوەری و لە خۆبوردووییان بکەینەوە و وەفا بە عەهد بکەین و لە سەر خۆمان بیکەینە فەرز و واجب؛ هەمیشە و هەموو ساڵێ لە ١٠ی خاکەلێوە کە بە ڕۆژی شەهیدان ناودێر کراوە، بە دەسکە گوڵی وەفا و پێزانین سەردانی بنەماڵە و گڵکۆی پیرۆزی شەهیدان لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا سەریان نابێتەوە و چووبنە خەوی ئەبەدییەوە بکەین و پەیمان لە گەڵ بنەماڵەی شەهیدان و لە گەڵ ئەو باوەڕەی سەری بەرزیان بۆ دانا و بە تایبەت لە گەڵ ڕووحی شەهیدانی ئەم دواییانەمان نوێ بکەینەوە و بڵێین:

شەهیدانی ڕووسووری کوردستان! دڵنیاتان دەکەین خەباتی پێشمەرگە و هاوسەنگەرەکانت بە گوڕ بەردەوامە و ئاوات و ئارەزوو و ئەو خەونە زێڕینانەی بۆ ڕزگاریی کوردستانی نامراد دەتاندی و هەوڵتان دەدا و لە پێناویشیدا سەری سەربەرزتان دانا، درێژەی هەیە. مەشغەڵی داگیرساو بە خۆێنی ئێوە ناکەوێتە عەرز تا ئەو ڕۆژەی پێشمەرگە و منداڵە خۆشی نەدیوەکانتان بە بزەی ڕەزا مزگێنیی سەرکەوتن بە ڕووحی پاکتان دەگەیەنن. ئێوە سەروەران، لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتتان بە خوێنی خۆتان نووسیووە و سەنەدی ڕەوایی و بوونی گەلێکی خاوەن شوناس و پێناسەی خۆی مۆر کردووە و بۆ ئەبەد چەسپاندووە. ئێوە فێری نەوەی نوێتان کرد، کە بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوا و ئینسانیی گەلەکەمان سەر لە ڕێدا بن و لەمەرگ نەترسێن بۆ ژیان، و لە بەرانبەر دەستی باڵای ناعەداڵەتیی سەرەڕۆیاندا سەر دانانەوێنین و بێدەنگ نەبین و سەرمان و ڕووحمان بەرز و قایم ڕاگرین. لە پێشەوای ڕێبەر و گەورە پیاوی کورد و هاوڕێیانی فێری جوانمێری و نەتەوەخۆشەویستی و خاک خۆشەویستی بین و چۆن بۆ گەل بژین و چۆن ئەگەر پێویست بوو بۆ گەلیش بمرین و سەر دانێن، ئەوە ڕەوشت و کردەوەی جوانمێرانەی ڕێبەران و پێشەنگانی بزووتنەوە بووە. لە نێو گەلی کورد و ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا ئەو نۆرمە پڕ بەهایانە بوون بە عورف و نەریتێکی باو و خۆنەویست، نەریتێک کە دوژمن لێی تۆقیوە.

مەرگ ناخۆشە بەڵام لە پێناو ئاسوودەیی و بەختەوەریی گەلێکی مەینەت چێشتوو و نامراددا ئەو هۆنراوە پڕ مانایە دێنێتەوە بیر کە لە سەر گڵکۆی پیرۆزی قاسملوی نەمردا نووسراوە: «مەرگێک لە ڕێی نیشتمان بێ سەد ژیانی بە قوربان بێ، ئاواش نەبا هەر دەمردم کەسیش یادی نەدەکردم»...

کاتێک بە هۆی ڕێژیمی سەڵتەنەتییەوە لە١٠ی خاکەلێوەدا پێشەوای سەرکۆمار و یارانی لە دار دران تا بە خەیاڵ کێشەی نەتەوەیەک لە کوردستان بنبڕ بکەن و داوا ئینسانی و داخوازییەکانی پێشەوا و گەلی کورد و ئەو نۆرمە پڕ بایەخانەی لە چاڵ بخەن، نەیانزانی مەرگی پێشەوا بۆ گەلی کورد، ئەگەر کۆستێک و خەمێک و خەسار و لە دەستچوونێکی گەورە بوو، بەڵام پێچەوانەی نەترەی لەش بووو، هێز و زیندووبوونەوەیەکی دووبارەی کورد بوو. بۆ گەلی کورد زەنگی وریایی و وشیاربوونەوە بوو کە دوژمنانی ڕەنگاوڕەنگی نەتەوەکەی باش بناسێ. لەو کات ٧١ ساڵ تێ دەپەڕێ، گەلی کورد نە تەنیا لە داوای مافە ئینسانییەکانی پاشەکشەی نەکردوە بەڵکوو بۆ وەدیهێنانیان سوورتر و پێداگرتر و لە خۆبوردووتر کردوە و نموونەکەشی لەو بوارەدا بە هەزاران شەهیدی پێشمەرگە، بە هەزاران شەهیدی بێدیفاع، بە هەزاران لاوی گوللەباران کراو، کە لە پێناوی ئەو مافانەدا بوونەتە قوربانی و لە داهاتووشدا ئەم قوربانیدانە تا گەیشتن بە ویستەکانی گەلی کورد هەر بەر دەوام دەبێ.

**بەشدارانی بەڕێزی کۆڕیادی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان!**

ئێمە لە کاتێکدا یادی شەهیدانی هەمیشە زیندووی گەلەکەمان لەو ڕۆژەدا دەکەینەوە کە حیزبی دێموکرات ساتێک وچانی نەداوە و لەو بوارەدا مێژوویەکی درێژ لە خەبات و بەرخۆدانی هەیە، لە هەموو شێوە و ڕەهەندەکانی خەبات کەلکی وەرگرتووە، بۆ ئەوەی ڕێگای گەیشتن و سەرکەوتنی گەلەکەمان بە ئاوات و ئامانجەدێرینەکانی نیزیکتر بکاتەوە و ڕووحی چاوەڕوان و نەسرەوتووی شەهیدانیش ئارام کاتەوە. مخابن ڕێژیمە سەرەڕۆکان وەڵامیان بە داخوازییەکان هەر سەرکوت و گرتن و بێسەروشوێن کردن وزیندانی و ئەشکەنجە و ئێعدام و سێدارە و تیرۆر بە هۆی سیخوڕانییەوە بووە و، ئەو کردەوانەش نە تەنیا وڕەی خەباتگێڕانی دانەبەزاندوە و بە وڕەتر ڕەوتی بەربەرەکانییان درێژە داوە. ئێمە پشت قایم بە هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بەڵێنی مانەوە لە مەیدانی دیفاع لە گەڵ و بەربەرەکانی و سەربەرز ڕاوەستان، بە بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان بە گشتی دەدەین، پەیمانی وەفاداری و ئەمەگناسی خۆمان لە گەڵ قازی محەممەد، سەرکۆمار و هاوڕێیانی کە جوانمێرانە و ئازایانە چوونە بن داری ئێعدام نوێ دەکەینەوە و دووبارە و هەمیشە تێ هەڵدەچینەوە.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

کۆماری ئیسلامی نەتەوەیەک بە ناوی کورد ناناسێ و نیزیک بە ٤٠ ساڵە بە ئاشکرا کێشە و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد و کەمە نەتەوە و کەمە ئایینییەکانی دیکەی ژێر پێ خستووە و سیاسەتی هەلاواردنی دژ بەوان گرتۆتە بەر. هەروەها نە تەنیا ئاور لە ویستی گەلێکی خاوەن مێژوو و شوناسی نەتەوەیی ناداتەوە، بەڵکوو بە شێوە و ڕێگەی جۆراوجۆر ئینکاری هۆوییەتی کردوە و بێ حورمەتی بە داخوازییەکانی کردوە و، زوڵم و ستەمی پێ ڕەوا بینیوە، وەک بێگانە و هاونیشتمانییەکی کەم بایەخ سەیری کردوە، بۆ بەردەوامبوونی دەسەڵاتی نەگریسیان فەرهەنگی ناحەز و دزێوی پەروەردەی سیخوڕ و کورد بە کورد بە کوشتدانی کردۆتە باو و، فەزای کوردستانی ژەهراوی و تەماوی کردوە و دەرەتانی نەفەسکێشانی بە ئاسوودەی ژیانی لە خەڵک بریوە و ڕەوایی بە دیاردە وێرانکەر و دزێوەکانی وەک مووخەدەرات و فەحشا داوە و زیندانی لەمێرمنداڵان و ڕووناکبیران و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد ئاخنیوە و نایەکسانی و ناعەداڵەتیی کۆمەڵایەتی کردۆتە پیشە و، هەر تاوناتاوێک بە وەپاڵنانی کردەوەیەکی ناحەز لاوێکی زیندانی کورد دەکاتە قوربانی. بەڵام بە خۆشییەوە سەرەڕای تەنگەبەرکردنی مەیدانی چالاکی و برەوپێدانی ئەو هەموو دیاردە نەخوازراو و دزێوانە و زەخت و فشارهێنانی لە ڕادەبەدەر، خەڵک بە پشتبەستن بە حیزب و هێزی پێشمەرگەی پارێزەر گەرموگورتر بۆ کێشە نەتەوایەتییەکانیان هاتوونە مەیدان، لەکار و چالاکییەکانیاندا بەردەوامن و نەوەستاون و گەلەکەیان لە بیر نەچۆتەوە و دەرفەتەکان بە قازانج و بەرژەوەندیی گەلی کورد دەقۆزنەوە. لە هەلەکان کەڵک وەردەگرن و بە ئامادەیی دێنە مەیدان. بۆ وێنە خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربرینی بوێرانە و بێ وێنەی خەڵک لە مانگی بەفرانباری ڕابردوو کە پایەکانی ڕێژیمی وەلەرزە خست و دەسەڵاتدارانی لە بنەڕەتڕا تووشی وەحشەت و دەستەوەستان کرد. چاوەڕوانین لە داهاتوویەکی نیزیکدا جموجۆڵەکان ببووژێنەوە و لە نیهایەتدا خەونی تێکەوەپێچانی تۆماری تەمەنی ئەم ڕێژیمە بێتە دی.

لەم ڕۆژەدا واتە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، سڵاو دەنێرین بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردستان و جارێکی دیکە دووپاتی دەکەینەوە، لە بەرانبەر بنەماڵەی سەربەرز و ڕووسووری شەهیدان، لە بەرانبەر دوانەفەس و بزەی شەهید، لە بەرانبەر گڵکۆی بە قسڵ ڕازاوەی شەهیدان، هەروەها لە بەرانبەر قورس و قایم ڕاوەستان و بەردەوامیی خەبات و چالاکیی پێشمەرگەکانی کوردستان و پارێزەرانی کوردستان سەری نەوازش دادەنوێنین و پێیان دەڵێن: بەڵێن بێ و دڵنیا بن ڕێگاکەتان درێژە دەدەین تا سەرکەوتن. سەری ڕێز و گەورەیی دادەنوێنین لە بەرانبەر کەسوکاری شەهیدان و منداڵە هەناسەساردەکانی شەهیدان، لە بەرانبەر خەونە وەدینەهاتووەکانیان لە بەرانبەر شاخ و دۆڵ و هەر شوێنێک کە پێشمەرگە لێی وچانی دابێ و لێی تێپەڕیبێ و حەسابێتەوە یا بە گوللەی دوژمن جەستەی پیرۆزی پێکرابێ و خوێنی بە ناحەق ڕژابێ و، یا لە بەرانبەر سەری بەرزی شۆڕەلاوێکی کورد بە ناحەق گوللەباران و ئێعدام کرابێ.

سڵاو لە گیانی پاکی ڕێبەران و سەروەرانی شەهید قازی و قاسملوو و شەرەفکەندی !

سڵاو لە گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری!

سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی!

**١٠ی خاکەلێوەی١٣٩٧**
**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی**

درێژەی:

## کۆماری ئیسلامی و کێشە تازەکانی بەردەمی

گەڕانەوەی بەشێک لە پووڵە بلۆککراوەکانی ئێران هیچی لە ژیانی خەڵک نەگۆڕی و تەنیا بۆ خزمەتی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و درێژەدان بە سیاسەتە چەوتەکانیان بوو. ئێستاش کە ئەوان نەیانتوانیوە نیازپاکیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی چاویان بڕیوەتە ئێران و دەیانویست بەم جۆرە ڕێککەوتنانە ئێران بگەڕێننەوە باوەشی کۆمەڵگەکە هەست پێبکەن و، بە پێچەوانەی ویستی ئەو وڵاتانە لە جیاتی ئارامکردنەوەی بارووودۆخەکە و پێڕاگەیشتن بە وڵات و خەڵکەکەی درێژەیان بە سیاسەتی شەڕەنگێزانەیان دەدا، دیسان باسی ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بە دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناوچە و هەڕەشەکانیان لە دژی بەرژەوەندییە ناوچەیی و جیهانییەکانی ڕۆژاوا و وڵاتانی ناوچە وەک بابەتێکی گرینگ هاتوەتەوە نێو باسە سەرەکییەکانی دەوڵەتمەدارانی ئەو وڵاتانە.

لە ئەمریکا کە لایەنی سەرەکیی وتووێژەکانی وڵاتانی ١+٥ بوو، بە دوای گۆڕانی سەرۆککۆمار و بە دەسەڵاتگەیشتنی، دۆناڵد ترامپ هەر زوو بەجێگەیاندنی بەڵێنەکانی سەردەمی هەڵبژاردن کە پێداچوونەوە بە نێوەرۆکی بەرجام بوو و بە خراپترین ڕێککەوتنی ئەمریکای ناو دەبرد خستە بەرنامەی کاری خۆیەوە. ناوبراو لە یەک ساڵی ڕابردوودا چەند جار خۆی لە پێبەندبوون بەو ڕێککەوتنە بوارد و بەردەوام هەڕەشەی کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە دەکا. هەرچەند لە سەرەتاوە وا لێکدەدرایەوە کە دەوڵەتی ترامپ لە بەرامبەر شەریکە ئورووپاییەکانیدا بە تەنیا دەمێنێتەوە، بەڵام پێداگریی سەرۆککۆماری ئەمریکا و بە تایبەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ئیدارەی کۆشکی سپی کە بە مەبەستی یەکدەنگکردنی هەڵوێستی کۆشکی سپی بەرامبەرکۆماری ئیسلامی لێکدەدرێتەوە، بەرەبەرە بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپای پەلکێشی نێو کێشەکە کردەوە و ئەگەر بە تەواویش لەگەڵ ئەمریکا هاوڕا نین بەڵام بۆ ڕاگرتنی باڵانسێک لە پێوەندییەکانیاندا، بوونە بەشێک لە زیادکردنی فشارەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی.

لە ناوچەی پڕ کێشەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا، زۆر لە وڵاتانی عەرەبی نە تەنیا بێدەنگیی درێژماوەی خۆیان بەرامبەر بە دەستدرێژییەکانی ئێران بۆ سەر وڵاتانی عەرەبی ناوچە شکاندوە بەڵکوو بەشێکی بەهێزیان بە چاوساغیی سعوودییە و پشتیوانیی ئەمریکا و هاوکاریی ئیسرائیل، بەردەوام لە کۆبوونەوەدان هەتا هێز و ڕێوشوێنێکی وەها دیاری بکەن کە بتوانن بەر بە دەستدرێژیی زیاتری ئێران لە ناوچەدا بگرن. ئەوان دەیانەوێ کۆماری ئیسلامی شەڕەکانی بباتەوە حەساری ماڵی خۆی. شوێنێک کە دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەردا سەپاندووە و هەموو ئەو ساڵانە بە بەهانەی شەڕ لە دەرەوەی سنوورەکانی و یارمەتیدان بە برایانی موسوڵمانی لە جیهاندا، خەڵکی ئێرانی بێبەش کردوە لە هەموو مافە ئینسانییەکانیان و ئەگەر دەنگێکی دژ بەوانیش بەرزبووبێتەوە، زۆر حاسان لە ژێر ناوی «محارب» و دژی بەرژەوەندییەکانی وڵاتی ئیسلامی سزا دراون. بەڵام داخۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران کە دوای ئەو هەموو ساڵەی سامان و خەڵکی ئێرانیان کردە سووتەمەنی ئەو شەڕانەی لە دەرەوە هەڵایساندوە ئێستا کە هەم لە دەرەوە و لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەوە لە دوور و نزیک کەوتوەتە ژێر فشار و هەڕەشە و هەم لە نێوخۆی وڵات کەوتوەتە بەر ڕق و نەفرەتی خەڵکی وەزاڵەهاتووی وڵات، دەتوانن لە هەر دوو بەرەکەدا ئەم شەڕە درێژە بدەن؟ لە حاڵێکدا کە ئێستا ئێتر نە لاوانی ئێران ئامادەن وەک ڕابردوو چاوبەستراو خۆیانیان بۆ بە کوشت بدەن و نە باری ئابووریی داڕماوی وڵاتیش دەتوانێ هەزینەی درێژەدانی ئەو شەڕانە و یارمەتیدانی ئەو هەموو گرووپە تێرۆریستییە دابین بکا. ئەگەر جاران ئەوان پشتیوانیی خەڵکی ئێرانیان لە ڕێژیمەکەیان بە چاوی دنیادا دەدایەوە ئێستا هەر ئەو خەڵکەیە کە دەنگی بڵندیان بە هاواری دژی دەسەڵاتداران و ڕێژیمەکەیان دنیای وەخەبەر هێناوە کە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و خەڵکی ئێران لە دوو بەرەی جیاوازدان. ئەوان لە بەرەی شەڕ و پەرەپێدانی تێرۆریزمدا و ئەمانیش لە بەرەی ئاشتی و پێکەوە ژیان لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا. بەمجۆرە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشەوە کە هەرکام دەتوانێ بە نۆرەی خۆی زیاتر بەرەو لاوازی و نەمانی یەکجاری پاڵیان پێوە بنێ.

کوردستان
ژمارە: ٧٢٣
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠١٨



تاهیر قاسمی

# نەتەوەیەکی دادخواز و ڕێبەرانی دادگەر

کە لاپەڕەکانی تەمەنی کەم بەڵام بە نرخ و بە بایەخی کۆماری کوردستان هەڵ دەدەینەوە، سەرەڕای هەوڵ و تێکۆشانی لاوانی دڵسۆز و ڕووناکبیر، مرۆڤ بە تەواوی هەست بەو ڕاستییە دەکا کە ئەگەر پێشەوا قازی محەممەد تێکەڵ بەو بزووتنە سیاسییە نەبوایە و ڕێبەریی بزووتنەوەکەی بە دەستەوە نەگرتبا، ئاستەم بوو کۆماری کوردستان لە مێژوودا ئاوا تۆمار بکرێ و لە تاریکەسەلاتی مێژووی کورددا وەک گەوهەری شەوچرا، تاهەتایە بدرەوشێتەوە.

پێشەوا پێش ئەوەش کە تەقلی ڕێکخراوێکی سیاسی بێ، ڕێبەرێکی کۆمەڵایەتی _ سیاسی و جێی متمانەی خەڵک بوو. «ژێکاف»ییەکان پێشوەخت مەزنی، خۆشەویستی، نەتەوەپەروەری و نیشتماندۆستیی ئەو پیاوەیان ناسیبوو. دەرکیان بەوە کردبوو کە لەو هەلومەرجەدا پێویستە جڵەوی خەباتەکە ڕادەستی ئەو ڕێبەرە نەتەوەییە بکرێ. هەر بۆیە بڕیاریان دا چۆنی بۆیان دەکرێ هەوڵ بدەن قازی بۆ نێو ڕیزەکانی ڕێکخراوەکەیان ڕابکێشن. ئەو قورسایی و متمانەیەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە نێو خەڵکی کوردستاندا هەیبوو، لە لایەک دەرەنجامی میراتێک بوو کە لە باپیرانیەوە بۆی مابۆوە و لە لایەکی دیکە بەرهەمی کەسایەتیی ئەو وەک خۆی و ئەو متمانە و خۆشەویستییە بوو کە لە پلەی دادوەری و دادئەستێنیی خەڵکەکەیدا، دەستەبەری کردبوو. بەڵام گەیشتنی قازی و دادوەرێک بە پلەی ڕێبەریی خەڵک، لە نێو ئەو خەڵکەدا کە قازییان بە پێشەوای خۆیان هەڵبژارد، ڕەگی لە فەرهەنگ و لە ڕابردووی زۆر کۆنی ناوچەکە دایە و میراتێک بوو کە لە قووڵایی مێژووڕا بە وەچەی ئەو سەردەم گەیشتبوو.

لە ئۆستوورەی میترادا، کە میترائیسم بۆ سەردەمێکی درێژ ئایینی کۆنی دانیشتووانی بەشی هەرە زۆری کوردستان بوو، میترا دوای ئەوەی جیهانی ڕێکخست و ژیان لە سەر هەردی خوڵقاند، کاروباری بەڕێوەبردنی ئەم جیهانەی بە سەر چەند فریشتە یان مەلایکەتدا دابەش کرد و بۆخۆی وەک هێما و نموونەی بەرزی داد و عەداڵەت، سەرانسوێی کاروباری ئەوانی دەکرد تا ئەوان عادڵانە بە سەر خەڵکدا حوکم بکەن. لە ئۆستوورەکانی کورددا ئەگەر مەلایکەت یا خێوێک پەردەی داد و عەداڵەت بدڕێ، ئەوە لە گەڵ سزای میترای خودای عەداڵەت بەرەوڕوو دەبێتەوە. ڕوون نیە کە کۆمەڵی کوردەکان لە کەنگێوە ئەوەندەیان هەست بە زوڵم و زۆر کرد کە میترایان وەک خودای داد و عەداڵەت هەڵبژارد، بەڵام هەڵبژاردن و خۆشەویستیی زۆری ئەو نیشانەی ستەمی زۆر لە سەر خەڵک و، پێویستی و ئۆگریی زۆری خەڵک بە دادگەر و دادئەستێنە.

میترا کەسایەتییەکی ئاسمانی و خوڵقاوی زەینی دادخوازانەی مرۆڤی کورد بوو، بەڵام لە ڕەوتی مێژوو، بە کردەوە، لە سەر هەرد و لەو هەرێمە، تووشی هەڵبژاردنی یەکەم ڕێبەر بە هەمان پێوانەی دادگەر و دادئەستێن دەبین. ئەویش دیاکۆ، بناخەدانەری دەوڵەتی میدیایە. هێرۆدۆت لەو بارەوە دەگێڕێتەوە: «لە نێو میدییەکاندا مرۆڤێکی وشیار و زیرەک بە ناوی دیاکۆ، کوڕی فەرائورت هاتە مەیدان. ناوبراو ئەو کاتە قازی بوو... دیاکۆ سەرەتا لە شارۆچکەکەی خۆی و دواتر لە سەرانسەری وڵاتدا بوو بە خاوەن ناو و ناوبانگ و ڕێز و حورمەت... تێکۆشانی ئەو ڕاست لەو سەردەمەدا بوو کە لە وڵاتی میدیادا بێسەرەوبەرەیی حاکم بوو... دیاکۆ دەیزانی کە ناهەقی، دوژمنی سەرەکیی حەق و ڕاستییە... میدییەکان کاتێک چاویان بە ئەخلاق و ڕەفتاری باشی ئەو کەوت، وەک قازیی خۆیان هەڵیانبژارد.»(١) بە وتەی هێرۆدۆت، دیاکۆ لە پلەی دادوەریدا ئەوەندە عادڵانە بڕیاری دەدا کە وای لێ هات خەڵک لە سەرانسەری وڵاتەوە کێشە و ناکۆکییەکانی خۆیان بۆ لای ئەو دەبرد «چونکە دەیانزانی هەردوو لایەن دادگایی بەرهەق دەکرێن.»(٢) ئەم متمانە زۆرەی خەڵک سەرەنجام دیاکۆی بە پلەی هەرە بەرزی دەسەڵات گەیاند و لە لایەن گەورە و مەزنانی میدیاوە بە پاشای وڵات و بناخەدانەری پاشایانی ماد هەڵبژێردرا.

مێژووی نەنووسراو یان سڕاوە زۆر شتی لێ ون کرووین بەڵام ئەم ڕۆحی دادگەری و داخوازییە، بێ ئەوەی ئاگای لە مێژوو هەبێ، لە هەناوی مرۆڤی کورددا، بەردەوام بووە. کەریم خانی زەند کە هیچی لە پاشایانی دیکە کەم نەبوو، بە قەولی مامۆستا هەژار(٣) هەر چونکە کورد بوو، ئامادە نەبوو ناوی پاشا لە سەر خۆی دابنێ و خۆی وەک «وەکیل الرعایا» یان پارێزەری هەژاران دەناساند.

دادخوازیی نەتەوەیی و دادگەریی قازییەک، هەزاران ساڵ دوای هەڵبژێرانی دیاکۆی دادوەر بە یەکەم پاشای میدیا و سەدان ساڵ دوای خۆناساندن بە پارێزەری مافی هەژاران لە لایەن کەریمخانی زەند، لە نێوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا جارێکی دیکە یەکیان گرتەوە. قازیی خۆشەویست و جێی متمانەی خەڵک، بوو بە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، حیزب کۆماری کوردستانی دامەزراند و پێشەوا لە نێو پێشوازیی گەرموگوڕی خەڵکدا لە چوارچرای مەهاباد، بە یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان هەڵبژێردرا. بەڵام ئەوە تەنیا قەزاوەت و دادوەری نەبوو کە پێشەوا نەک هەر ئەو سەردەم بەڵکوو هەتا ئێستاش لە زەینی مرۆڤی کورددا بە ڕێبەرێکی عادڵ و دادگەر ماوەتەوە. لە ڕاستیدا پێوەندیی نێوان پێشەوا لە حاند دادگا بە سێ قۆناخ یان سێ بوار دابەش دەکرێ کە لە هەر سێیاندا کارنامەی سەربەرزانەی تۆمار کردوە:

یەکەم؛ پێشەوا وەک قازی و دادوەر کە توانایی و عەداڵەتگریی ئەو لە دادئەستێنی و یەکلاییکردنەوەی کێشەکاندا خۆشەویستی و متمانەی زۆری خەڵک بۆ ئەوی لێ کەوتەوە. هەمان خۆشەویستی و متمانە کە بە میترا هەبوو یان دیاکۆ لەو کارەدا و لەو بوارەدا بۆخۆی دەستەبەر کرد. هەر ئەوە کە تا ئێستاش نەبیستراوە تۆمەتبار یان حەقخوراوێک لە ئەنجامی دادگایی و دادوەریی قازی محەممەد دڵمەند و بە گلەیی بووبێ، گەورەترین نیشانەی دادگەری و توانایی ئەو مرۆڤە لە یەکلایی کردنەوە و چارەسەری کێشەکانی خەڵک بووە.

دووهەم؛ پێشەوا قازی محەممەد وەک سکاڵاکەر یان سکاڵا لێکراو. ئەویش لە کاتێکدا کە سەرۆک کۆماری کوردستان بوو. میرزا عەولای قازی دەگێڕێتەوە؛ «ئەو کات کە سەرۆک کۆمار بوو، ئەو هەمووە دەستی دەڕۆیی، باغێکی ترێی لە نیزیک باغی ساوا هەبوو کە باغەوانەکەی زوڵمی لێ دەکرد و کرێی نەدەدایە. پێشەوا لە دادگوستەریی کۆمار لە لای قازی کەریم شکایەتی لە کابرای باغەوان کرد کە باغەکەی لێ خواردوە و هیچی ناداتێ. کابراش دەیگوت خەرجم زۆر لێ کردوە و دەرینەهێناوەتەوە. لە ئاخریدا بە موسالحە گوزەرا و کابرا شتێکی دا بە پێشەوا.»(٤) بە پێی گێڕانەوەی خاتوو رابیعە ناهید، باخەوان شکایەت لە پێشەوا دەکا و بەوە تۆمەتباری دەکا کە ویستوویەتی لێی بدا(٥). وێدەچێ هەردوو گێڕانەوە ڕاست بن. هەم پێشەوا شکایەتی لە کابرای باغەوان کردوە و هەم کابرای باغەوان بۆ دیفاع لە خۆی ئیدیعای کردوە کە پێشەوا خەریک بووە لێی بدا. بەڵام هەردوو گێڕانەوە ئەوە دەردەخەن کە پێشەوا لەگەڵ باخەوانەکەی کێشەی هەبووە و کێشەکەیان بردووەتە بەر دادگا. ئەمەش نیشان دەدا کە لە سایەی دەسەڵاتی قازی محەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستاندا، باخەوانێک دەخۆی ڕادیوە کە کرێ بە سەرۆک کۆمار نەدا، سەرۆک بۆ ئەستاندنی مافی خۆی لە جیاتی بەکارهێنانی زۆر، پەنا بۆ دادگا و یاسا ببا و لەوێش باخەوان بتوانێ بەرگری لە خۆی بکا و تەنانەت تۆمەتی ئەوەش لە سەرکۆماری کوردستان بدا کە دەستی لێ هەڵێناوەتەوە و ویستوویەتی لێی بدا.

سێهەم؛ پێشەوا وەک تۆمەتباری سیاسی لە بەردەم بێدادگای دەسەڵاتی حەمەڕەزاشادا. بێدادگایەک کە بە پێچەوانەی خواست و مەبەستی دەسەڵات، لە سای زانایی و ئازایی پێشەوای مەزندا، بوو بە شوێنی بەرگری لە مافە نەتەوەیی و مرۆییەکانی کورد و بە مەیدانی دادگاییکردنی دەسەڵاتی داگیرکەر. بە ڕادەیەک کە سەرەڕای دۆخی کپ و بێدەنگی سەردەم، هەواڵنێرانی سەر بە دەسەڵات نەیانتوانی ئەو ڕاستییە بشارنەوە. سەروان کیومەرس ساڵح کە وەک هەواڵنێری ئەرتەش شاهیدی ڕەوتی دادگا بوو، لە بابەت بەرگری و بەرەنگاربوونەوەی سەرۆک کۆماری کوردستان ئاوای نووسی: «من لە زۆربەی دادگاکانی مەیدانی و سەربازیدا وەک هەواڵنێر بەشداریم کردووە، بەڵام هەرگیز هیچ کەسێکم بە ڕادەی قازی محەممەد بەجەرگ و بوێر نەدیوە. ئەو لە کاتی دادگاییکردندا نەیدەزانی ترس چییە. زۆر بە بێباکی قسەی دەکرد و وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە.» سەروان شەریفی یەکی دیکە لە ئامادەبووانی دادگا دانی پێدانا کە «لە ڕاستیدا ئەوە پێشەوا بوو دادگای محاکەمە دەکرد». نەجەفقولیی پەسیان(٦) وتەکانی پێشەوا لە دادگای لەو چەند ڕستەیەدا کورت کردەوە و نووسێ: لە کاتی موحاکەمەدا قازی محەممەد پەلاماری دەبردە سەر سیاسەت و ئاکاری دەوڵەتی تاران و دەیگوت؛ «من لە قوژبنی گرتووخانە دەنگی خۆم بەرز دەکەمەوە لە دژی دەوڵەتی تاران و سەرۆکەکانی و دەڵێم تاوانبار ئێوەن نەک ئێمە. ئێوە وڵاتتان لێ داگیر کردووین..»

پێشەوا کە پیاوی یاسا و دادگا بوو، تا دوا هەناسەکانی ژیان لە بەرگری مافە نەتەوەییەکانی نەکەوت. ڕەنگە گرینگترین پەیامی ئەو لە پای سێدارەوە بە گوێی نەتەوەکەی و دوژمنانی نەتەوەکەی گەیی کە گوتی: «ئێوە قازی محەممەدێک دەکوژن، بەڵام بزانن لە هەر تنوکە خوێنێکی من قازی محەممەدێک شین دەبێتەوە. داوا لە گەلی کورد دەکەم خەباتی خۆی لەپێناو ڕزگاریی کوردستاندا پەک نەخا، باوەڕ بە دەوڵەتی خۆفرۆشی تاران مەکەن. بژی کورد و کوردستان»(٧)

***

**سەرچاوەکان:**

١) هێرۆدۆت؛ مێژووی شەڕی پارسەکان – عەلی فەتحی لە یونانیەوە کردوویە بە کوردی
٢) هەمان سەرچاوە
٣) چێشتی مجێور
٤) وڵاتی من – بیرەوەریەکانی حاجی عەولای قازی
٥) وتوویژ لە گەڵ رابیعە ناهید – حەسەن قازی – ماڵپەڕی روانگە
٦) نجفقلی پسیان؛ از مهاباد خونین تا کرانه‌های ارس
٧) شەریف فەلاح؛ ژیان و خەباتی پێشەوا قازی محەممەد سەرۆک کۆماری کوردستان

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران:
## خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەروا بەردەوامە

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی «پێشەوا قازی محەممەد»، سەرۆککۆماری کوردستان، «سەدری قازی» و «حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی»یە. ٧١ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاویدا، پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە چوارچرای شاری مەهاباد، ڕاست لەو جێگایەی پێشەوا قازی، جمهوریی کوردستانی لێ ڕاگەیاندبوو، بە فەرمانی محەممەدڕەزاشای پەهلەوی، لەسێدارە دران و گیانی پاکیان بەختی ئازادی و ڕزگاریی گەل و نیشتیمانەکەیان کرد. چەند ڕۆژ دواتریش ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرانی سوپای میللیی کوردستان و کاربەدەستانی دیکەی حکومەتی کۆماری کوردستان لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان لەدار دران.

بەوجۆرە ڕێژیمی حەمەرەزاشا، دوای ئەوەی کە لەئاکامی گەلەکۆمەکیەکی نێونەتەوەییدا، توانیبووی کۆماری کوردستان لەنێو ببا، بەمەبەستی سەرکوتکردنی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، شەپۆلێکی بەرینی ئیعدام و کوشتن و گرتن و ڕاونان و زەبروزەنگی لە کوردستاندا دەست پێکرد. کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران پێیان وابوو بەو کارە دەتوانن بیری ئازدیخوازی لەنێو خەڵکی کوردستاندا بۆ هەمیشە لە نێوبەرن. بەڵام هەروەک پێشەوا لەکاتی لە سێدارەدانیدا ڕوو بە داگیرکەران ڕایگەیاند: «بەکوشتنی من بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی لە کوردستاندا نەک هەر لە بەین ناچێ، بەڵکوو لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێ»؛ ڕووداوەکانی دواتر ڕەوایی ئەو وتە حەکیمانەی پێشەوایان سەلماندکە گەلی کورد نەک هەر دەستی لە خەبات و بەرخۆدان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەڵنەگرت، بەڵکوو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوون بە ئیلهامبەخشی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاریی نەتەوەیی کورد لە سەرتاسەی ناوچەکەدا. تەنانەت ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەش کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری بە حەقی ڕێژیمی شا، لەماوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا بە دژی گەلی کورد بەکاری هێناوە، بە خەباتی یەکگرتووانەی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان وڵامی توندی پی دراوەتەوە. ئەوەتا ئەمڕۆ لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەبات بۆ ڕزگاریی بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

هەر بۆیە ڕۆژی ١٠ی خاکە لێوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، ئەگەر لەلایەک وەک ڕۆژێکی تاڵ و ناخۆش دەناسرێ، لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوە و نیشاندانی یەکگرتوویی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان دادەنرێ.

ئێستا پاش تێپەرینی حەوت دەیە بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانیدا، دەبینین بزووتنەوەی کورد بۆتە فاکتەرێکی بە هێزی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی لە ئێران و ناوچەکەدا. بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بە باشترین و بەرزترین شێوە خۆی نیشان دەدا. ئەوڕۆ کۆمەڵگەی کوردستان گۆڕاوە و بۆتە کۆمەلگەیەکی فرە چەشن و پێشکەوتوو و پلۆڕاڵ و فرەحیزب. بەڵام هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتیمانی و دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی کوردستان سەرەڕای جیاوازی سیاسیی نێوانیان ڕێز لە کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی دەگرن. ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە پێشەوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، نەک هەر موڵکی حیزبێکی دیاریکراو نین، بەڵکوو هێمای هاوبەشی کوولتوری سیاسیی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبە خەباتگێرەکانی سەرگۆڕەپانی خەباتن لە کوردستان.

پێشەوا قازی چ لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و چ لەوەسیەتنامەکەیدا وەک ڕێبەرێکی میللی و دڵسۆز و شارەزا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە خەباتکارانی گەلی کورد پێویستە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا پتە و یەکگرتوو و هاودەنگ بن و لە نێوخۆشیاندا و لە بەرامبەر یەکتردا لەسەریانە نەرم و دووربین وسینگ فراوان و بە تەحەممول بن.

هەر بۆیە ئێمە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا لە دەوری یەک کۆبوینەتەوە، ئەمساڵ لە ساڵڕۆژی ١٠ی خاکە لێوەدا، سەرەڕای هەموو جیاوازییە حیزبی و سیاسیەکانمان، بۆ جارێکی دیکەش، لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستاندا، پێکەوە پێ لەسەر هاوکاری و هاودەنگی و هاوخەباتی لەگەڵ یەکتر دادەگرینەوە و پەیمان لەگەڵ گیانی پێشەوا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی خەڵکی کوردستان نوێ دەکەینەوە کە ئاڵای خەباتی ئەوان تا سەرکەوتن بەرز و شەکاوە ڕادەگرین.

لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرین و داوا لە خەلکی کوردستان دەکەین هەرچی زیاتر لەدەوری ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان کۆببنەوە و خۆیان ڕێکبخەن و ڕیزەکانی تێکۆشان و سەنگەرەکانی بەربەرەکانی بەهیزتر بکەن. ئەو ڕووحیە خەباتگێرانەیەی ئێوە لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئەو ساڵدا، وەک ڕووداوی بوومەلەرزەکەی کرماشان و پشتیوانی لە کۆڵبەران و یادکردنەوەی نەورۆزدا لەخۆتان نیشانتان دا، بۆ ئێمەش لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆتاندا بۆتە هەوێنی یەکگرتوویی و هاوخەباتیی زیاتر و مایەی دەرس لێوەرگرتن. ئێمە بە هیوا و ئومێدێکی زۆر و ورەیەکی بەرزی خەباتگێرانەوە بەرەو ساڵێکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانی دەڕۆین. لێرەشەوە بەو پەڕی بەرپرسایەتییەوە ڕادەگەیەنین کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێرەکانی ئامادەیی و توانا و زەرفیەتی ئەوە لە خۆیاندا دەبینن کە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا، وەک پارامیترێکی گەورە و کاریگەر و دێموکرات دەوری خۆیان بگێرن و ئەزموونی سیاسیی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نوێی ئەو چوار دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو پێشەوە بەرن.

سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری!

سڵاو لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان !

سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان !

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی**

***

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتووە لە:
حیزبی دێموکراتی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران



## پەیامی سەرەخۆشیی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان



**بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان!**
هەواڵی کۆچی دوایی و ناوادەی کاک دلۆڤان ئیدریس بارزانی لە ناخی دڵەوە خەمباری کردین. کاک دلۆڤان ڕۆڵەیەکی خەباتکاری کورد لە بنەماڵەی بارزانییەکان بوو کە لە پێناو سەرخستنی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورددا زۆری چاشت. نەمر دلۆڤان بارزانی لە هەموو ماوەی ژیانیدا، چ لە ئاوارەیی و چ لە شۆڕش و خەباتی کورددا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەی تێکۆشا، بەڵام مەرگی ناوەخت مەودای نەدا بەری یەکجاریی زەحمەت و خەباتەکەی بە چاوی خۆی ببینێ.
بەو بۆنە خەمناکەوە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە سەرەخۆشی لە بەڕێزتان، جەنابی کاک مەسعوود بارزانی و هەموو بنەماڵەی بارزانییەکان دەکەم و هیوادارم ئەمە دوا خەم و پەژارەتان بێ. ڕووحی نەمر دلۆڤان ئیدریس بارزانی بە بەهەشتی بەرین شاد بێ و ئامانجە بەرزەکانی بۆ سەرخستنی خەبات و شۆڕش و ڕزگاریی نەتەوەیی کورد وەدی بێ.

**براتان مستەفا مەولوودی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٠١٨/٤/٢**

## نوێکردنەوەی پەیمانی وەفا لەگەڵ شەهیدان



بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ساڵرۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرۆککۆماری کوردستان و ڕێبەران و کاربەدەستانی پایەبەرزی دیکەی کۆمار؛ لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گیرا، یاد و ناوی سەرجەم شەهیدانی ڕێگەی ئازادیی کورد و کوردستان بەرز ڕاگیرایەوە. ئەو ڕێوڕەسمە سەرەتا بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەزارگەی شەهیدانی دێموکرات بە دانانی چەپکەگوڵی وەفا لەسەر گڵکۆی شەهیدان دەستی پێکرد و لە برگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا کە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو، پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب لەلایەن خاتوو خەدیجە مەعزووری خوێندرایەوە. خوێندنەوەی چەند شێعر و پێشکێشکردنی چەند سروودێک برگەکانی دیکەی ئەو کۆڕیادە بوون و دوا بەشی ڕێوڕەسمەکەش سەردانی ساڵۆنی ئارشیڤ و وێنەی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو.

**سەعید بەگزادە:**
## زۆرترین زیانی کورد لە سۆنگەی خەیانەتەوە بووە




کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆژی شەممە، ١١ی خاکەلێوە بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان سمینارێکی بۆ کاک سەعید بەگزادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب پێک هێنا. لەو سیمینارەدا کاک سەعید بەگزادە بە ئاماژەدان بە گەورەیی و لێزانی و، لە خۆبوردوویی پێشەوا قازی محەممەد، ئاماژەی بە هێندێک خاڵی وەسیەتنامەکەی پێشەوا کرد کە تێیدا باس لە یەکڕیزی و یەکگرتوویی کراوە. بەڕێزیان هەروەها بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی کۆن و نوێ و بە تایبەت مێژووی خەباتی کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ماوەی ٣ چارەکە سەدەی ڕابردوودا، گوتی: گەلی کورد لە سەردەمی قازی محەممەدەوە تا کوو ئێستاش زۆرترین زەربەی لە خەیانەتی نێوخۆیی و پشتبەستن بە وڵاتە زلهێزەکان خواردوە. وڵاتانی زلهێز لە بەرژەوەندیی خۆیاند سیاسەت دەکەن و پرسی کوردیش تەنیا تا ئەو جێگای بەرژەوەندییان تێیدا هەبێ پشتگیری لێ دەکەن. لە بەشی کۆتایی سمینارەکەدا لەلایەن کومیتەی سویسی حیزبی دێموکراتەوە بە پێشکەشکردنی لقە گوڵ ڕێز لە کۆمەڵێک لە تێکۆشەرانی دێرینی حیزب نرا.

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێویستیی خەباتێکی فرەڕەهەند



ئالان بەهرامی

بزووتنەوەی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک لە ئاستی ئەو چاوەڕوانییانەدا نیە کە لە بزووتنەوەیەکی لانیکەم حەفتا ساڵە، لە فۆرمە نوێیەکەیدا، دەکرێ. ئەم بزووتنەوەیە نەک مەیدانداریی لە دەستدا نەماوە، بەڵکوو لە هەموو ئاستەکاندا لە بەرانبەر سەرکوت و پیلانە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵاتی ناوەندیدا لە کوردستان کەمیی هێناوە. ئەمەش بۆ کۆمەڵێک هۆکاری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە. سەرنجێک لە دۆخی ئێستای لایەنەکانی نێو بزووتنەوە یارمەتی بە ڕوونبوونەوەی هۆکارەکان و لە ڕێگەی ئەویشەوە ڕێگاچارە پێشنیارییەکان دەکا.

### باڵی سیاسیی تاراوگەنشین

باڵی سیاسی و هەرە دێرینی بزووتنەوە واتە حیزب و ڕێکخراوە بەرهەڵستکارەکان بە هۆی کۆمەڵێک هۆکاری وەک پەرتەوازەیی و نایەکگرتوویی و نیشتەجێبوون لە قووڵایی باشووری کوردستاندا و، نەبوونی مێتۆد و شێوازی گونجاو بۆ دەربازبوون لە ئاچمەزی باشوور؛ نەک نەیتوانیوە مەیدانداریی خۆی بپارێزێ، بەڵکوو بەهۆی بێ پەرچەکرداری بەرانبەر بە دەستدرێژییەکانی ڕێژیم لە ئاستی نێوخۆدا و تەنانەت بەرانبەر ئەو زەبرە یەک لەدوای یەکانە کە لە پەیکەری دەکەوێ، خەریکە تۆوی بێهیوایی لە نێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات و تەنانەت خەباتکارانی کوردیشدا دەچێنێ. ئەوە لە حاڵێک دایە ئەم بزووتنەوەیە لانیکەم لە دەیەی شەست و نیوەی یەکەمی دەیەی حەفتای هەتاویدا خاوەنی شکۆ و قورساییەکی تایبەت بوو. بە چەشنێک کە توانیبووی لە نێو هاوکێشەکانی هێزدا جێگای دیار بێ و ورە و غورووڕێکی شۆڕشگێڕانە لە نێو کۆمەڵگەدا بڵاو بکاتەوە. ئەم بەشە لە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوای گۆڕانە ناوچەییەکانی ١٩٩٠، واتە دامەزرانی حکوومەتی هەرێم و داکشان لە قەندیل و چیا سنوورییەکانەوە بەکردەوە کەوتۆتە دۆخێکەوە کە دەرەتانی هەر چەشنە جموجۆڵێکی شوێندانەری لە دەست داوە. ئەم دۆخە لە حاڵێکدا درێژەی کێشاوە کە لەم ماوە درێژەدا بزووتنەوە تووشی جۆرێک لە دابڕان لە دۆخی نیوخۆی ڕۆژهەڵات بووە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە نەتوانێ کەلکی پێویست لەم بزاوتە مەدەنییە وەرگرێ کە ڕاست لەم ماوەیەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا گەشەی کردووە. تەنانەت ئێستاشی لەگەڵدا بێ چەشنێک لێکتێنەگەیشتن و دردۆنگی بەرانبەر هەرچەشنە تێکۆشانێکی سیاسی لە نێوخۆی وڵاتدا لە لای بەشێک لە حیزبەکان بەدی دەکرێ. جیا لەمە بزووتنەوەی سیاسیی ڕۆژهەڵات لەم ماوەیەدا خەساری قورسی مرۆیی و ڕێبەریی وێکەوتوە کە لەم پێوەندییەدا دەکرێ ئاماژە بە تیرۆری ڕێبەران و سەدان کادر و پێشمەرگەی خاوەن ئەزموونی شەڕی پارتیزانی، وازهێنانی چەند هەزار کادر و پێشمەرگە و گیرسانەوەیان لە وڵاتانی دەرەوە یان باشووری کوردستان بکەین. هەمووی ئەوانە لە پەنا ئەوەدا کە دۆخی سیاسیی ناجێگیری باشووری کوردستان و ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردووی هەرێم و ناوچە دەستئاوەڵایی زیاتریشیان بۆ ڕێژیمی تاران لە پێناوی خستنە ژێر فشار، بێدەنگکردن و زەبروەشاندنی زیاتر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات دروست کردووە.

### لە ئاستی نێوخۆدا

دەکرێ بڵێین بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم ماوەیەدا لە ژێر کارتێکەریی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بۆتە خاوەنی شێوە بزاوتێکی مەدەنی و شاری. لانیکەم لە دوو دەیەی ڕابردوودا لە ئاکامی گۆڕانە باسکراوەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو ڕێکخراوی مەدەنی و فەرهەنگی و تەنانەت سیاسییش لە شارە جۆراوجۆرەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە. ئەم ڕێکخراوانە کە بەدڵنیاییەوە لە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردستاندا جێدەگرن، سەرەڕای ئەوە کە لەگەڵ بەربەست و تەنگوچەڵەمەی یەکجار زۆر و تەنانەت سەرکوتی دەزگا سەرکوتکارەکانی ڕێژیمیش بەرەوڕوون، توانیویانە لانیکەم لە ئاستی شوێندانان و یارمەتیکردن بە وشیاری و پێشکەوتنی فەرهەنگیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتدا کاری گەورە بکەن. کورتە ئاوڕێک لە کارنامەی تێکۆشانی تێکۆشەران و ڕێکخراوەکانی بەستێنی فەرهەنگی و مەدەنی دەری دەخا کە ئەوان لە ڕاستیدا پێشمەرگەی داکۆکی لە زمان و فەرهەنگ و گەشەپێدانی کۆمەڵگە بوون و هەن. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لەم ئاستەدا کە ئەم کۆمەڵگە ڕوو لە گەشەیە شیاویەتی دەرەتانی گەشەی نیە. بەم هۆیەشەوە سەرەڕای بەکارهێنانی وزەی کۆمەلایەتیی بەرینی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و هەوڵدان بۆ چوونە نێو هاوکێشە سیاسییەکانی ناوەندیش، نەیتوانیوە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران پێملی لانیکەمێک لە مافە زەوتکراوەکانی کورد بکا. ئەوەش یەکەم بۆ بەرتەسکبوونی مەیدانی تێکۆشانی مەدەنی لە ئێراندا و جۆرێک ڕوانگەی تاکڕەهەندخوازی زاڵ بەسەر بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا دەگەڕێتەوە. کەواتە هەر وەک بە کورتی ئاماژەی پێکرا ئێستا بزووتنەوەی نەتەوەیی لە هەر دوو بەستێنەکەیدا دەرەتانی مەیدانداریی لێ بەرتەسک کراوەتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە ئەم بزووتنەوەیە خاوەنی پوتانسێلی یەکجار بەرین و گەورەی کۆمەڵایەتییە. ئەم پوتانسیەلە مەزنە ئەگەر لە مەیدانی خەباتێکی لێبڕاودا چالاک بکرێ، توانایی ئەوەی هەیە کە گۆڕانی گەورە و هیوابەخش بخولقێنێ.




### ڕوانگەی ئالترناتیڤخواز

بە خۆشییەوە ماوەیەکە ڕوانگەیەکی پرسیارکەر و ئالترناتیوخواز لە نێو حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتدا خەریکی جێگیربوونە. لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە لە مێژە کاتی ئەوە هاتووە ڕوانگە و تێزێکی نوێ لە پێناوی دەرهێنانی بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات لەم دۆخە نەخوازراوە و سەپێنراوەدا بێتە ئاراوە. لە نزیکەی دە ساڵ لەمەوبەریشەوە کۆمەڵە هەنگاوێک لەم پێناوەدا هەڵگیراون، بەڵام ئەم هەنگاوانە تا ئێستا ئەم ئالترناتیوەیان لێ نەکەوتۆتەوە و چاوەڕوانیش ناکرێ بەم هەنگاوانە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵات بچێتە قۆناخێکی نوێوە. ئەم هەنگاوانە بریتی بوون لە:
**یەکەم لە ئاستی نێوخۆدا:** هەوڵدان بۆ دروستکردنی هاوپێوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی مەدەنی و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و پێناسەکردنی پێگە و ڕۆڵێکی نوێ بۆ تێکۆشانی نێوخۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. بەڵام بە هۆی مانەوەی شوێنەوارەکانی ڕوانگەی تاکڕەهەندخوازیی زاڵ بەسەر بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکاندا ئاکامی دڵخوازی لێنەکەوتۆتەوە. بۆیە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە دەبێ ڕاستیی فرەڕەهەندیی خەبات وەک هەیە قبووڵ بکرێ و لە ڕێگای فرەڕەهەندکردنی خەباتەوەیە کە دەکرێ لە هەموو پوتانسیەلەکانی کۆمەڵگە لە پێناوی بوژاندنەوەی خەبات و گۆڕینی باڵانسی هێزدا کەلک وەرگیرێ.
**دووەم لە ئاستی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکاندا:** لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە پێیان وایە ئەم هەنگاوانەی لەم یەک دوو ساڵەی دواییدا هەڵگیراونەتەوە، بۆ وێنە جێگیرکردنی بەشێک لە هێزی پێشمەرگە لە ناوچە سنوورییەکان، ناردنەوەی تیمی بچووک و مام ناوەندی پێشمەرگە بۆ نێوخۆی وڵات، پێکهێنانی ناوەندی هێزە کوردستانییەکان لەگەڵ ئەوەدا هەنگاوی باشن، بەڵام لە ڕادەی پێویستدا نین. خەسارناسییەک لەم هەنگاوانە بەتایبەت جێگیربوونی بەشێک لە هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان لە ناوچە سنوورییەکان و لە پەنا ئەوەدا هەڵسووڕانی دەستە بچووک و مام ناوەندییەکانی پێشمەرگە نەک نەیتوانیوە گۆڕانێک لە هاوکێشەکاندا دروست بکا، بەڵکوو پڕ زیانیش بووە. لە ڕاستیدا دەکرێ بگوترێ بەبێ دەربازبوون لە چوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی باشووری کوردستان و جێگربوونێکی پتەو و قایم لە چەشنی دەیەی ٦٠ی هەتاوی لە چیاکانی کوردستان و یەکخستنی توانای پێشمەرگانەی هەموو هێزەکان، هەڵسووڕان و چالاکیی هێزی پێشمەرگە لە جەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کارێکی نەلواو و ناکاریگەرە. دیارە لە پەنا ئەم هۆکارە سەرەکییەشدا دەبێ ئەم ڕاستییەش لە بەرچاو بگیرێ کە توانای نیزامی و تێکنیک و تێکنۆلۆژییە هەواڵگرییەکانی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمیش دەبێ وەک ئێستا هەیە بخوێندرێتەوە و، بە شێوەی گونجاو لەگەڵ ئەو تاکتیکی چالاکیی پێشمەرگانە لە نێوخۆی وڵات دیاری بکرێ.
**هێزی هاوتەریب:** بێگومان جێگیرکردنی هێزی پێشمەرگە لە چیاکان کارێکی ئاستەم نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستی بە ئامادەکاریی زۆر و بڕیاری یەکلاکەرەوە و مێژوویی و دوزینەوەی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پاراستنی بنەماڵە و بەساڵداچووان و کەمئەندامانی جێگیر لە بنکەکان هەیە. بۆیە لە قۆناخی یەکەمدا دەکرێ بیر لە ئالترناتیوی دووهەم بکرێتەوە. ئالترناتیوی دووەم دەتوانێ بریتی بێ لە ڕێکخستنی دەستەگەلی بچووکی ڕاهێنراو لە نێوخۆی وڵات. لەم پێوەندییەدا هەم لە نێو ڕێکخستنەکانی حیزبەکاندا وزە زۆر بەدی دەکرێ و هەم چاوەڕان دەکرێ لەلایەن لاوانی ڕۆژهەڵاتەوە پێشوازیی لێبکرێ. ئەم هێزە لە سەرەتادا دەتوانێ وەک یەکەمین سەرەتاکانی کاری مەیدانیی هاوبەش لە چوارچێوەی ناوەندی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات دا ڕێکبخرێ. لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕێژیم لە نێوخۆی وڵاتدا توانیویەتی بە زەبری سەرکوتی ڕووت و بێبەزەییانە ڕاپەڕینی بەرینی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دامرکێنێتەوە و بەبێ هیچ سڵکردنەوەیەک درێژە بە ئیعدام و زیندانیکردنی ناڕازییان و چالاکانی مەدەنی و کوشتنی ڕۆژانەی کاسبکارانی کورد بدا و لە دەرەوەی وڵاتیش ئەسپی فراوانخوازی و تیرۆریسمی خۆی تاو بدا، زیاتر لە هەر کات پێویستە باڵادەستیی ئەهریمەنیی ڕێژیم تووشی چالش بکرێتەوە. ئەزموونی دوو دەیە وەلانانی خەباتی چەکدارانەش دەبێ بەس بێ، بۆ ئەوەی بێ بنەمایی ئەو ڕوانگە نێوخۆوڵاتییەش سەلمابێ کە پێی وابوو خەبات و پاراستنی ڕەوای چەکدارانە هۆکاری ئەمنیەتیکران و پەرەنەگرتنی کوردستانە. لە ڕاستیدا ڕێژیمە سەرەڕۆ و ئیدیۆلۆژیکییەکانی وەک ڕێژیمی ئێستای تاران هەر چەشنە جیابیرییەک بە مەترسییەکی تەناهی دادەنێن. هەر ئەوە کە ژینگەپارێز و چالاکێکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە سانایی تۆمەتی ئەمنیەتی و سیخوری لێدەدرێ و زیندانی و ئەشکەنجە دەکرێ، یان کۆڵبەرانی بێدەرەتان بە بێ هیچ پاساوێک ڕۆژانە گیانیان لێ دەستێندرێ ڕەنگە لانیکەم بۆ ئێمەی کورد بەس بێ کە ئەم جۆرە پاساوانە بۆ بەرەنگاریی ڕەوا بێنینەوە. کەواتە پێویستە و دەبێ شکۆی سەرنێزە و سەرکوت لە کوردستان بشکێ. ئەمەش کارێکە لە ڕێگای ڕێکخستنی هێزێکی هاوتەریبەوە لانیکەم لە قۆناخی ئێستادا کردەییە. ئەم هێزە دەتوانێ سنوورێک بۆ دەسەڵاتی ڕەها و سەرکوتکەری ڕێژیمی ئیسلامی دانێ. پێم وایە لەم حاڵەتەدا دەکرێ چاوەڕوان بین ڕێژیمی تاران ناچار بێ پێداچوونەوە بە سیاسەتی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات و سەرکوتی نێوخۆییدا بکاتەوە. دیارە لەم نێوەدا تێکۆشەرانی کوردیش لە بەستێنەدانی دیکەی خەباتیشدا هەست دەکەن پشتیوانێکیان هەیە و تێچووی سەرکوتی ئەوان بۆ ڕێژیم قورسە.

کوردستان
ژمارە: ٧٢٣
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠١٨

# زمان، بنەڕەت یان کەرەستەی نەتەوەبوون

هەرمان بۆکانی




لە نێو توخمە سەرەکییەکانی پێکهێنانی نەتەوەدا، زمان یەکێکە لە توخمە هەرە گرینگەکان. ئەگەرچی ئەم فاکتەرە ڕەنگە لە وڵات و میللەتێکەوە لەگەڵ وڵات و میللەتێکی دیکەدا جیاواز بێ، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا گرینگییەکەی خۆی لەدەست نادا و وەک توخمێکی سەرەکی پەراوێز ناخرێ. بۆ پێناسەکردنی نەتەوە کۆمەڵێک توخمی وەک خاکی هاوبەش، میژووی هاوبەش، کولتووری هاوبەش و زمانی هاوبەشیان کردووەتە بنەما. لە هەندێ پێناسەی دیکەدا یادەوەریی هاوبەشیش هەیە کە ئەم یادەوەرییە بەشێکە لە میژوو، بەڵام ڕەنگە میللەتێک میژووی هاوبەشی نەبێ یان هەموو قۆناغ و بڕگەکانی میژووی پێکەوە نەبووبێ، کەچی خاڵێکی هاوبەشی یادەوەریی هەیە کە پێکەوە کۆیان دەکاتەوە. بۆ میللەتێکی لێکدابڕاوی پەرتەوازەی وەک کورد، کە بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەش کراوە و نەیانهێشتووە قۆناغە میژووییەکان پێکەوە پەیوەست بن و لە پێنسەدساڵی رابردوودا، واتە لە دوای چاڵدێرانەوە ئەو دابڕانەیان جار بە جار قووڵتر کردووەتەوە؛ وردە وردە کولتووری بەشە جیاجیاکانی کوردستان لێک دوور کەوتووەتەوە و هەر بەشەی کوردستان کەوتووەتە ژێر هێژموونیی کولتووری ئەو نەتەوە باڵادەستەی بەسەریدا زاڵ بووە و داگیری کردووە و چەوساندوویەتەوە و هەوڵی تواندنەوە و لەنێوبردنی داوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە نێو ئەو کولتوورە ئاسمیلەکراوەشدا هێشتا کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی زۆر بەهێز هەن کە پێکمانەوە گرێ دەداتەوە. بەو حاڵەشەوە ئێمەی کورد دەبێ کولتوور وەک توخمێکی سەرەکی لە پێناسەکانی میللەت بەلاوە بنێین یان هەر نەبێ مخابن لەو سۆنگەیەوە کە باسم کرد، کولتوورەکەمان شێوێنراوە و ناتوانین وەک خاڵی هاوبەشی هەر چوار پارچەکە یان لانیکەم دووپارچەش زۆر پشتی پێ ببەستین. ئەگەرچی لە کولتووردا بەشی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان خاڵە هاوبەشەکانیان زۆر زۆر و پتەوترن لەچاو بەشەکانی دیکە.

**میژوو**

میژووی هاوبەشیش توخمێکی گرینگی دیکەی نەتەوەبوونمانە. ئەو توخمەی کە دەکرێ پاش مەسەلەی خاک زۆری لەسەر پێداگر بین. ئاخر میللەتی وا هەیە لە نێو توخمەکانی پێکهێنانی نەتەوەدا نە زمانیان هاوبەشە و نە کولتووریان، بەڵکوو تەنیا خاک و میژوویەکی هاوبەشیان هەیە. نموونەی ئەو وڵاتانە سوویسە کە چوار زمانی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئیتالیایی و ڕۆمانش Romansh لەو وڵاتەدا قسەی پێ دەکرێ و هاووڵاتییەکی سویسی دەبێ بەسەر هەر چوار زمانەکەدا یان لانیکەم بەسەر دوو زمانیاندا زاڵ بێ. لەگەڵ ئەوەشدا کولتووری سوویس کولتوورێکی یەکدەست نیە بەڵکوو پێک هاتووە لە کۆمەڵێک کولتوور و تا ئێستا کۆمەڵناسەکان نەیانتوانیوە پێناسەیەکی هاوبەش و یەکگرتووانە لە کولتووری ئەو وڵاتە بخەنە ڕوو. کەوابوو میللەتی سوویس دوو توخمی سەرەکیی پێناسە و پێکهاتنی نەتەوەی نیە، بەڵام نەتەوەیەکە و ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یۆنسکۆیە. بۆ؟ چونکە خەڵکی ئەم وڵاتە لەسەر دوو توخمی دیکە ڕێک کەوتوون و پاڵیان بەو دوو توخمەی دیکەوە داوە ئەویش: «میژووی هاوبەش (یان هەر نەبێ یادەوەریی هاوبەشی میژوویی) و خاکی هاوبەش». ئیدی هەموو تاکێکی نێو سوویس بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی بە کام یەک لەو چوار زمانە قسە دەکا، بەڵام بڕوای بەوەیە ئەم چوارچێوە جوگرافیاییە خاکی خۆیەتی و ئەو میژووەش میژووی خۆیەتی. ئیتر ئەڵمانی زمانێکی سوویسی خۆی بە خەڵکی فرانکفۆرت نازانێ. ئەوە لە داهاتووی کوردستاندا کە بووینە دەوڵەت، بۆ ئێمەش دەلوێ، چونکە ئێمەش لە دەوڵەتی کوردستاندا بە ڕەچاوکردنی یەکسانی و دادپەروەری کارێکی وەها دەکەین هیچ تورکمان و عەرەب و فارس و ئازەرییەکی نێو دەوڵەتی کوردستان خۆی بەبێگانە نەزانێ بەڵکوو خاک و میژووی پێکەوەبوونمان بکاتە پێوەری هاونیشتمانیبوون، ئەگەرچی کاتێکی زۆری دەوێ بۆ دروستکردنی ئەم ئەقڵییەت و بیرکردنەوەیە.

کۆمار یادەوەریی هاوبەشی میژووی میللەتی کوردە. بەتایبەتیتر بە دیزاینی ئاڵای کوردستان و دانانی سرووودی ئەی ڕەقیب وەک سرووودی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد کە ئێستاش لە هەر چوارپارچەی کوردستان بووەتە هەوێنی بەرگری و خەبات ئەو یادەوەرییە میژووییە پتەوتر دەبێ. بە دڵنیاییەوە ئەگەر کۆماری کوردستانمان نەبوایە، ئەو دەستکەوتانەی ئێستا کورد هەیەتی لەوانەبوو چل ساڵی دیکەش پێیان نەگا. چونکە لەوێوە کورد خەونی دەوڵەت_نەتەوەی بۆ دروست بوو و ئیتر لەو ساتەوەختەوە کە کۆمارەکەی دەڕووخێ، بەتینتر لە جاران هەوڵی وەدیهێنانەوەی ئەو خەونە دەدا و لە پێناو دامەزراندنەوەیدا لە قوربانیدان نەپرینگاوەتەوە و شۆڕشگێڕی کورد بەدەم خوێندنەوەی سرووودی ئەی ڕەقیبەوە چووەتە پای سێدارە

**با بێینەوە سەر خاک**

هیچ کوردێک گومانی لە یەکبوونی خاکی کوردستانی گەورە نیە. هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر و چاوکراوە بە باوەڕەوە دەڵێ: کوردستان یەک خاکە و بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەش کراوە بەبێ ئەوەی پرس بە میللەتەکەمان بکرێ. ئیتر ئەمە نە خەیاڵی شاعیرانەیە و نە وەهمی خەیاڵگەرانە، بەڵکوو واقیعێکە و هەموومان دەیزانین، بەڵام مەسەلەی سەریەکخستنەوەی ئەم خاکە لەتلەتکراوە، باسێکی دیکەیە و لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە لێی ورد بینەوە و خۆی پێویستی بە کۆمەڵێک وتار و کتێبی بابەتیانەیە... کەوابوو ئەم میللەتە یەکێک لە توخمە بنەڕەتیی و زۆر سەرەکییەکانی خۆی هەیە کە ئەویش خاک و نیشتمانێکە بەناوی کوردستان. هەر ئەو خاک و نیشتمانەی لە خەیاڵ و ئەشق و شێعر و نووسینەکانماندا پێناسەی دەکەینەوە و سنوورە جوگرافیاییەکانیمان لێوە دیارە و سەدەیەکە لەپێناو ڕزگارکردنیدا خەبات دەکەین و هیچ پارچەیەکی کوردستان نیە دەریایەک خوێنی لە پێناویدا دانەنابێ.

**یادەوەریی هاوبەشی میژوویی**

یادەوەریی هاوبەشی میژوویی بە خوێندنەوەی خۆم بریتییە لە خاڵێکی وەرچەرخانی میژوویی، یان وێستگەیەکی میژوو کە تێیدا میللەتێک یان دانیشتووانی نێو چوارچێوەیەکی جوگرافیایی پێکەوە تۆماری دەکەن و وەک شانازییەکی میژوویی دەیکەنە بەردی بناغەی خەون و هیواکانیان. لە میژووی کورددا ئەگەرچی هەمیشە بەشەکانی کوردستان هەمیشە پشتیوانی شۆڕش و ڕاپەڕینی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوون، بەڵام دەگمەن وا هەبووە شۆڕشێک لە بەشێکی کوردستان هەڵاییسابێ و هەر چوارپارچەکە وێکڕا تێیدا بەشدار بووبێتن. هەڵبەت پێوەندیی نێوان شەهید سمایل ئاغای سمکۆ و شێخ مەحموودی حەفید و پشتیوانیی بەشێک لە خەڵکی باشوور و ڕۆژهەڵات لە شۆڕشی شێخ سەعید و شۆڕشە مەزنەکەی ئاگری داغ هەموویان دەکرێ وەک یادەوەرییەکی هاوبەشی میژووی باسیان بکرێ و شانازییان پێوە بکەین، بەڵام لووتکەی ئەم یادەوەریە هاوبەشەمان دامەزرانی کۆماری کوردستانە لە مەهاباد کە تێیدا پێشەوا قازی دەبێتە سەرکۆماری کوردستان و لە بەشە جیاجیاکانی کوردستانیش خەڵکێکی بەرچاو تێیدا بەشدار دەبن، کە بەشدارییە هەرە بەرچاوەکەیان هاتنی بارزانییەکان و پشتیوانیی پاڵەوانانە و بەوەج و بەرچاوی ئەوانە لە کۆمارەکەی خۆیان. بە وردبوونەوە لە بەرگرییەکەی پێشەوا قازی زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. وەختێک یەکێک لە خاڵەکانی تۆمەتبارکردنی پێشەوا دەخوێنرێتەوە و پێی دەڵێن تۆ هێزی دەرەکیت هێناوەتە نێو وڵاتی ئێرانەوە، بە شایەتیی ئەو ئەفسەرە فارسەی کە یەکێک بووە لە ئەندامانی دادگا سەحراییەکە، پێشەوا قازی دەڵێ: من نە ڕووسەکانم هێناوەتە نێو ئێرانەوە و نە ئینگلیز و ئەمریکاش. ئێوە باسی کام هێزی دەرەکی دەکەن؟ ئەوانیش دەڵێن: بارزانییەکان... پێشەوا لە وەڵامدا دەڵێ: «بارزانییەکان بیانی و بێگانە نین. ئەوان هاوزمان و خوشک و برای ئێمە و خاوەنی ئەم خاکەن. ئێرە ماڵی خۆیانە و ئەوان لە باوەشێکی دایکیانەوە هاتوونەتە باوەشەکەی دیکەی...» لێرەوە، کۆمار دەبێتە یادەوەریی هاوبەشی میژووی میللەتێک. بەتایبەتیتر بە دیزاینی ئاڵای کوردستان و دانانی سرووودی ئەی ڕەقیب وەک سرووودی نەتەوەیی و نیشتمانیی کورد کە ئێستاش لە هەرچوارپارچەی کوردستان بووەتە هەوێنی بەرخودان و خەبات ئەو یادەوەرییە میژووییە پتەوتر دەبێ، کە بە دڵنیاییەوە ئەگەر کۆماری کوردستانمان نەبوایە، ئەو دەستکەوتانەی ئێستا کورد هەیەتی لەوانەبوو چل ساڵی دیکەش پێیان نەگا. چونکە لەوێوە کورد خەونی دەوڵەتشار و دەوڵەت نەتەوەی بۆ دروست بوو. ئیتر لەو ساتەوەختەوە کە کۆمارەکەی دەڕووخێ، بەتین و گوڕتر لە جاران هەوڵی وەدیهێنانەوەی ئەو خەونە دەدا و لە پێناو دامەزراندنەوەی کۆمارێکی مەزنتردا لە خوێن و قوربانیدا نەپرینگاوەتەوە و شۆڕشگێڕی کورد بەدەم خوێندنەوەی سرووودی ئەی ڕەقیبەوە چووەتە پای سێدارە. کەوابوو کۆماری کوردستان خاڵێکی بەهێزی ئێمەیە کە وەک یادەوەریی هاوبەشی میژوویی پێی لەسەر دادەگرینەوە کە دەتوانین بیکەینە بنەمای یەکبوون و یەکهەڵوێستیمان لە پێناو پێناسەکردنی نەتەوەدا. چونکە ئیتر ئەم پارامێترە لە خوێندنەوە و تیۆرییەکانی پێناسەکردنی نەتەوەدا تاریف کراوە.

**زمان**

زمانی کوردی، یەکێکی دیکەیە لە توخمە بنەڕەتییەکان. بەڵام نابێ بپرینگێینەوە لەوەی کە بڵێین زمانی کوردی کۆڵەکەی نەتەوەکەیە. تەنانەت هەبوونی خاک و میژوو و کولتووری هاوبەشیشمان بەبێ هەبوونی زمان نەیاندەتوانی ببنە پێناسەی کوردبوونمان. ئێمە ئەگەر زمانەکەمان نەمێنێ و بە زمانێکی دیکە قسە بکەین، بەڵام خاک و کولتوور و میژوویەکی هاوبەشیشمان هەبێ، ڕەنگە بەخۆمان بڵێین نەتەوە، بەڵام ئیتر نەتەوەیەک دەبین جیا لە کورد. نەتەوەیەک دەبین لەسەر ناسنامەی ئەو زمانەی کە پێی دەئاخڤین جا هەر زمانێکی دیکە بێ. بۆ؟ چونکە کورد بە نیشتمانەکەشییەوە لەو نەتەوانەیە کە هەم خۆی و هەم نیشتمانەکەیشی بە زمانەکەی پێناسە کراوە. ئێستا ئەمریکا بە ئینگلیزی قسە دەکەن و کەنەداش چەند زمانێکی جیاجیای تێدایە ئەگەرچی ئینگلیزی زمانی زاڵ و سەرەکییە بەڵام هاوشانی ئەو زمانی فەرەنسیش قسەی پێ دەکرێ. کەچی خەڵکی کەنەدا بە زمانەکەیان پێناسە ناکرێن و ناوی وڵاتەکەشیان لەسەر زمانەکەیان نیە. ناوی ئێران هیچ پێوەندییەکی بە زمانی خەڵکی نێو چوارچێوەی ئێرانەوە نیە و ئەوان بۆ پێناسەی میللەتبوونی خۆیان پاڵ بە زمانی هاوبەشەوە نادەن، بەڵکوو دەگەڕێنەوە بۆ خاکی هاوبەش و میژووی هاوبەش و کولتووری هاوبەش. سوویسیش کە پێشتر باسمان کرد هەروەتر. بەڵام ناوی کورد و کوردستان بە زمانەکەوە بەستراوەتەوە. با نموونەیەکی دیکە بێنینەوە: فلستینییەکان کە بوونە موسوڵمان و ئەو لە سێبەری ئیسلامدا وازیان لە زمانی عیبری هێنا، ئێستا ناسنامەیەکی دیکەیان هەیە. ئیتر ئێستا ئێمە ئەوان وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دەناسین. قیبتییەکانی میسریش کە پاش موسوڵمانبوونیان وازیان لە ڕابردووەکەی خۆیان هێنا، ئێستا وەک بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دەناسرێن چونکە پێناسە نەتەوەییەکەیان بەپێی ئەو زمانە دەکرێ کە قسەی پێ دەکەن. کوردیش بێت و زمانەکەی نەمێنێ، ئیتر هەر زمانێکی دیکە وەرگرێ، ئیتر ناتوانێ بەخۆی بڵێ کورد و کەسیش وای پێ ناڵێت، بەڵکوو بەو زمانە پێناسەی دەکەن کە قسەی پێ دەکا. هەر بۆیە کورد لەگەڵ دۆڕاندنی زمانەکەی یان توانەوەی زمانەکەی پێش هەموو شتێک پێناسەی نەتەوەبوونەکەی و بەدوای ئەویشدا ناوی وڵاتەکەیشی دەگۆڕدرێ. چونکە کوردستان، واتە ئەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژی. دەی کە تۆ وێکڕا وازت لە زمانەکەت هێنا، یان وازیان پێ هێنایت، ئیتر دەبێ پێناسەیەکی دیکە بۆ وڵاتەکەیشت بدۆزیتەوە. لێرەوە، سیحری میژووەکەشت بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێ بگەڕێیتەوە خاڵی سیفر. کە تۆ وازت لە زمان و لە ناوی خاک و وڵاتەکەت هێنا، ئیتر ناتوانی شانازی بە شۆڕشی شێخ سەعید و ئاگری داغ و سمکۆ و کۆماری کوردستان و باقی شۆڕش و خەباتەکانی دیکەتەوە بکەی. هەربۆیەش داگیرکەرانی کوردستان لە ڕەزاخانەوە تا خومەینی و لە ئەتاتۆرکەوە تا سەدام و بنەماڵەی ئەسەد هەموو هەوڵیان ئەوە بووە ئەم زمانە بتوێننەوە و جگە لەوەی دنیایەک سەرمایەگوزارییان لەسەر کرد، هیچ توندوتیژی و شێوازێکی کوشتاریش نەما پەنای بۆ نەبەن، بەڵام وەک دەبینین پاش سەدەیەک هەوڵی تواندنەوەی زمانی کوردی خەونەکانیان هەر پووچەڵ بووەتەوە.

کورد لەگەڵ دۆڕاندنی زمانەکەی یان توانەوەی زمانەکەی پێش هەموو شتێک پێناسەی نەتەوەبوونەکەی و بەدوای ئەویشدا ناوی وڵاتەکەیشی دەگۆڕدرێ. چونکە کوردستان، واتە ئەو وڵاتەی کوردی تێدا دەژی. دەی کە تۆ وێکڕا وازت لە زمانەکەت هێنا، یان وازیان پێ هێنایت، ئیتر دەبێ پێناسەیەکی دیکە بۆ وڵاتەکەیشت بدۆزیتەوە. لێرەوە، سیحری میژووەکەشت بەتاڵ دەبێتەوە و دەبێ بگەڕێیتەوە خاڵی سیفر. کە تۆ وازت لە زمان و لە ناوی خاک و وڵاتەکەت هێنا، ئیتر ناتوانی شانازی بە شۆڕشی شێخ سەعید و ئاگری داغ و سمکۆ و کۆماری کوردستان و باقی شۆڕش و خەباتەکانی دیکەتەوە بکەی

**دەرەنجام:**

کورد ئێستا سێ توخم و فاکتەری زۆر بەهێزی بۆ پێناسەکردنی نەتەوەبوونی خۆی هەیە: یەکەم خاکێکە کە پێی دەگوترێ کوردستان و سنوورە جوگرافیاییەکەی سەرەڕای هەموو شێواندن و گۆڕینێکی دیموگرافیایی دیارە. دووەم: زمان، ئەو زمانەی سەدەیەکە لەلایەک داگیرکەران هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆیانیان بۆ تواندنەوەی بەکار هێنا، چونکە دەیانزانی تەنیا بە تواندنەوەی زمان دەتوانن ببنە خاوەنی ئەو خاکەی ناوی کوردستانە، بەڵام لە سایەی پاڵەوانێتیی پێشمەرگە و خۆڕاگریی میللەت و قەڵەمی نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیرە ئازادیخوازەکانمانەوە هەر پارێزراوە. سێیەم: خاڵی هاوبەشی میژووییمان، کە کۆماری کوردستانە و ئەوە ئێستاش بەرەو دامەزرانی کۆماری دیکە دەچین و ئیتر ئەمجارە لەبری خاڵێکی هاوبەشی میژوویی دوو خاڵی هاوبەش کۆمان دەکاتەوە بەو جیاوازییەوە ئەم کۆمارە تازەیەمان لە نەتەوەیەکگرتووەکان ئاڵاکەی دەشەکێتەوە و تاکی کورد ئیتر وەک ئەکتەر و کەسایەتییەکی سەربەخۆ و بەپێناسەی خۆیەوە دەچێتە نێو گەلانی دنیا و چیدیکە بەناوی ئێراقی و ئێرانی و عەرەب و تورک ناومان ناهێنن و لە هەر جێیەک گوتمان کوردین و خەڵکی کوردستان، ناڵێن کوردستان کوێیە؟

***

## مستەفا شەڵماشی: پڕشوبڵاویی هێزە سیاسییەکان هۆکاری باڵادەستیی دوژمنانە



ڕۆژی یەکشەممە، ١٢ی خاکەلێوە کومیتەی ناوچەی یولاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک سمینارێکی بۆ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێک هێنا. لەو سمینارەدا کە بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ڕێک خرابوو، کاک مستەفا شەڵماشی سەرەتا باسێکی لە بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئێستای ناوچە و کاریگەریی لەسەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد پێشکێش کرد. بەڕێزیان بە ئاماژە بە کایە دیپلۆماسییە جیهانییەکان و بەرژەوەندیی وڵاتان، زیاتر زوومی کردە سەر پرش و بڵاویی هێزە کوردستانییەکان و، ئەو گرفتەی بە هۆکارێک بۆ باڵادەستیی دوژمنەکان زانی. بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تەرخان بوو بۆ باس لەسەر پرسە سیاسی و نەتەوەییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوابەشی سمینارەکەش کۆڕی پرسیار و وەڵامی بەشداران و کۆڕگێڕ بوو.

## د.کوێستان گادانی: کورد لە ئێستادا پێویستیی بە کاریزمایەکی وەک پێشەوا قازی هەیە



ڕۆژی شەممە، ١١ی خاکەلێوە کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ کۆڕیادێکی بە بەشداریی نوێنەرانی چەند حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی و نورویژییەکان بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بەڕێوەبرد. لەو کۆڕیادەدا پەیامی کومیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک سۆران شێرزادەوە خوێندرایەوە. لە برگەیەکی دیکەی کۆڕیادەکەدا خاتوو کوێستان گادانی، ئەندامی کۆمیسیۆنی چاودێریی پێڕەوی ناوخۆی حیزب باسێکی سیاسیی لەسەر بارودۆخی سەخت و دژواری ئێستای گەلی کورد پێشکێش کرد و بۆ ئەم مەبەستەش پەنجەی لەسەر دوو فاکتەری دەرەکی و نێوخۆیی دانا و بەشێک لەو کێشانەی بۆ پیلانی دەرەکی و بەشێکیشی بۆ یەکنەگرتوویی گەلی کورد گەڕاندەوە. بەڕێزیان ئەوەشی خستەڕوو کە بۆ بارودۆخ و هەلومەرجی ئێستا، کورد پێویستی بە ڕێبەرێکی کارێزمای وەک پێشەوایە کە چ ئەوکات کە لە ژیاندا بووە و چ دوای شەهیدبوونیشی، کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد هەبووە و هەیە. خوێندنەوەی پەیامی یەکیەتیی ژنان و لاوانی دێموکرات لەلایەن خاتوو شلێر رەسوولی، بڵاوکردنەوەی کورتە لێدوانێکی شەهید دکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لەسەر ١٠ی خاکەلێوە و کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد، خوێندنەوەی پەیامی حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشداری کۆڕەکە و پێشکێشکردنی چەند سروود برگەکانی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

## سیمینارێک بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە لە دانمارک



کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکرات ڕۆژی شەممە، ١١ی خاکەلێوە سمینارێکی بۆ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب پێکهێنا. کاک مستەفا شەڵماشی لە سەرەتای باسەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و گرینگیی ئەو ڕۆژە لە مێژووی گەلی کورد بە گشتی و حیزبی دیموکراتی کوردستاندا کرد و تیشکی خستە سەر ڕۆڵی گرینگی پێشەوا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کرد. ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە ئاماژە بە زەبروزەنگی حکومەتە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تیرۆری ڕێبەرانی حیزبەکەمان، شەهید کردنی دەیان ئەندامی ڕێبەری، سەدان فەرماندە و کادری بەوەج و هەزار کادر، ئەندام و لایەنگر و خەڵکی ئاسایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی دەیان ساڵ خەباتدا، گوتی: خەبات و شۆڕش و تێکۆشانی کورد لە ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو زیان و خەسارانە لاواز نەبووە و ئەمڕۆکە خەبات لە هەموو ڕەهەندە سیاسی و کولتوورییەکاندا درێژەی هەیە. دوابڕگەی ئەو سمینارە تەرخان کرابوو بۆ بەشی پرسیار و وڵام کە لە چوارچێوەی باسەکەی کاک مستەفا شەڵماشی و دۆخی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بوو.

# ڕێبازێک لە کوردایەتی

## (خوێندنەوەیەک بۆ ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان)



سمایل شەڕەفی

ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ لە چەند ڕوویەکەوە لە بارودۆخێکی تایبەتدا بەڕێوەچوون. جیا لە بەربەستە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە ساڵ لە گەڵ ساڵ زیاتر دەخرێنە سەر جموجۆڵ و کۆڕوکۆبوونەوە گشتی و جەماوەرییەکانی خەڵکی کوردستان، بارودۆخی سیاسیی زاڵ بە سەر هەر چوارپارچەی کوردستان و بەتایبەت تیرۆری تێکۆشەرانی دێموکراتیش کە ڕاست لە بەرەبەری نەورزی ئەمساڵدا بەپیلانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بە دەستی دەستوپێوەندەکانی ئەم ڕێژیمە لە باشووری بەڕێوەچوون، شوێنەواریان بە سەر ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزەوە دیار بوو. کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گەلێک هۆکاری سیاسی کە بەشێکیان خودی نیزامی دەسەڵاتدار هەوڵی پەرەپێدانی دەدا، بە هۆی لاوازیی میدیای کوردیی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی کەمکاریی حیزبەکانی ئەم بەشە لە کوردستان و، لە هەمووی گرینگتر بە هۆی بەرزیی هەست و شعووری نەتەوەییەوە، ڕووداوی پارچەکانی دیکەی کوردستان زۆر کاریگەریی لە سەر ڕەفتار و هەڵوێستی دادەنێ. بەداخەوە ڕووداوەکانی ساڵی پاری پارچەکانی دیکە _ بەتایبەت ڕووداوەکانی مانگەکانی کۆتایی ساڵ لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان_ کە پڕبوون لە نسکۆ و نەهامەتی، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ماتەمبار کرد. ڕووداوە ناخۆش و زیانبارەکانی دوای بەڕێوەچوونی پرسی ڕیفراندۆم لە باشووری کوردستان بۆ سەربەخۆیی و کەوتنی شاری عەفرین لە ڕۆژاوای کوردستان لەو ڕووداوە گرینگانە بوون کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆری پێ غەمبار بوو. چەند ڕووداوێکی گرینگ و کارەساتباری دیکەی وەک بوومەلەرزە پڕ لە زیانەکەی ئەزگەلە لە پارێزگای کرماشان کە بە هەزاران کەس بە هۆیەوە بوونە قوربانی و بە دەیان هەزار کەسی دیکەش بێ ماڵ و حاڵ تا ئێستایش لە بارودۆخێکی نالەباردا دەژین و، هەروەها تیرۆری تێکۆشەرانی دێموکرات لە باشووری کوردستان بە دەستی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاستەوخۆ شوێنەواریان لە سەر بەربڵاونەبوونی ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ دانا. هەڵبەت جیا لە هەموو ئەم ڕووداوە ناخۆشانە، هەوڵی چڕوپڕی دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بۆ سنووردارکردنی بۆنە نەورۆزییەکان زیاتر لە ساڵانی ڕابردوو بوو. بۆ وێنە لە چەند شوێنێکی پارێزگاکانی سنە و ورمێ، هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم ڕاستەوخۆ پێشیان بە بەڕێوەچوونی چەند کارنەڤاڵێکی نەورۆزی گرت. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم هۆکارانەی کە ئاماژەمان پێدا، لە چەند شوێنێکی کوردستان بە هیممەتی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و لە سەر داوای هێزە سیاسییەکانی کوردستان کە بە بەیاننامەیەکی هاوبەش بە ناوی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران»ەوە، داوایان لە خەڵک کردبوو ڕێوڕەسمەکان بە شکۆوە بەڕێوەبەرن، کارنەڤاڵی گەورەی نەورۆزی بەڕێوەچوون. خەڵک لەم ڕێوڕەسمانەدا بە کۆبوونەوەی هەزاران و دەیان هەزار کەسی لە دەوری یەک، وێڕای پیرۆزبایی وتن بە یەکتری، بە بەرزکردنەوەی کۆمەڵێک هێما و گەیاندنی کۆمەڵێک پەیام و ڕاسپاردە، بۆ جارێکی دیکە دەریانخستەوە کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاستێکی بەرزی شعووری نەتەوەیی دایە و نیشانیان دا کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی ڕێباز و ڕێڕەوی تایبەت بە خۆیەتی. ئەوان بۆ جارێکی دیکە بە بەکارهێنانی جامانە و پۆشینی جلوبەرگی تایبەتیی پێشمەرگانە و بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و چڕینی سروودی نەتەوەیی، نیشانیان دایەوە کە خۆیان بە خاوەنانی ڕاستەقینەی بزووتنەوەی «میللی _ دێموکراتیک»ی نەتەوەکەیان دەزانن، نیشانیان



دا کە شانازی بە تێکۆشان و گیانبازیی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی خۆیان لە گۆڕەپانی خەبات و بەرەنگاریدا دەکەن، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان نیشانیان دا کە وەفادار بە ئامانج و ڕێبازی کۆماری کوردستانن، بە هەڵگرتنی گوڵی سوور و دەستاودەستکردنیان، نیشانیان دایەوە کە لە سەر وەدیهاتنی ئامانجی بەرزی شەهیدان و گیانبەختکردووانی خۆیان سوور و بەردەوامن. ئەوان بۆ جارێکی دیکە بە کۆبوونەوەیان لە دەوری یەکتر، ئەو پەیامەیان بە گوێی دۆست و دوژمندا دایەوە کە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکی کۆمەڵایەتی، مەزهەبی و سیاسی، یەکگرتوون و هاواریان کرد کە «پێکەوە دیارترین»، «پێکەوە جوانترین» و «پێکەوە بەهێزترین.» هەروەک پێشترین بە کورتی ئاماژەی پێکرا، کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی زیندوویەتی، لە سەر هەستبوون، بەرزیی ئاستی شعووری نەتەوەیی و لە هەمووی گرینگتر خاوەندارێتی لە ڕابردوویەکی پرشنگدار لە خەباتی نەتەوەیی و بوونی پاشخانێکی دەوڵەمەند و پڕ لە سەروەری، بە هۆشیاری و دەروەستییەوە سەرنج دەخاتە سەر ڕووداوی پارچەکانی دیکەی کوردستان. هەر خودی ئەم هەست و سۆزە نەتەوەیی و نیشتمانییە بەداخەوە زۆر جار هەم لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و هەم لەلایەن کۆمەڵێک ڕەوت، هێز و لایەنی دەرفەتخوازی کوردەوە، لە سەر حیسابی لەپەراوێزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەکارهێنانی هێز و وزەی ڕۆژهەڵات بۆ مەرامی حیزبی و گرووپی، هەوڵی بەلاڕێدا بردنی دەدرێ. بەتایبەت لە ماوەی نزیک بە دوو دەیەی ڕابردوودا لەلایەک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای هێندێک ڕەوتی بەستراوە بەم قۆڵ یان ئەو قۆڵی نیزام و دەزگا ئەمنیەتییەکانی خۆیەوە و لە لایەکی دیکە، هێندێک ڕێکخراو و لایەنی کوردی لە پارچەکانی دیکەی کوردستان بە بەرزکردنەوەی درووشمی بریقەدار و هێرشی ڕاستەوخۆی میدیایی بۆ سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زۆریان هەوڵ دا بە ڕاکێشانی هێز و وزەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرنجی ئەم کۆمەڵگەیە بەرەو ئاراستەیەکی لێڵ و ناڕوونی گوماناوی بەرن و بەم شێوە پرۆژەی لە پەراوێزخستنی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەرەپێدان بە دیاردەی پڕمەترسیی کەمتەرخەمی بەرانبەر بە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پیلانەکانی ڕێژیم لەم پارچەیە، بەرنە پێش. بە وردبوونەوە لە ڕەفتار و هەڵوێستە گشتییەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نزیک بە دە ساڵی ڕابردوودا و بەتایبەت کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی نەورۆز و بەڕێوەبردنی ئەم کارنەڤاڵە دەیان هەزار کەسییانەی نەورۆز و هەروەها وردبوونەوە لە هێما و پەیامەکانی ئەم کۆڕوکۆبوونەوە گشتی و جەماوەرییانە، بۆمان دەردەکەوێ کە؛ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێڕەو و ڕێبازی خۆی هەیە و ئەم ڕێڕەو و ڕێبازە بە هیچ هێزێک بەلاڕێدا ناچێ. لەم ڕێبازەدا کە خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مێژ ساڵە گرتوویانەتە بەر، بایەخە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەروا لە بیر و زەینی ئەم میللەتەدا بە پیرۆزی ڕێزیان لێ دەگیردرێ و دەمێننەوە. «یەکیەتیی نەتەوەیی» کە بۆ هێندێک لایەن جیا لە دروشمێکی بەتاڵ و فریودەرانە شتێکی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە، لەم ڕێبازەدا یەکێک لە ئامانجەکانی خەباتە، لەم ڕێبازەدا ئەگەر پێویست بێت هەموو ئامادەن پێشەوائاسا بۆ گەل بمرن بەڵام چاوپۆشی لە بستێک خاکی نیشتمان نەکەن، لەم ڕێبازەدا کورد وتەنی «ئەگەر گۆشتی یەک بخۆین، بەڵام ئێسکی یەکتر ناشکێنین». خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانی ئەمساڵ و چەند ساڵی ڕابردووشدا وێڕای ئەوەیکە نیشانیان دا کە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتووە، هاوکات پەیامێکی بەرزی نەتەوەییشیان بە حیزبەکانی خۆیان دا کە پێویستە لە ئاستی چاوەڕوانی ئەواندا بن. پێیان وتن کە ئەم کۆمەڵگەیە پێویستی بە ڕێبەرییەکی یەکگرتوو و ئاکتیڤە کە بتوانێ لە ئاستی چاوەڕوانییەکاندا بێ و هێزی ئەوەی هەبێ ڕووبەڕووی هەر پێشهات و ئاڵوگۆڕێک بێتەوە. پەیامی «یەکگرتوویی»، «پێکەوەبوون» و «یەکبوون»، ئەو پەیامە گەورەیەیە کە ئەمڕۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە سەر ئاستی کۆمەڵگە و چ لە سەر ئاستی حیزبە سیاسییەکانی ئەم پارچەیە لە نیشتمان، وەک پێویستییەکی حەیاتی قسەی لە سەر دەکرێ. ئێستە ئیدی کاتی ئەوە هاتووە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە چاوێکی کراوەتر و بە خۆدوورخستنەوە لە دەمارگرژیی حیزبی و گرووپی وڵامی داخوازیی خەڵک بدەنەوە. وڵامێک کە شیاوی میللەتێک بێت. پێکهێنانی «ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران» هەنگاوێکی باش و مەسئولانەیە، بەڵام پێویستە هەنگاوی گەورەتر و کاریگەرتر هەڵبهێندرێتەوە. گومانی تێدا نیە کە ئەگەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت حیزبەکانی، نەتوانن یان هەست بە گرینگیی و مەترسییەکانی تێنەگەیشتن لەم پەیامە گەورە و زەرووریيە نەکەن، هەڕەشەکان بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر پیلان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نابن. ئەزموونە تاڵەکانی هەر تەنیا یەکساڵی ڕابردووی باشوور و ڕۆژاوای کوردستان پێمان دەڵێن کە، مەترسییەکان بۆ سەر کورد تەنیا دەوڵەتانی دژبەر و دوژمن نین!





د. کامران ئەمین ئاوە

# کوردستان

## لەسەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی هەتا کۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانی

### (کورتە شوێنەوار و خەڵک ناسیی کوردستان)

گەلی کورد وەک یەکێک لە کۆنترین گەلانی جیهان بە ئەژمار دێ. ڕەوتی پێکهاتنی قەومیی کورد(١) لە باکووری میزۆپۆتۆمیا (دوو چۆمان) ڕووی داوە. مێژووی کورد وەک یەکێک لەکۆنترین گەلانی جیهان دەگەڕێتەوە ساڵەکانی پێش زایین. یەکەمین بەڵگە مێژوویییەکان دەربارەی کورد لە ئاسەواری ئاسۆرییەکانی هەزارەی سێهەمی پێش زاییندا دیتراونەتەوە. کوردستان شوێنی هەوەڵین ئاسەوارەکانی شارستانییەتی سەرەتایی پێش زایینە. دۆزراوەکانی کرماشان سەلمێنەری بوونی ئینسان لە سەردەمی پالیۆلیتیک لە ڕایەڵی ئێرانە.(٢) هەوەڵین بەڵگە حاشاهەڵنەگرەکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ کە لە ئەشکەوت و حەشارگەکانی چیای زاگرۆس لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دیتراونەتەوە لەباری مێژووییەوە دەگەڕێنەوە بۆ نیوەڕاستەکانی سەردەمی پالیۆلیتیک یان سەردەمی ماوستێریەن(٣) لە دەوروبەری ١٠٠ هەزار ساڵی پێش زایین.

بە پێی ئەو کەندوکۆژانەی لە ساڵانی (١٩٤٩ و ١٩٥١ی ز) لە ئەشکەوتەکانی بێستوون و تمتمە (لە دۆڵی نازلوو لە باکووری گۆمی ورمێ) لە لایەن گرووپێکی شوێنەوارناس بە سەرپەرستیی زانای ئەمریکایی پرۆفیسۆر کارلتۆن کوون(٤) کراوە، ئاسەواری ئینسانی سەردەمی پالیۆلیتیک لەم شوێنانەدا دۆزراونەتەوە. دیتنەوەی دانە گەنم و ئامرازی تیژی لە بەرد دروستکراو، هەروەها ئاشی سەرەتایی لە گوندەکانی «ئاسیاو» و «تەپەی سەرا» لە نزیکی کرماشان پێشاندەری کشتوکاڵ و ژیانی گوندیی لە هەزارەکانی هەشتەم و نۆهەمی پێش زایینە. هەروەها لە ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس، هەوەڵین ژیار لەسەر بنەمای کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ژیانی گوندی پێک هاتوە، ئەم گۆڕانە لە شێوازی ژیان لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین لە کوردستان و ئاسیای بچووک لە لایەن شوێنەوارناسەکانەوە سەلمێندراوە. دۆزینەوەی قەڵای جەرمۆ(٥) لە لایەن رابێرت جان برێیدوود(٦) مرۆڤ و شوێنەوارناسی ئەمریکایی لە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکووک لە باشووری کوردستان باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ژیانی نیشتەجێیی و گوندیی لە هەزارەی حەوتەمی پێش زایین لەم ناوچەیە دایە. لە ناوچەکانی «پشت کێوی» لۆڕستان و «دەشتی ئەیوان»یش لە باکووری ئیلام، ئاواییەک دیتراوەتە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٣٠٠ یان ٢٢٠٠ی پێش زایین. کوردستان وەکوو وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە هیچ نەخشەیەکی جیهانیدا تۆمار نەکراوە و زۆرتر مانا و مەفهوومێکی ئەتنۆگرافیکی(٧) هەیە. کوردستان لە بەشی ناوەندیی ڕۆژئاوای ئاسیا کەوتۆتە نێوان ٣٤ – ٤٠ پلەی پانایی باکووری و ٣٨_٤٨ پلەی درێژایی ڕۆژهەڵاتی. درێژایی کوردستان لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات نزیکەی هەزار کیلۆمیتر و لە باکورەوە بۆ باشوور لە ٣٠٠ هەتا ٥٠٠ کیلۆمێترە. بە گشتی پانتایی کوردستان نزیکەی ٤٥٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە (٢٠٠ هەزار




کیلۆمیتری چوارگۆشە لە تورکیە، پتر لە ١٦٠ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە ئێران و نزیکەی ٧٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە عێراق، هەروەها ١٥ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشە لە سووریە).(٨) کوردستان تا ڕادەیەک شکڵی چەماوە یان کەوانەیی هەیە. لای دەرپەڕیوی بەرەو باکووری ڕۆژهەڵاتە، واتە شوێنێکە کە پاڵی بە ناوچەکانی باشووری قەفقازەوە داوە.(٩) دیاریکردنی سنوورەکانی کوردستان بە وردی، بە هۆی نەبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆ کارێکی هاسان نیە و تەنیا دەکرێ باس لە سنوورە ڕێژەییەکانی کوردستان بکرێ. سنوورە مێژوویی و قەومییەکانی کوردستان، هێڵەکانی سنوور و کەشەونی کوردستان لە سەدەی نیوەڕاست لە لایەن بیرمەند و مێژووناسی کورد میرشەرەف خانی بەدلیسییەوە لە ساڵی ١٥٩٦ی ز دا بەم چەشنە دیاری کراون: «سنوور و کەوشەنی وڵاتی کوردان _کە ناوی کورردستانە_ لە سەر لێواری دەریای هورمزەوە _کە لەسەر کەناری دەریای هیند هەڵکەوتووە_ دەست پێدەکا و لەوێوە بە خەتێکی ڕاست دەکشێ و دێ هەتا لە مەڵبەندی مەلاتیە و مەرعش دەبڕێتەوە. وڵاتی فارس و عێراقی عەجەم، ئازەربایجان و ئەرمەنستانی چکۆلە و ئەرمەنستانی گەورە، دەکەونە لای باکووری ئەو خەتەوە. عێراقی عەرەب و مووسڵ و دیاربەکر دەبنە باشووری ئەم سنوورە. سەرەڕای ئەوەش هۆز و تیرە زۆر و زەوەندەکانی کورد لەو پەڕی مەڵبەندی ڕۆژهەڵاتەوە دایانگرتوە و تێیدا بڵاو بوونەتەوە و ئەو سەریان گەیوەتە ئەو پەڕی مەڵبەندی خۆرنشین».(١٠) کوردەکان بەشێکی بەرچاو لە ڕێژەی دانیشتووانی ڕۆژئاوای ئاسیایان پێک هێناوە. لەبەر نەبوونی سەرچاوە و سەرژمێرییەکی زانستی ناکرێ ڕێژەی کوردەکان لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی ٢٠ی ز. بە وردی حیساب بکرێ. بە پێی بەراوردی کتێبی «زەرد»ی فەڕانسە (ڕێکەوتی ١٨٩٢ی ز) ڕێژەی دانیشتووانی کوردستانی عوسمانی ٣.١٢.٨٧٩ کەس بووە، بە باوەڕی شێخ مەردۆخ ئەگەر کوردەکانی ئێرانیشی لێ زیاد بکەین ئەم ژمارەیە بە نیزیکەی ٥ میلیۆن دەگا(١١) [یرواند ئابراهامیان لە کتێبی «ئێران لە نێوان دوو شۆڕش»دا باس لە ڕێژەی ٨٠٠ هەزار کوردی ئێران لە ساڵی ١٨٥٠ی زدا دەکا].(١٢) لە کۆتاییەکانی دەیەی سێهەمی سەدەی بیستەمدا ڕێژەی تەواوی کوردەکان ٧.٥ میلیۆن بووە. لەوە دەچێ ڕێژەی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆتایی دەیەی دووهەمی سەدەی ٢٠، بێ لەبەرچاوگرتنی لۆڕ و بەختیارییەکان وەکوو خزمی ئەتنیکیی ئەوان، یەک و نیو هەتا ٢ میلیۆن بووبێ.(١٣)

***

**پەراوێزەکان:**

١) Ethnogenesis
٢) Paleolithic یەکەمین قۆناغی سەردەمی بەرد _ دەستپێکی درووستکردنی ئامرازی بەردی بە دەست ئینسان
٣) Mousterian سەردەمی ماوستێریەن لە نیوان ساڵەکانی ١٦٠ هەزار هەتا ٤٠ هەزاری پێش زایینە
٤) Carlton Coon
٥) Jarmo
٦) Robert John Braidwood
٧) Ethnographic خەلک ناسی، ڕەگەزناسی، لە ڕوانگەی نیشانە و تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزییەوە
٨) لازاریف، محوی و ... کردستان معاصر، صص ١٥_١٤ترجمە کامران امین آوە، چاپ دوم، نشر روشنگری، آلمان ٢٠١٧
٩) ن. ز. مۆساکی، کوردستان: سامان و سیاسەت، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ١٢، ئەنستیتووی ڕۆژهەڵاتناسی، مۆسکۆ ٢٠٠٥
١٠) میرشەرەف خانی بدلیسی، شەرەفنامە، مێژووی ماڵەمیرانی کوردستان، لاپەڕەی٢٢-٢١ وەرگێرانی مامۆستا هەژار، چاپی هەشتەم. پەخشانگای پاییز، تاران ١٣٩٣
١١) شیخ محمد مردوخ کردستانی، تاریخ کرد و کردستان و توابع یا تاریخ مردوخ، جلد اول، عده نفوس کردستان ص ٥٨، چاپ دوم، ١٣٥١
١٢) یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمە احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، جدول شمارە ١، ساختار قومی ایران ص ١٦، نشر نی، چاپ شانزدهم، تهران ١٣٨٩
١٣) لازاریف و ... تاریخ کردستان صص، ١٧١ و ١٧٢، مسکو ١٩٩٩، ترجمە فارسی، منصور صدقی و کامران امین آوە،

## خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستای ئێران و پشکی کۆماری ئیسلامی

باوان عەلیزادە

کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی لە ئێستادا خۆی وەک کاراکتێریکی هاوکێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبینێ و تەنانەت خۆی بە گەمەکەری سەرکەوتووی نێو پرسە ئاڵۆزە سیاسییەکانی ناوچە دادەنێ، بەڵام لەنێو خۆی وڵاتدا بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی زۆر جیددییەکە پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان یەک لەوانن. هەر ئەو خەسارە کۆمەڵایەتی و دۆخەی تراژیدیکە پاشنەئاشیلی کۆماری ئیسلامیشن.

خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران زۆر و جۆراوجۆرن، بەڵام دەکرێ لە چەند بەشی گرینگدا پۆلێنیان بکەین، وەک: بێکاری، هەژاری، تەڵاق، ئیعتیاد بە ماددە هۆشبەرەکان، قەتڵ، توند و تیژی، تاوانکاری، لەشفرۆشی و لادانی جنسییەکان، خۆکوژی و پەراوێزنشینی و قەیرانەکانی ژینگە.

لەو نێوەدا پرسیار ئەوەیە کە هۆکارەکان سەرهەڵدانی قەیرانەکان چین و پشکی حوکمەت و دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی لە پەرەسەندنی زیان و خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندەن؟

### ڕیشەی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان

ڕیشە و هۆکاری بنەڕەتیی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگەی ئێران بۆ هەژاری، بێکاری و قەیرانی ژینگە دەگەڕێتەوە.

بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان دوو لەسەر سێی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی هەژاریی ڕێژەییدا دەژین و ١٥ میلیۆن کەس بە تەواوی کەوتوونە ژێر هێڵی هەژاری، بەو واتایە کە بۆ دەسخستنی نان و پێخۆرێکی سادە بۆ سەر سفرەیان کێشەیان هەیە. لە ئێران لە نێوان٧ تا ١١ میلیۆن کەس بێکارن و زیاتر لە نیوەی دەرچووانی زانکۆ دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان کاریان دەست ناکەوێ. لە بەشی قەیرانە ژینگەییەکانیشدا دەبینین کە دابەزینی ئاوەکانی ژێرزەوی؛ ویشکبوونی چۆم و ڕووبارەکان، گۆل و تالاوەکان و چۆلکردنی زیاتر لە ٣٠ هەزار گوند چەندەی پەرە بە پەراوێزنشینیی شارەکان و سەرهەڵدانی خەسار و قەیرانەکانی دیکە داوە.

ئامارەکان دەڵێن لە ئێستادا لە ئێران زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەس لە قەراغ شارەکاندا پەراوێزنشینن و کەمترین ئیمکاناتی فێرکاری و ساخلەمەیی و خزمەگوزارییە گشتییەکانیان لەبەردەستە، لە نێوان ٤ تا ٨ میلیۆن کەس لە خەڵکی ئێران توشبووی ماددە هۆشبەرەکانن و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن کەسیش جگەرە دەکێشن. پەرەسەندنی لەشفرۆشی و دابەزینی تەمەنی لەشفرۆشی بۆ ١٠ ساڵ، بوونی ١٥٠ هەزار کارتۆنخەو و وازهێنانی یەک لە چواری قوتابیان لە خوێندن بەشێکی دی لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانن کە لە سایەسەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە بەرۆکی وڵاتی گرتوە.



### پشک و ڕۆڵی دەسەڵات لە خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا

بێگومان کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک دەسەڵاتی بەڕێوەبەری و حوکمەتکردنی بەسەر ئێراندا خۆی هۆکاری سەرەکیی خولقانی ئەم دۆخەیە و بەو هۆکارانەی خوارەوە بەشی شێری لە پەرەسەندنی خەسارە کۆمەڵایەتییەکاندا پێ دەبڕێ:

* دابەشکردنی ناهاوسەنگی داهاتە نیشتمانییەکان لە سۆنگەی گەندەڵی و ڕانتخۆری و ئەو ئیمتیازانەی توێژی دەسەڵاتدار پاوانی خۆیان کردووە.

* بەردەوامی لە سیاسەتی چەوت و هەڵە لە ناوچە و لە کۆمەڵگەی جیهانیدا، هێشتنەوەی گرژییەکان لەگەڵ ڕۆژاوا و لەو سۆنگەیەوە کشانەوەی وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتییەکان و خاوبوونەوەی ڕەوتی گەشە و پەرەپێدانی وڵات و پەراوێزخرانی ئێران لە بازاڕی جیهانیدا.

* سیاسەتی چەوت و نەگونجاوی حەشیمەتیی وڵات بەپێی ناهاوسەنگیی لەگەڵ سەرچاوەکانی وڵات. کۆماری ئیسلامی دەیەوێ ڕێژەی حەشیمەت هەتا ئاستی ١٢٠ میلیۆن بباتە سەرێ، بەڵام سەرچاوەکان لە ئێران بۆ نیوەی ئەو ڕادەیەش کەمی دێنن.

* تێکدان و وێرانکردنی ژینگە بەهۆی ڕەچاونەکردنی پێویستی و بنەما زانستییەکان لە دروستکردنی بە لێشاوی بەنداوەکاندا، نەپاراستنی دارستان و لێڕەوارەکان و پیسکردنی ژینگە بەهۆی پاشماوە پیشەییەکان.

* خەرجکردن و تێدابردنی بە میلیارد دۆلار لە سەرچاوەکان وڵات بۆ بەرنامە سەربازییەکان لە پێناو سەرکێشی و هێژمۆنیخوازییەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا.

* سیاسەتی پاوانخوازانەی حاکمییەت لە جێبەجێکردنی شەریعەت و سەپاندنی ڕا و بۆچوونی مەلاکان و هێزە چەکدارەکان بەسەر کۆمەلگەدا.


* تێدابردنی سەرچاوەکان بەهۆی ناکارامەیی سیستمی بەڕێوەبەریی وڵات.

* نەهادینەبوون و جێکەوتنی «گەندەڵیی سیستماتیک لە نێو حاکمییەتدا و خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لە هەموو جومگەکاندا».

سروشتییە بۆ بەربەرەکانی و مودیرییەتی هەرکێشە و خەسارێکی کۆمەڵایەتی دەبێ لە پێشدا دانی پێدا بنێی و بە ڕەسمیی بناسی، بابەتێک کە کاربەدەستانی سەرووی ئێران زۆر جار حاشای لێ دەکەن، یان بەرەوئاوەژوو پیشانی دەدەن و بە دەستبردنە نێو ئامارەکان، ڕاستییەکان چەواشە دەکەن. جیا لە بەڕەسمی ناسین، ئەمجارەیان بەرەوڕووبوونەوە و مودیرییەتی خەسارە کۆمەڵایەتییەکان ئیرادە و ویستی نیشتمانی و شێلگیرانە و بەرنامە و پلانی لە بوارەکانی نەهێشتنی بێکاری، بەرگرتن بە گرانی، فێرکردن، بردنەسەرێی ئیمکاناتی خۆشبژیوی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆ خێزانەکان و هیوابەخشین بە لاوانی دەوێ، کە بە داخەوە ئەو بابەتانە کەمترین بایەخیان لای دەسەڵات هەیە و ئەگەر بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامی گرینگییان بەو بنەمایانە دابا، ئێستا دۆخی کۆمەڵایەتیی ئێران بەو چەشنە نەدەبوو.

## ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان: ئێعدامی قازی محەممەد، لەداردانی مافی مرۆڤ بوو لە کوردستان

ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵیادی ئێعدامکرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستاندا بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە. ڕێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان لە سەر ئەو باوەڕەیە کە لە سێدارەدانی قازی محەممەد لەو قۆناخە مێژووییەدا بە دەستی ڕێژیمی پەهلەوی، لەداردانی مافی مرۆڤ و تیربارانی ویژدانی مرۆڤایەتی لە کوردستان بوو و کورد و کۆمەڵگەی کوردستان ئەو کردەوە نامرۆیی و ناجوامێرانەیە قەت لەبیر ناکا. لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە: هەر وەک مێژوو شاهیدی ئەر ڕووداوە ناخۆشەیە، لە سەردەمی حکوومەتی دیکتاتۆڕیی پێشوو و لە ئاکامی ستەمی دەسەڵاتدارانی ئەو کات




لە ٧٢ ساڵ لەمەو پێش وڵاتی ئێران کەوتە دەستی داگیرکەرانەوە. لە ئاکامدا حکوومەتی ناوەندی هەڵوەشایەوە و سەرەتاییترین مافی خەڵک پێشێل کرا و کەرامەتی خەڵک دزرا.


هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە، قازی محەممەد و هاوڕێیانی ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، بە ڕاگەیاندنی خودموختاریی کوردستان لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئێراندا، توانییان ئەمنییەت و ئاسایش بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەن تاکوو خەڵکی کوردستان مافی سیاسی، نیزامی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی خۆی هەبێ. ئەگەرچیش تەمەنی کۆماری کوردستان کەم بوو، بەڵام بەها و بایەخ و یادگاری گەورەی لەخۆی بەجێهشیت و دەبێ هەوڵەکانی قازی لەبیر نەکەین. لە کۆتایی ئەو بەیاننامەیەدا هاتووە ئەو کردەوە نامرۆیی و ناجوامێرانە کە بە دوای ئەودا دەیان کوردی دیکە ئێعدام کران، هیچ کات نەیتوانی خەڵک لە وەرگرتنی مافی خۆی دڵسارد بکاتەوە و نەتەوەی کورد زیاتر لەسەر داوای ڕەوای خۆیان سوورتر بوون.

# کوژران و برینداربوونی ١٨٣ کۆڵبەر، گرتنی٦٦٧ چالاکی سیاسی ئێعدامی ٧٠ بەندی و تەقینەوەی مین لە بن پێی ٤٦ کەس لە کوردستان لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی‌دا

لە درێژەی پێشێلکردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەهۆی دەزگای قەزایی و داموودەزگا سیاسی و ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، لە ماوەی ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویشدا لانیکەم ١٠٥٠ حاڵەتی زبری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ ڕووی داوە. با بەخێرایی چاوێک بەسەر چەند حاڵەتێکی زبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە ساڵی ١٣٩٦ی هەتاویدا دەخشێنین:

### کۆڵبەرکوژی

لە کاتێکدا کۆڵبەرکوژی و سەرکوت و کوشتاری خەڵکی کاسبکاری ناوچە سنوورییەکان بەشێکی سەرەکیی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستانن، لە ماوەی ئەم ساڵەدا ١٨٣ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لە دەست داوە و بریندار بوون. وردەکارییەکان دەریدەخەن کە لەو ١٨٣ قوربانییەی ئەمساڵ ٧٩ کەسیان کوژراون و گیانیان لە دەست داوە، هەروەها ١٠٤ کەسیش بریندار بوون.




### ڕەشبگیر و گرتنەکان

لە ماوەی ساڵی ١٣٩٦دا ئەوەندەی سەرچاوەکانی هەواڵ پشتڕاستیان کردووەتەوە و دەستیان بە زانیارییەکان ڕاگەیشتووە، ٦٦٧ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. لەو ٦٦٧ کەسەی لە ماوەی ئەمساڵدا دەسبەسەر کراون، لانیکەم ٥٢ کەسیان دادگایی و سزای لە شەش مانگ تا سزای درێژخایەنی ٣٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە و سەرجەم ٢٨٦٩ مانگ (٨٨٩٣٩ ڕۆژ) زیندانییان بەسەردا سەپاوە. هەروەها ٦ بەندکراوی کوردیش بە تۆمەتی محاربە و ئەندامەتیی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆن سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە و ١٠ بەندکراوی کوردیش لەژێر ئەشکەنجەدا و لە گرتووخانەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا گیان لێ ئەستێندراوە.

### ئێعدامەکان

ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٦دا لانیکەم ٧٠ کەس بووە کە بەپێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە، لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا کورد هەر بەشی شێری بەرکەتوە. بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی لە ساڵی ١٣٩٦دا لە کوردستان ئێعدام کراون، بە تۆمەتی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر و دەستدرێژی لە دار دراون و زیندانییەکی سیاسیی کوردیش بەهۆی ئەندامەتیی حیزبێکی دژبەری کۆماری ئیسلامی و چالاکیی ئەمنیەتی لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێعدام کراوە. بەردەوامیی ئێعدامی بەندکراوانی پێوەندیدار بە ماددەی هۆشبەر لە حاڵێک دایە کە مەجلیس دەیەوێ بە پەسندکردنی قانوونێک سزای ئێعدام لەسەر ئەو تاوانانە هەڵبگرێ و سزای زیندان و جێگرەوەی دیکەیان لە بری ئەوە بۆ لەبەرچاو بگرێ. مەجلیسی شوورای ئیسلامی بە ڕەسمی داوای لە دەزگای قەزایی کردوە هەتا یەکلابوونەوەی ئەو قانوونە دەست لە ئێعدامکردنی زیاتر لەو ٥ هەزار کەسە بپارێزێ کە لەو سۆنگەیەوە سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە؛ بەڵام دەزگای قەزایی بێ‌گوێدانە ئەو داوایە لە جێبەجێکردنی سزای ئێعدامەکان بەردەوامە.

### قوربانییانی تەقینەوەی مین

ژمارەی قوربانیانی مینە لەکارنەخراوەکان لە ساڵی ٩٦دا لانیکەم ٤٦ کەس بووە. وردەکارییەکان دەڵێن لەو ٤٦ کەسە ٣٨ کەسیان بریندار و نقوستان بوون و ٨ کەسیشیان گیانیان لە دەست داوە؛ بەڵام بە دڵنیاییەوە ئاماری ورد و دەقیقی قوربانیانی تەقینەوەی مین _ بەهۆی ئەوەی هەواڵدەرییە ڕەسمییەکان خۆ لە بڵاوکردنەوەیان دەبوێرن یان ناوی قوربانیان ئاشکرا ناکەن_ لەوەندە زیاترە کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆماری کردوە. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن ١٦ میلیۆن مینی پاشماوەی شەڕی عێراق و ئێران لە خاکی ئێراندا هەڵنەگیراونەتەوە، هەروەها لە ساڵی ٦٧ ی هەتاوییەوە کە شەڕی ئێران و عێراق کۆتایی هاتوە تا هاوینی ساڵی ٩٣ _کە دوایین ئامارە ڕەسمییەکان لەو پێوەندییەدا بڵاوبوونەتەوە_ هەرنەبێ ٣٦٨ کەس لە کوردستان بەهۆی تەقینەوەی مین گیانیان لە دەست داوە و ١٦٠٠ کەسیش بریندار بوون.

### خۆکوژی

خۆکوژی لە کوردستان دیاردەیەکی خەفەتباری دیکەیە کە بەهۆی بێمافی و هەروەها پەراوێزخرانی کوردستان لەلایەن حکومەتەوە خەسارەکانی لەچاو ناوچەکانی دیکەی ئێران گەلێ زیاترە. ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەمساڵدا لانیکەم ٩٠ کەس لەو سەدان کەسەی بەهۆی جۆراوجۆی وەک هەژاری و کێشەی خێزانی هەوڵی خۆکوژییان داوە، هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو بووە و کۆتاییان بە ژیانیان هێناوە. لەو ٩٠ کەسە ٥٧ کەسیان پیاو و ٤٣ کەسیان ژن بوون و کەم تەمەنترینیان کچێکی ١٨ ساڵ و بە تەمەنترینیان پیاوێکی تەمەن ٦٠ ساڵ بووە. ئاماری پەنابردن بۆ خۆکوژی لەو ماوە زەمەنییە دوو هێندەی قوربانیانی ئەو دیاردەیە بووە کە یان خۆکوژییەکانیان سەرکوتوو نەبوون یان کەسوکاریان بەوەخت توانیویانە بە هانایانەوە بچن و لە مردن ڕزگاریان بکەن.

### قوربانییانی ڕووداوی کار

ژمارەی قوربانیانی ڕووداوی کار لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا ٥٥ کەس بووە. لەو ٥٥ کەسە ٣٩ کەسیان گیانیان لە دەست داوە و ١٦ کەسیش بریندار و نقوستان بوون. گیانلەدەستدان و نقوستانبوونی کرێکاران لە کوردستان بەهۆی ڕووداوی لە حاڵێک دایە کە تەنیا سەدی ١٠ی ئەم کرێکارانەی لە کاتی کارکرندا تووشی ڕووداوی کار دەبن بیمەن و، سەدی ٩٠ی کرێکاران، بە تایبەت کرێکارانی کەرتی بیناسازی لە ژێر چاودێریی هیچ بیمەیەک دانین.

هەروەها بارودۆخی کرێکارانی کورد لە ساڵی ١٣٩٦دا دڵتەزێنتر و نالەبارتر لە ساڵانی پێشوو بوو، و مووچە و حەقدەستی کرێکاران لە زۆربەی کارخانە و ئیدارە دەوڵەتییەکانی وەک شارەوانی سێ مانگ و تەنانەت شەش مانگ دواکەوتوە و ئەوە جیا لەوەی دەرکردن لە کار و بێکارکرانیان هەمیشە وەک مۆتەکە بەسەریانەوە بووە.

ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بەهۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە ڕاگەیەندراوە.

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی بەهار کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p٨٨١

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی هاوین کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p١١١٨

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی پاییز کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p١٢٧٦

* بۆ بینینی خشتە پێنوێن و وردەکاریی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وەرزی زستان کلیک لەسەر ئەو لینکە بکە:
http://chawnews.com/?p١٥١٤

## ئیسلامی سیاسی و ڕەوتە گرینگەکانی لە ئێران دا



حەسەن حاتەمی

### مەجلیسی شوورا و بارمتەگیری

لە ڕەوتی ڕووداوی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمریکا و بارمتەگرتنی کارمەندەکانی وەک باس کرا، بەشێکی هەرە گرینگی کێشەکەی ئەوکات چارەنووسی بارمتەکان بوو. ئەو ٥٢ کەسەی ماوەی ٤٤٤ ڕۆژ، بە ڕواڵەت لە ژێر دەستی «خوێندکارانی هێڵی ئیمام»دا بوون.

دوای عەمەلیاتێکی کۆماندۆیی بێ ئاکامی نیزامی لە ٥ی گوڵانی ١٣٥٩ی هەتاویدا، کە بە ڕووداوی تەبەس ناونرا، بارمتەکان دابەش کران و ٤ کەس لە تاران مانەوە. ئەوانی دیکەش بۆ شوێنی جۆراجۆر لە نێوخۆی ئێران ڕاگوێزران. پاشان هەوڵی وتووێژ و ڕاوێژ و بەرێوانی هاتنە ئاراوە. وڵاتی ئەلجەزایر بوو بە بەرێوان. ئەو وڵاتە پێشینەی خێری بۆ ڕێژیمی شا لە ساڵی ١٩٧٥دا، هەبوو._ لە بەشێکی ڕێککەوتنامەی ئەلجەزایریشدا، بەداخەوە خودموختاری «حوکمی زاتی» ١١ ی ئازاری ١٩٧٠ی باشووری کوردستانی بەمێژوو سپێردرا._

لە مەجلیسی شووڕادا کۆمیسیۆنێکی تایبەت بۆ چارەسەری کێشەی بارمتەکان دامەزرا. ئەو کۆمیسیونە لە ١١ی گەلاڕێزانی ١٣٥٩ ڕاپۆرتێکی ئامادە کردبوو کە لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیسدا باسی لەسەر کرا. لە ئاکامدا، ڕاگەیاندراوێکی بە شێوەی بڕیارنامە دەرکرد و ٤ مەرجی بۆ ئازادکردنی بارمتەکان دانا کە بریتی بوون لە:

١_ ئازادکران و لابردنی بەربەست بۆ ئەموال و دارییەکان لە نێوخۆی ئێران
٢_ دواییهێنان بە هەموو کێشەکان و بڕیاری ڕاگیرانەکان بە دژی ئێران
٣_ تەحویل دانەوەی ئەموالی شاه و ئەندامەکانی بنەماڵەکەی
٤_ دەستێوەرنەدانی ئەمریکا لە کاروبارەکانی ئێراندا.

هەلومەرج لەنێو دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە نێوان دوو «ڕێفڕاندۆم» و سێ هەڵبژاردندا، دوای پتر لە ساڵێکی، گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. ڕوانگەکان، جیاواز بوون و ململانێیەکی نوێ دەستی پێ کردبوو. بە پێی ڕووداوەکان و دوای پتر لە ٣٠ ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەواندا، لێدوان و بیرەوەرییەکانی کاربەستانی دەسەڵاتدار_ کە بەرپرسیاری سەرەکیی بوون_ ئەوە دەسلمێنن.

حیزبی جمهووریی ئیسلامی و هاوتەریبەکانیان کە زۆرینەی کورسییەکانی مەجلیسی شووڕایان پێبوو و ئا. خومەینیش پشتیوانیان بوو، بە تەمای بە دەستەوەگرتنی هەموو جومگەکانی دەسەڵات بوون. مەسەلەی بارمتەکانیش دەرفەتێکی باش بۆ ئەو حیزبە بوو.

نوێنەرانی خولی یەکەمی مەجلیسی شوورا پێیان وابوو کە چۆنیەتیی هەڵویستی ئەوان لەبارەی بارمتەکان، کاریگەریی خۆی دەبێ.، بەڵام ئەوەی کە چۆن بە قازانجی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو کەڵکی لێوەرگرن، یەک بۆچوون نەبوون. لیبراڵەکان_ بەتایبەتی نوێنەرانی نێهزەتی ئازادی_ و ژمارەیەکی دیکەش کە کەسانی توندڕۆی وەک: «محەممەد مونتەزیری»شیان تێدابوو، ڕایان وابوو، پێویستە ئەو مەسەلەیە جۆرێک چارەسەر بکرێ کە بۆ جیمی کارتێر ببێتە ئیمتیازێک کە بۆ خولی دوویەمیش لە سەرکۆماریدا، بمێنێتەوە. چوونکە ڕکەبەرەکەی ڕۆناڵد ڕێگانە و کۆماریخوازێکی توندڕۆیە کە بۆ ئێران کێشە خوڵقێنترە. ژمارەیەک لەو کەسانە بریتی بوون لە: «کازم سامی، ئەحمەد سەدر حاج سەید جەوادی، محەممەد عەلی هادی، محەممەد مونتەزیری، هاشم سەباغیان، ئیبراهیم یەزدی و هاشم ڕەفسەنجانی کە سەرۆکی مەجلیس بوو.»

ڕوانگەی دوویەم کە زۆربەیان ئەندامانی لاو و توندئاژۆ بوون، پێیان وابوو دێموکرات و کۆماریخوازی ئەمریکایی جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە و هەردووکیان، بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران پیلان دەگێڕن. مەنووچێر مووتەکی_یەکێک لە وەزیرانی دەوڵەتی ئەحمەدی نیژاد_ لەو پێڕە بوو.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٥ی گەلاڕێزانی ١٣٥٩، لە کاتی هەڵمەتی تەبلیغاتی هەڵبژاردنی چلەمین خولی سەرکۆماری ئەمریکا _کە یەکشەممە ٩ی نۆڤێمبری ١٩٨٠، واتە ٤ ڕۆژ دواتر بەڕێوە دەچوو_ هەموو مەرجەکان بۆ چارەسەری بارمتەکان ئامادە کرابوو. بڕیاری نافەرمی ئەوە بوو کە پێنجشەممە بەیاننامەی ئەلجەزایر بەهۆی نوێنەرانی مەجلیس پەسند کرێ و هەر ئەو ڕۆژە یا ئەوپەڕەکەی، ڕۆژی دواتر کە هەینی بوو بارمتەکانی ئازاد کرێن و ببرێنە بنکەیەکی نیزامی ئەمریکایی لە وڵاتی ئاڵمان و لەوێڕا بۆ کۆشکی سپی بەڕێ کرێن و کارتێر پێشوازییان لێ بکا. ئەو کارە بە پێی بۆچوونی یەکەم لە مەجلیسدا، بەهێزترین کارت بۆ سەرکەوتنی کارتێر دەبوو.

بەڵام ٢٧ کەس لە نوێنەرە توندڕۆیەکان _کە ناوی فراکسیۆنێکی نەنووسراویان هەبوو_ لە دوایین خولەکەکانی دەنگدان، مەجلیسیان جێ هێشت و بۆ یەکەمین جار بە «آبستراکسیون» مەجلیسیان لە زۆرینە خست. نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە بە پێی ئاییننامە، تەواوبوونی کۆبوونەوەی ئاشکرا ڕاگەیاندرا. تاوتوێی بەیاننامەکەی ئەلجەزایر بۆ حەوتوویەک دواتر تووڕ هەڵدرا. جیمی کارتێر شکستی خوارد و ڕۆناڵد ڕەیگان سەرکەتوو بوو.

وەک لە ئاڵقەکانی ئەم نووسینە لە پێشوودا ئاماژەی پێکرا، ڕەوتی جیهانی بە ئاقارێکی توند ئاوژۆیانەدا، هەنگاوی نا. لەو ململانێیەدا، حیزبی جهمووریی ئیسلامی تووشی دووبەرەکی لەسەر ئەو کێشەیە بوو. ئەو ٢٧ کەسەش تەنیا ڕێگایەکی یاسایی کاریگەرکە لەبەر دەستیان بوو ئەنجامیان دا. ئەگینا ئەوکات کاریگەریی ڕەفسەنجانی چ لەنێو حیزبی جمهووریی ئیسلامی و چ لە مەجلیس و لای خومەینیش زۆرتر لەوانی دیکە بوو. بەڵگەی ئەو ڕووداوە لە مەجلیسی یەکەم و کاریگەریدانان لەسەر هەڵبژاردنی سەرکۆماری لەوانەیە لە داهاتوودا، پتر ڕوون بێتەوە. وەک فایلی بە ڕێبەرکردنی خامنەیی، کە لە دوای پتر لە ٢٨ ساڵ بڵاوکرایەوە.

دەوڵەتی ڕەجایی بە پێی ئەو بڕیارنامەی ئاماژەی پێکرا، بێهزادی نەبەوی _ وەزیری ڕاوێژکار لە بەشی ئیجرایی_ کردە مەئمووری کێشەکە. ئەویش لەگەڵ بانکی ناوەندی و چەند بەشی دیکە گرووپێکیان دروست کرد و دوای پتر لە دوو مانگ قسە و باس، بەیاننامەی ئەلجەزایریان لە ڕێکەوتی ٢٩ی بەفرانباری ١٣٥٩ (١٩ ی ژانویەی ١٩٨١) دا، بڵاوکردەوە کە لە دوو بەڵگەی سەرەکی پێک دەهات.

لە بەڵگەی یەکەمدا، زۆربەی ئەو ٤ ماددەیەی کۆمیسیۆنی مەجلیسی شووڕای تێدابوو. بەڵام دەوڵەتی ئێرانیش قبووڵی کردبوو بارمتەکان ئازاد بکا و پاشان چارەسەری کێشەکان و ئیدیعاکانی ئێران لە مەحکەمەکانی ئەمریکایی یا وڵاتانی دیکە لە ڕێگای ناردن بۆ دادوەری نێونەتەوەیی ئەنجام بدرێن.

لەبەڵگەی دوویەمیشدا، بیاننامەیەکی ٨ خاڵیی دوولایەنی نووسرابوو، کە هەیئەتێکی ٩ کەسی بە ناوی «دیوانی دادوەری ئیدیعاکانی ئێران_ئەمریکا» لە شاری لاهەی هولەند دروست کرێ، هەتا بە ئیدیعاکانی دوولایەنی ناکۆک لەنێوانیان و هەموو بەشەکانی بازرگانی، ئیجرایی و بەیانییەکان ڕابگەن.

بەڵگەیەکی سێیەمیش، لە کۆی بەڵگەگەلێکی ناونراو بە بەیاننامەکانی ئەلجەزایر هەبوو، کە بۆ بەرپرسیارەتیی مکانیزمەکانی ئیجرایی بەشێک لە بەرعۆدەکانی ماڵی ئەمریکا و ئێران تەنزیم کرابوو.



فارین پاڵیسی_جەیمز تراوب
و: کەماڵ حەسەنپوور

# سەردەمی پاکڕەوشتیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەسەر چووە

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست گۆڕستانی ئایدیالیزمی سیاسەتی دەرەوەی ئامریکایە. بۆ جیلی ڕابردوو، ویلایەتە یەکگرتووەکان بە هیوای دووبارە دارشتنەوەی ناوچەیەکی سەرکێش و گەلێک گرینگ، گشت چەکوچۆڵێکی کە لە بەردەستی دابووە بەکاری هێناوە: گۆڕینی ڕێژیم، پشتگیریی لە دێموکراسی، دژەسەرهەڵدان، دەستوەردانی مرۆیی، باشوێژیی لە بارەی مافەکانی مرۆڤ و مافی چارەی خۆنووسین. ویلایەتە یەکگرتووەکان چ شتێکی هەیە کە بۆ ئەو هەموو تێچووەی گیانیی مرۆڤ، پارە، هیوا و فکرانە بتوانێ نیشانی بدا؟ لەمەش گرینگتر، دەبێ هاووڵاتی ئاسایی کە لە کۆتاییدا لە میسر، بەحرەین، لیبی، سووریە و عێراق چارەنووسی خۆیان گرتە دەست، چی نیشان بدەن؟ مردن، زیندانیبوون و ترس. ئاشتی زۆر بە دەگمەن ڕووی لە خۆرهەڵاتی ناوین کردووە، بڕوانە سووریە، یەمەن یا لیبی، بەڵام ئەو هەستەی کە داهاتوو لەوانەیە لە ڕابردوو باشتر بێ وەک زۆر شتی دی نێژراوە.

من کاتێک کە [کتێبی] «نەزمی دوای خۆڵەمێشان: بناخە نوێیەکانی تەناهی لە خۆرهەڵاتی ناوین»م خوێندەوە، کە کۆکراوەی چەند نووسراوەیە کە لەلایەن [چاپخانەی] سێنچری فاوندەیشن چاپ کراوە، خۆم ناچار کرد کە بیر لەم گۆڕستانە بکەمەوە. کتێبەکە بانگهێشتمان دەکا کە بڕوانینە داهاتوو، بەڵام خودی خوێندنەوەکەی ناچارت دەکا ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەیەوە. بڕوانە ئەم سەردێڕە: «خۆڵەمێش»ەکانی کە باسیان لێوەدەکرێ گشت ئەو شتەیە کە پاشماوەی ئەم ئاگرانەیە کە ئامادە بوون لە ٢٠١١ جیهانی عەرەب هەڵلووشن. لە کۆکراوەیەکی ٢٠١٧، سیاسەتی عەرەب دوای سەرهەڵدانەکان: ئەزموونەکانی سەردەمی سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆری، سەدەیەک بڕوا وابوو کە ئەم ئاواتانە لەنێو چووبوون. ئێستا پرسیار دەکا کە ئاخۆ شتێک ماوە کە شایانی دروست کردنەوە بێ لە سەر ئەم مەیتخانەیە؟

ئەم شتە (نەزمە)، کە دەبێ بگوترێ نەزمێکی ویستفالیی دەوڵەتانێکە کە بە یەکەوە بەناوی ئاسایشی ناوچەیی هەنگاو دەنێن. ئەو شتەی کە گەلێک گاڵتەجاڕانەیە و بۆ بیر لێکردنەوە دەبێ، ئەوەیە کە ناوچەیەک کە لە سەرەتادا بە داگیرکاریی ئامریکا بۆ ڕووخاندنی دیکتاتۆرێکی بێزراو و ڕێخۆشکردن بۆ گەشەسەندنی دێموکراسی سەراوبن کرا، ئێستا ڕێگای پێ دەدرێ کە هەوڵ بۆ ئاشتییەکی دیکتاتۆرانە بدا. بەڵام ئێمە لە هۆیەکەی تێدەگەین: دیکتاتۆرەکان لە بەشێکی بەرچاوی ناوچەکە دەسەڵاتی خۆیان پتەو کردووە. لە هەموویان خراپتر، بەشار ئەلئەسەدی سووریە، لەوانەیە تەنیا چەند حەوتوو لە بەدەستەوەگرتنی کۆنترۆڵ بەسەر نزیکەی دوو لە سەر سێی ڕووبەری وڵاتەکەی دوور بێ و بۆیە دەتوانێ بانگەشەی شێوەیەک لە سەروەری بکا. جیهانی عەرەب زۆر لە گەڕانەوە بۆ دۆخی باوی سەدەی بیستەم دوور نییە، بەڵام بە دابەشبوونی دەسەڵات بە شێوەیەکی گەلێک جیاواز لە نێوان یاریکەرە سەرەکییەکاندا. جگە لەمە، ئەو شتەی کە لە ناوچەکە بەرەوپێش دەچێ مافی تاکەکان نابێ بەڵکوو کێبڕکێی نێوان وڵاتەکانە.

لێرە من وەک ئایدیالیستێکی مارانگەز قسە دەکەم بەڵام پێم وانییە بەتەنیا بم. من لە ٢٠٠٩ چوومە ئەفغانستان تا چالاکیی دژی بەرهەڵستکاران ببینم، ستراتێژییەک کە لە دەرەوەی قەندەهار کەڵکی لێوەردەگیرا. من پێم وابوو کە ئەم ستراتێژییە بیرۆکەیەکی باشە، ئەگەرچی لەوانەیە کاتی پێویست بۆ کاریگەریی نەبێ. بەڵام دوایە گەیشتمە ئەم ئاکامە کە ئەمە بۆ وڵاتێکی بە تەواوەتی جیاواز باش بوو. ئەفغانستانی فرەمەزن، سنوورەکان فرەئاواڵە و خەڵکەکەی زۆر کەم وڵامی دەسەڵاتی ناوەندیی دەدەنەوە. من پێم وایە کە سەرۆک کۆمار ئۆباما ئاواتی دەخواست کە بە قسەی جێگری سەرۆک کۆمار، جۆ بایدێنی کردبا کە ئامریکا بۆ پارێزگاری لە بەرژەوەندیی خۆی جەخت لەسەر دژایەتیکردنی تێرۆریزم بکا و ئەفغانستان بۆ خۆیان [ئەفغانستانییان] جێ بهێڵێ.

کاتێک کە لە کۆتاییەکانی ژانوییەی ٢٠١١، گەڕەدەلوولی بەهاری عەرەبی گەیشتە میسر، من بێسەبرانە چاوەڕوان بووم کە ئۆباما لایەنی خەڵکی میسر بگرێ و داوا لە سەرۆک کۆمار حوسنی موبارەک بکا کە واز لە دەسەڵات بێنێ. لە کۆتاییدا ئەو ئەم کارەی کرد و کاتێک کە موبارەک ڕەزامەندیی دەربڕی کە دەستبەجێ [لە پۆستەکەی] دەست هەڵگرێ، گشت میسر نوقمی شادی بوو. وێدەچوو ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ یەکەم جار لایەنی دروستی مێژووی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبژاردبێ. بەڵام ئاراستەی مێژوو بە لایەکیتردا چوو. وەزیری کاروباری دەرەوە، هیلاری کلینتۆن، سەری لە بێ دەسەڵاتیی ڕێبەرانی جوولانەوە سوڕ مابوو و ئامۆژگاریی ئۆبامای کرد کە پشتگیریی لە دەستاودەست کردنی دەسەڵات بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بکا. بە ئاوەڕدانەوە بۆ دواوە دژوارە ببینین کە چۆن ئەمە ئاکامێکی جیاوازی لێدەکەوتەوە. بەڵام دوودڵیی کلینتۆن ڕەوا بوو.

ئاخۆ ئەو ئاکامگیرییەی کە دەتوانین لەم بەفیڕۆدانە ترسناکە وەریگرین ئەمەیە کە باشتر دەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە سەدەی ٢١، وەک چۆن لە سەدەی پێشتر کردی، پشتگیریی لە هاوپەیمانە دیکتاتۆرەکانی کردبا؟ بێگومان، کارەساتی عێراق، زۆر درەنگ، فێری ژیریی سیاسەتی بەسەبری پێشگیری و کۆنترۆڵی کردین، ئەگەرچی لەوانەیە نائومێدکەر و تەنانەت مەترسیدار بێ. ئاکامە وێرانکەرەکانی دەستوەردان لە لیبی جارێکیتر، فێری ئاکامە نەخوازراو و پێشبینینەکراوەکانی هەوڵی خێرخوازانەی کردین. بەڵام هەڵوێستی بە پرەنسیپی ئۆباما، وەک بۆخۆی وای سەیر دەکرد، لە یارمەتیی بەرچاو بە نەیارانی سووریە چی؟ سووریەیان بە تەنیا لە گێژاوی کارەساتی مەزنتر لە هی عێراق جێهێشت، نیشانیان دا کە ئاکامەکانی بێهەڵوێستیی بە قەد هەڵوێست گرتنە. هەرچەندە «واقیعگەرا» ش بن، ناتوانن لە ئاکامی سووریە ڕەزامەند بن. مێژووی ئەم دواییانە بەوە دڵخۆشمان ناکا کە چارەنووسی گشتیی مێژوو بەرەوە دادمەندییە، وەک ئۆباما زۆر جار دەیگوت. سەرەڕای ئەمە، من ئێستاش لەسەر ئەم بڕوایەم کە دەبوو بە هەمان شێوە هەڵسوکەوتمان کردبا. من لەمە پەشیمان نیم کە ئۆباما داوای لە موبارەک کرد کە واز لە دەسەڵات بێنێ و ئاواتم دەخواست کە ئەو لە ٢٠١٢ یارمەتیی نەیارانی سووریەی کردبا. دیسانیش وێرانەکان وەبیرمان دێننەوە کە ئێمە چەندە کەم دەتوانین چارەنووسی ئەم خەڵکانە بگۆڕین کە لەنێو وڵاتانی ستەمکاردا دەژین. ئێمە هەوڵی زۆرمان دا، و زۆر بەدووره (ڕەنگبێ جگە لە سووریە) کە ئەگەر هەوڵی زیاتریشمان دابا جیاوازییەکی هەبا.

نەزمی دوای خۆڵەمێشان بانگهێشتمان دەکا کە هێڵێک بە بن ئەو سەردەمدا بکێشین و بڕوانینە ئاکاری دەرەکیی ئەو دەوڵەتانەی کە دوای بشێوییەکە سەریان هەڵداوە. بەڕاستی، ململانێ هەنووکەییەکانی دەسەڵاتەکانی ناوچە وێدەچێ کە تەشەنە بکا. ڕەنگبێ، پاشان لە سەرەتای گەڕانەوەی کەشوهەوای وێستفالی لە خۆرهەڵاتی ناوین دەرفەتێک بۆ شێوەی نوێی هاوکاری لە نێوان دەوڵەتەکان بڕەخسێ. بەڵام یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە بۆچی کێشەکە خۆماڵییە ئەوەیە کە وڵاتانی جیهانی عەرەب ئەو شتەی کیسینجێریان قبووڵ نەکردووە کە لە کتێبی «نەزمی جیهان وەک پرەنسیپی سەرەکیی سیستەمی وێستفالی»ی باسی دەکا، واتە ویستی ڕێگادان بە گشت وڵاتێک کە چارەسەری نەزمی نێوخۆ بکا، هەروەک شازادە پرۆتێستان و کاتۆلیکەکان لە کۆتایی شەڕی سی ساڵەدا کردیان. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لە هەردوو وڵاتی یەمەن و سووریە، نەزمێکی شیعی خەریکی پاکانە حیسابە دژی لایەنی سوننی بە ڕێبەرایەتی عەرەبستانی سعوودی. ئەگەر سعوودییەکان بەڕاستی ڕێبەری مەزنی ئێران، ئایەتوڵڵا خامنەیی، لە بواری ئەخلاقییەوە هاوتای هیتلێر دەبینن، هەر وەک شازادەی جێگرەوەی سعوودی، محەممەد بین سەلمان بە [پرۆگرامی] ٦٠ چرکەی گوت، دەبێ چاوەڕێی شتی خراپتر بین.

زۆربەی نووسەرانی کتێبی سێنچری [کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا] چاوەڕوانییەکی دیکەیان نیە. هەندێکیان وێدەچێ بڕیاریان دابێ کە هەڵسوکەوت لەگەڵ بابەتێک بکەن کە گریمانە پڕهیواکانی ئەویان قبووڵ نیە. برایان کاتولیس، پسپۆڕێکی بواری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە ناوەندی گەشەی ئامریکا، باسی دوورەدیمەنی نەزمێکی نوێی ناوچەیی وەک شتێکی «لیڵ، ئەگەر هەر بوونیشی هەبێ» دەکا. کاتولیس بە وردی باسی ئەزموونەکانی هەوڵە شکستخواردووەکانی حەفتا ساڵی ڕابردوو بۆ دروستکردنی نەزم لە ناوچەکەدا دەکا: «کێبڕکێی جوگرافیای سیاسی (ژێئۆپۆلیتیک) بەسەر هاوکاریدا زاڵە»، «ترس لە باڵادەستیی جوگرافیای سیاسی پێش بە هاوکاریی ئاسایشی ناوچە دەگرێ»، «پێناسەکانی هەڕەشەی هاوبەش ئەولەوییەتەکان و بەرژەوەندییەکان دەشارنەوە.» بەڵام چونکە نەزمێکی ئەوتۆ «لە ڕاددەبەدەر گرینگە کە دەستی لێهەڵگیرێ،» هەر وەک لە مانشێتی نووسراوەکەی کاتولیس دەردەکەوێ، ئەو پێشنیار دەکا کە ویلایەتە یەکگرتووەکان دەتوانێ هەنگاوی بەکردەوە بگرێتە بەر، لەنێویاندا پێشگرتن بە هاوپەیمانەکانی بۆ ئەنجامدانی «هەڵەی لەخۆڕا و کارەساتباری ستراتیێژیک،» وەک شەڕی سعودی_ئیماڕاتی لە یەمەن.

هەڵبەت ئەمە ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە شێوازی بیرکردنەوە نە تەنیا لە خەلیج بەڵکوو لە واشینگتۆنیش دەخوازێ. لە شوێنێکی دیکەی نەزمی دوای خۆڵەمێشان، پسپۆڕی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بروس جێنتێلسۆن، پێشنیاری پێداچوونەوە بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا دەکا کە لەویدا ڕێگا بە دیپلۆماسی بەرامبەر بە ئێران و وەستاندنی پشتیوانی لە دیکتاتۆرێکی خاوەن کاریزما وەک محەممەد بین سەلمان و قبووڵکردنی ڕەوایی ئیسلامی سیاسی بدرێ. تا ئێستا بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ دەستئاواڵەیی بێسنووری بە سعودییەکان هەم لە یەمەن و هەم لە کەمپەینی نێوخۆیی سوننە دژی قەتەر بەخشیوە، لە کاتێکدا کە ترامپ بۆخۆی وێدەچێ ئامادەی بەخشینی دیاریی هەرە نایاب بە سعودییەکان لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەی ناوکی لەگەڵ ئێران بێ. بۆ ماوەی چەند ساڵی داهاتوو، زۆرتر وێدەچێ ویلایەتە یەکگرتووەکان لە جیات یارمەتی، پێش بە یارمەتییدان بە هەوڵە لەرزۆکەکان بۆ دامەزراندنی نەزم دوای خۆڵەمێشان بگرێ.

هێشتا، شتێکیتر هەیە کە دەیزانین: «نەزم کۆتایی بە سیاسەت ناهێنێ. کاتێک کە خەڵک تامی ئازادی و ڕێزدارییان چێشت، تۆ ناتوانی تا هەتایە لەوانی دوور بکەیەوە. ئەم ئاگرانە لە کۆتاییدا جارێکیتر سەرهەڵدەدەنەوە.»

VOICE

## The Middle East's Age of Innocence Is Over

The traditional object of the West's romantic foreign-policy visions is now the graveyard of its idealism.

BY JAMES TRAUB | MARCH 20, 2018, 6:20 PM





# لەحوجرەوە

## مەلا محەممەد ساوانی

عادل مەحموودی



ئایین، ئەگەر پەرژینێک نەبێ بۆ پاراستنی جوانییەکانی ژیان، ئەوا چەقڵێکی ژاراوییە بۆ برینە بێ هەتوانەکانی کۆمەڵگە.

زۆرێک لە مامۆستایانی ئایینی کوردستان، ئایینیان وەک پەرژینێک بۆ گەل و نیشتمانەکەیان زانیوە و دەزانن و لەو پێناوەشدا نرخێکی زۆریان داوە. هەر لەبەر ئەوەشە کە لە نێو مێژووی گەلدا بە زیندوویی دەمێننەوە و جێگای ڕێزن. یەکێک لەو بەڕێزانە، مامۆستا شێخ محەممەدە.

ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی لە گوندی کانی بەنی بانە، منداڵێک لە بنەماڵە شێخێکی ئایینی و نیشتمانپەروەر و سەربەرز وەک ئاربەبا چاوی بەژیان هەڵێنا.

باوکی ئەم کۆرپەیە ناوی مامۆستا شێخ مارف و دایکیشی زلێخا خاتوون بوو و لەبەر ئەوەی کە بنەماڵەیەکی ئایینی بوون. دوای چەند ڕۆژ و لە سەر نەریتی کوردەواری گوێزەبانەیان بۆ کرد و بانگی محەممەددیان بە گوێ دادا و ناویان نایە محەممەد.

محەممەد بە منداڵی لە خزمەتی باوکیدا دەست بە خوێندنی پەرتووکە سەرەتاییە باوەکانی ئەو دەمە کرد و فێری خوێندنەوە و نووسین بوو. تەمەنی دە ساڵان بوو کە مامۆستا شێخ مارف بووە مەلای گوندی ساوان و کۆچ دەکەن بۆ ئەوێ و لەوێ نیشتەجێ دەبن.

محەممەد کە تەمەنی بەرەو لاوەتی هەڵدەکشا، هاوکات لە خوێندنیشدا پێش دەکەت و باوکی دەینێرێتە حوجرە و بە ڕەسمی دەبێتە فەقێ و وەک هەموو هاو تەمەنەکانی خۆی دەست دەکا بە گەڕانی حوجرە و مەزگەوتەکانی کوردستان. ئەو بۆ دەوڵەمەند کردنی هەگبەی زانستی خۆی، لە خزمەتی زۆر لە مامۆستایانی ئایینی درێژە بە خوێندنەکەی دەدا. بۆ نموونە لە گوندەکانی دەرەزیارەتی سەرشیو، تەمووغە، شوێ و زەروا لە ناوچەی بانە و گوندی باساوێ لە ناوچەی سەردەشت و هەروەها لە چەند حوجرەیەکی باشووری کوردستانیشدا بە دوای زانست دا گەڕاوە و هەتا دواجار، دەگەڕێتەوە خزمەتی مامۆستا هادی ئەفخەمزادە لە گوندی سەرا.

مەلا محەممەد دوایین پلەکانی مامۆستایی لە خزمەتی ئەو زاتە بەڕێزەدا دەبڕێ و هەر لە خزمەت ئەودا و لە ساڵی ١٣٣٧ی هەتاویدا بڕوانامەی مەلایەتی وەردەگرێ. مامۆستا مەلا محەممەد دوای وەرگرتنی ئیجازەکەی دەگەڕێتەوە گوندی ساوان و دەبێتە مامۆستای ئەو گوندەی کە بە منداڵی لێی پەروەردە کرابوو.

مامۆستا مەلا محەممەد پیاوێکی نەتەوەیی و بیرکراوە بوو. ئەو هەستی نیشتمانپەروەریی بەڕادەیەک بەهێز بووە کە لە هەر کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا زانیبێتی کە دەرفەتی لێدوانی هەیە، درێغی نەکردووە و هەستی خۆیی دەربڕیوە و خەڵک و دەوروبەری بۆ لای کوردایەتی ڕاکێشاوە. مامۆستا هەر لەبەر ئەو هەستە بەتینەی بووە کە زیاتر لە ئامۆژگارییە ئایینیەکانی خەڵکی هان داوە بۆ لای هەستی نەتەوەیی و فێربوونی زمانی کوردی و خۆیشی لە فێرکردن و پێگەیاندنی لاوانی کورد لە زمان و نیشتمانپەروەریدا مامۆستایەکی بەتوانا و لێهاتوو بووە و خەڵکێکی زۆریشی پێ گەیاندووە. مامۆستا مەلا محەممەد هەروەها خاوەنی چەند بەرهەمێکی ئەدەبییە و بەرهەمێکی چاپکراوی بەناوی «دیاریی منداڵان» هەیە و چەند بەرهەمی بڵاونەکراوەشی هەن.

پەروەردەی نیشتمانیی مامۆستا مەلا محەممەد بەر لەهەموو جێیەک لە بنەماڵەکەی خۆیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەر لەسەر ئەو بنەما فێرکارییە نەتەوەییە بوو کە یەکێک لە کوڕەکانی بە ناوی عومەر ڕیزی تێکۆشەرانی سازمانی خەباتی هەڵبژارد و دواجار لە ڕێی ڕزگاری گەل و نیشتمانەکەیدا، گیانی بەخت کرد و چووە ڕیزی کاروانی پڕ لە شانازی شەهیدانەوە.

مامۆستا مەلا محەممەد لە بواری کۆمەڵایەتییەوە وەها کەسایەتیەکی هەبوو کە توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە، بۆ چارەسەری کێشەکانیان ڕوویان تێ دەکرد و ئەویش بە دڵئاوەڵایی و لێزانیی خۆی، کێشەکانی بۆ چارەسەر دەکردن. هەر بەو هۆیەش ببوو بە جێگای ڕاز و نیازی ئەو خەڵکە و وەک پشتوپەنایەک چاوی لێ دەکرا.

مامۆستا مەلا محەممەد سەرەڕای فشار و تەنگ پێهەڵچنینە بەردەومەکانی دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، هیچ کات ئامادە نەبوو سەر بە ویست و داوای دوژمنانی نەتەوەکەی دانەوێنێ و تەماح و سامان و پلە و پایەی بەرزی ئیداری ئەوی لە گەل و نیشتمانەکەی دانەبڕی و تا دوا هەناسە هەر بۆ نەتەوەکەی ژیا و لە پێناو وەدیهێنانی ئامانجی نەتەوەکەیدا سەری نایەوە.

مامۆستا مەلا محەممەد ڕەئووفی ناسراو بە ساوانی دواجار لە ساڵی ١٣٨٤ی هەتاوی لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا کاروانی ژیانی گەیشتە دوامەنزڵ و بە سەبەرزی دوامالاوایی لە نیشتمان و نەتەوەکەی کرد.

کوردستان
● ژمارە:٧٢٣
١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ _ ٤ی ئاوریلی ٢٠١٨

# وەفایەک بۆ شەهید قادر قادری

برایم چووکەڵی



سۆزی نەورۆز دەبێ بە نەهێشتنی ژار و ژەنگی دەروونی تەنگ، هێنەری بزەی شادی و تریقەی ئازادی بێ، بەڵام سەد مخابن؛ بۆ ئێمەی کورد هەر بەهارێکمان بەدەستی ئەژدەهاکێک و هەر نەورۆزێکمان بەدەستی ناپاکێک لێ دەشێوێ و، هیچ کات و ساتێک بەدی ناکەی کە ژینی بێتینی هەژاران، لە دەرد و ژانی ستەمی بێگانان و بێگانەپەرستاندا نەهەژێ و خوێنی قارەمانانی ئەو نیشتمانە بە گوللەی خائینان و نیشتمانفرۆشانی تاوانبار نەڕژێ.

هەواڵەکە لەپڕ و، خەبەرەکە لەنەکاو و چاوەڕواننەکراو بوو. وەک گێژەڵووکە سووڕا و هەست و لەشی هەموو ئەویندارێکی ئازادیی تەزاند. ئەوەی ناوی بیستبوو بە بیستنی ئەو خەبەرە دڵتەزێنە لە گێژاوی خەمانی خۆیدا نوقم بوو. زمان بەستران و فرمێسک لە چاوان قەتیس مان. بۆ کەس جێی باوەڕ نەبوو، چەند چرکەیەکی نەگرت کە ئەو خەسارە گەورەیە بوو بە ڕاستییەکی تاڵ و خۆی بە هەموو گوێیەکدا چرپاند کە فەرماندەی قارەمان و کادری خەباتگێر «قادر ئەورەنگنیا»، ناسراو بە قادر قادری لە ناوچەی حاجیاوای باشوری کوردستان بەدەستی ڕەشی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کراوە.

ئەو بەهارە پێی دەنا لە یوبیلی زێرینی تەمەنی. بێشک ڕێزگرتن لە ئازایەتی و فیداکاریی ڕۆڵەیەکی ئەو نیشتمانە، کە لە ماوەی ژیانیدا و لە تەمەنی ٣٦ ساڵ زیاتر لە خەبات و تێکۆشانیدا، شەو ڕۆژ لە گەرما و سەرما و لە سەنگەری شەڕەف و ئازادیدا هەردەم بۆ بەربەرەکانی و بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمنانی نەتەوەکەمان سەر لەپێناو بوو؛ بۆ کەسێک کە بە بیروباوەڕەوە بڕیاری دابوو بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لەبەر بکا و گەورەترین سەرمایەی ژیانی، واتە گیانی لە پێناو ئامانجی خەڵکەکەیدا بەخت بکا و بەختی کرد ئەرک و وەزیفەیە.

نەتەوەکەت چۆنت لە بیر دەکا؟ هاوسەنگەرانت چۆنت لە یاد دەکەن و لەبەرچاویان ون دەبی؟ وشەی جوان و خۆشەویستی پێشمەرگە بە بەژن و باڵای تۆ بڕابوو، بۆیە هەمیشە ناوی بەڕزت، واتە قادر قادری، پێشمەرگەی ئەو نیشتمانە کە بە پارێزەر و شوناسی خۆیان دەزانی، لەسەر زاریان دەمێنێتەوە.

نەمر قادر قادری، کۆڵنەدەرێکی خۆنەویست، تەژی لە حەماسە و شانازیخوڵقێنی و نەبەزی و شانازیگەلێک؛ کە بەرهەمی زیاتر لە سی ساڵ خەبات و هەڵسووڕانی بەردەوام و نەپساوە بوو. نەمر قادری لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا، واتە لە هەرەتی لاوەتیدا هاتە سەنگەری خەبات و مافخوازیی گەلەکەی و هەتا دواساتی ژیانی سەنگەری تێکۆشانی بەر نەدا و لە مەیدانی خەباتدا مایەوە. نەمر قادری بە ئیرادەیەکی قایم و قوڵەوە، خاوەندارەتیی لە خوو و ڕەوشتی شۆرشگێرانە دەکرد و بەهەق لە کوورەی ژیانی سەخت و دژواری پێشمەرگایەتی و، لە مەیدانی ٣٦ ساڵ خۆڕاگری و قارەمانەتیدا قاڵ ببوو.

ژیان بۆ ئەو، واتای تێکۆشان لە پێناو نەتەوە بوو. پێشمەرگایەتی بۆ ئەو واتای خاوەنێتی لە سەنگەری مافخوازی و ڕاگرتنی سەری بەرزی نیشتمان بوو، هەر بۆیەش بە هەموو توانا و ئەرکوەخۆگری، لە کار و بەرپرسایەتییەکانی وەک سەرپەل، سەردەستە، فەرماندەیی هێزی سامرند؛ کار و پەرپرسایەتی لە بەشی قەزایی، نەخۆشخانە، بەرپرسایەتیی بەشی شەهیدان، فەرماندەری هێزی پارێزگاری، جێگری فێرگەی سیاسی _ نیزامیی و دوایین ئەرک و بەرپرسایەتیشی کە بەشی تەشکیلاتی هەرێمی ٣ی کوردستان بوو، شاهیدی ئەوەن کە توانیویەتی لە هەموویاندا گۆی خۆی لە مەیدان بەرێتە دەر و سەربڵند لێیان بڕوانێ.

### قادری خەباتکار!

دوو جار برینداربوونی جەستەت بە گوللەی دوژمنی خوێنخۆر و تاودانی چەکەکەت پاش هەر سارێژبوونەوەی برینەکانت پێمان دەڵێن، کە تۆ لە گەلێکی زیندوو هەلقووڵاوی بۆیە چۆڕانی خوێنی تۆ لە لەشت ورەی زیاتری بۆ خەبات و تێکۆشان پێ بەخشیوی و بە خوێنی خۆت پارێزگاریت لە شەرەف وکەرامەتی گەلەکەت کرد. حەماسەی چیانە تەنیا نموونەیەکی چووکە لەو ڕۆژانە کە میداڵیای شانازین بە سینگتەوە؛ شیلمجاڕان، یادگارێکی لەبیر نەکراوە لە حەماسەتی تۆ و، دوژمن ئێستاش بە بینینی گەرمەبرین دەخزێتە هەناوی. هەر ئەو ئازایەتییە بوو، هەر ئەو خۆنەویستییە بوو، هەر ئەو گەلدۆستییە بوو، هەر خۆشەویستییەت بۆ خاک و نیشتمان و سەنگەر و بڕواکەت بوو کە تۆی کردە قەڵای ورە و، خۆشەویستی دڵانی هاوڕێ و هاوسەنگەرانت.

### قادری خۆبەخش و گیانبەخش بۆ گەڵ و نیشتمان!

دەورەکانت بوونە هەوێنی بارهێنانی لاوەکان و ئەوانەی تۆ وانەت پێ دەگوتنەوە، هاتنە سەرگۆرەکەت و بەڵێنی وەفایان لەگەڵ نوێ کردییەوە، بەڵێ درێژەدانی خەبات هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانت. ئەی تێکۆشەری ڕێگەی خەبات، تەشویقەکانت لەخۆباییان نەکردی بەڵکوو جەسوور و خاکەڕاییتر، شێلگیرتر و بەبڕواتر لە سەنگەری خەباتدا خۆت دیتەوە.

### هۆی خەڵکی پیرانشار، بەربنە و لاجان، پیرانان، بەری مێرگان، نەڵێن و گەدە!

بڕوانن...

قادر قادری هەلۆی هەرمانە، پیرانشاری شار و دێت، قەلبی خەبات و خوێنە، کوا لە ئەژمار دێ فیداکارانت. لکێک پێشمەرگە، بەرەوە پیرانان دێن، قادر ئیفتخاری سەرگوڵیانە... دەستەیەک پێشمەرگە، لە پیران و بەری مێرگانەوە لەنێو مەنگوڕایەتی سەردەکەون، هەمزە بێهنام پێشرەویانە... پۆلێک هەڵۆی بەرزەفڕ لە نەڵێنەوە بەرەو پیرانشار شۆڕ بوونەوە، حەسۆ و محەممەد مەلامینە ڕێبەریانە.کوا محەممەد شیرێژ و ڕەحمان سۆفیزادە؟ قارەمانێکی زامدار میوانتانە... سەرچۆپی پێیە، لەباشووری کوردستانەوە هاتوە. شەپۆلێک لەخوێنی پێشمەرگە، هەر لە شیلمجاڕانەوە، تا چیانە و قەندیلەوە دەشتی پشدەری پێواوە... زارۆکی ئێوە، دەرد و ئێشی ئەو دەڤەرە، بە کۆڵ قەندیل دادەدەن، با لە نیشتمان بینێژن، خورینجی لێ دیارە...

ئاگری ڕۆژهەڵاتی:

# حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێ هەوڵ بۆ پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاو بدەن

یەک لە قەیرانە هەرە سەرەکییەکانی ئێستای ئێران، قەیرانی ئاوە. ئێران لە ڕیزی ئەو ٢٤ وڵاتە دایە کە بارودۆخی ئاو تێیاندا مەترسیدارە و کارناسانی ئەو بوارە دەڵێن هۆکارەکەی بۆ پلان و بەرنامەی چەوتی بەڕێوەبەریی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. عیسا کەلانتەر، سەرۆکی ڕێکخراوی ژینگەی ئێران کە لە دەیەی ٧٠دا وەزیری کشتوکاڵی ئێران بوو، قەیرانی ئاو لە ئێرانی بە هەڕەشەیەکی گەورەتر لە مەترسییەکانی ئیسرائیل ناو بردبوو. کوردستان لە ڕووی سەرچاوەکانی ئاوەوە ڕیزبەندییەکی باشتری لە چاو ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە و ئەوەش بووەتە چەقی بەرنامە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ئێران بۆ گلدانەوە و گواستنەوەی ئاوی کوردستان بۆ پارێزگاکانی دیکەی ئێران، دۆخێک کە مەترسی ئەمنیەتی و ژینگەیی زۆری لەسەر کوردستان دروست کردوە. لەو پێوەندییەدا و بۆ تاوتوێی زیاتری ئەو بابەتە «کوردستان» وتووێژێکی لەگەڵ ئاگری ڕۆژهەڵاتی، چاوەدێری سیاسی پێک هێناوە:

دیمانە: عەلی بداغی

**بەڕێز ئاگری با باسەکەمان بەو پرسیارە دەست پێبکەین ئەوەی دەگوترێ سەدەی بەردەممان سەدەی قەیرانی ئاوە، ڕاستە؟ لە بنیڕا خۆی قەیرانی ئاو یانی چی؟**

ئاو بنەمای ژیانە و ئەوە واتە ئاو ژینگەیە، ئاو پیشەیە و کشتوکاڵە، ئاو گەشە و تەناهیی خۆراکە. ئەگەر بەو ڕوانگەیەوە سەیری ئاو بکەین، کاتێک دەگوترێ قەیرانی ئاو واتە کەمبوونی ئاو لە ژیانی مرۆڤدا، بە هۆی ئەوەی زۆر ڕەهەندی ژیانی مرۆڤ گرێ دراوەتەوە بە ئاو کە وایە ئەو کەمبوونە لە ژیانی ئاسایی تاک و دواتریش لە کۆمەڵگەدا قەیرانی بەرینی چەند ڕەهەندی دەنێتەوە. کەمیی ئاو لە ڕووی جوغرافیاییەوە سنووردارە بەڵام قەیرانی ئاو، قەیرانێکی جیهانییە چونکی ئەو قەیرانە دەتوانێ هۆکاری گۆڕینی دیمۆگرافی، کۆچی بە کۆمەڵ، پەرەسەندنی برسێتی و بەرینبوونی توندوتیژی بێ. کە وایە کەمیی ئاو تایبەت بە هەموو جیهان نیە، بەڵام قەیرانی ئاو کە درهاویشتەکانی ئەو کەم ئاوییەیە پرسێکی جیهانییە و چاوەڕوان دەکرێ ئەو پرسە و بە گشتی قەیرانی ژینگە لە سەدەی داهاتوودا بەتایبەتی لە نیوەی دووهەمی سەدەی دادێ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی تووشی قەیرانی قورس و ئاستەم بکا.

**هۆکارەکانی قەیرانی ئاو لە وڵاتی ئێران کامانەن؟**

ئەوە قەیرانێک روودەدا، چەندین هۆکار و ڕەهەندی هەیە. قەیرانی ئاو لە ئێستادا دەبێ وەک "هەرەقەیران"سەیری بکەین، چون هەم هۆکارەکانی بەرفراوانن و هەم چارەسەری ئاستەمە و هەمیش کاردانەوەی ئەو قەیرانە لە سەر ژیانی کۆمەڵگە چەند ڕەهەندی و قورس و بەرفروانە. بە گشتی قەیرانی ئاو لە ئێران دەکرێ ئەو هۆکارە سەرەکییانەی بۆ بێنینە گۆڕێ:



١_ **ژینگە**، ژینگەی ئێران ژینگەیەکەی کەم ئاوە و وشکەڕۆیە.
٢_ **کەش و هەوا**، ئالوگۆری کەش و هەوای ئیقلیم وای کردووە ئێران تووشی کەمیی بەفر و باران بێ.
٣_ **گەشەی ئێران**، گەشەیەکی ناوەندتەوەرە، بەو مانایە کە لە پیشە و کشتوکاڵەوە، هەتا توریسم و ... هەمووی لە ناوەند چڕکراوەتەوە؛ ئەوە لە کاتێکدایە کە ناوەند لە ڕووی بنیاتی ئاوەوە توانای هەڵگرتنی ئەو گەشەیەی نیە، و دیارە قورسایی گەشەی ناوەندتەوەریش بنیاتی ئاوی ناوەندی تێکشکاندووە؛ بە هۆی ئەوەش کە لە سیاسەتی ئێراندا ناوەند پێگەی دەسەڵاتدارییە ئەو قەیرانە ناڕاستەوخۆ هەموو ئێرانی گرتۆتەوە و بە ڕاکێشانی ئاوی ناوچە جیاوازەکان بەتایبەتی ئاوی کوردستان بۆ ناوەند وای لێهاتووە کە بنیاتی ئاوی ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیش تێک بشکێت یان چاوەڕوان دەکرێ لە داهاتوودا تێکبشێ بۆ وێنە ئەحواز خۆی ئاوی زۆری هەیە بەڵام بە ڕاکێشانی بۆ ناوەند بنیاتی ئاوییەکەی تێکشکاوە و قەیرانی بێئاوی ئەوێشی گرتۆتەوە.
٤_ **گەندەڵیی پێکهاتەمەند**، پێکهاتەی ئابووری و ئیداریی ئێران تووشی گەندەڵیی سیستماتیک و پێکهاتەمەند بووە و ئەو گەندەڵییەش لە هەموو قەیرانیەکانی ئێراندا بوونی هەیە.
٥_ **سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی_ ئێرانی**، ڕێژیم سەربەخۆیی وەک پەیوەندی نەگرتن بە کۆمەڵگەی جیهانی دەبینێ و هاوکات لەگەڵ ئەوەش لە ڕووی سیاسییەوە بەردەوام خەریکی قەیران و ئاژاوەنانەوەیە لە وڵاتانی ئیسلامیدا. لە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا، سیاسەتی ناوچەیی و تەنانەت جیهانییشی لە سەربناغەی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی_ئێرانیدا بووە، لە رووی ئابوورییەوە لەو باوەڕە دایە کە دەبێ ئابووریی ئێران بە گشتی و تەناهیی خۆراک بەتایبەتی تەنیا لەسەر بناغەی نێوخۆی دامەزرێ و کەمترین پەیوەندیی دەرەکیی دوولایەنەی هەبێ، هەر بۆیەش لە زۆر ڕووەوە بەتایبەتی بۆ دابینکردنی "تەناهیی خۆراک" زەختی لە ڕادەبەدەری خستۆتە سەر بنیاتی ژینگە و ئاوی ئێران و ئەوەش وای کردووە ئەو بنیاتە تێکبروخێ.
٦_ **کولتووری بەکارهێنانی ئاو**، موحسین ڕێنانی، ئابووریزانی ئێرانی پێی وایە نەوت وەک بەرتیلی خەڵک دراوەتە دەست حکوومەت و لە بەرانبەردا ئاویش وەک بەرتیلی حکوومەت دراوەتە دەست خەڵک و ئەوەش وای کردووە کە هەم داهاتی نەوت نابەجێ بەکاربهێندرێ و هەم ئاو لە ڕادەبەدەر کەڵکی لێوەردەگیرێ.
٧_ **نەبوونی یاسا بۆ دەسەڵاتدارەتیی ئاو لە ئێران**، ئێران لە ڕووی دەقی یاسا و جێبەجێکاری یاسا کێشەی پێکهاتەیی و گەورەی هەیە ئەو کێشەیە لە قەیرانی ئاویشدا ڕەنگی داوەتەوە.
٨_ **حەشیمەت**، زۆربوونی ڕێژەی حەشیمەتی ئێرانیش هۆکارێکی دیکەی ئەو قەیرانەیە.
٩_ **ڕوانگەی چەوت**، هەڵەی ڕوانین لەسەر چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئاو لە نێو کۆمەڵگەدا.

**یەکێک لەو پڕۆژانەی لە ئێراندا ئێستا زۆر بە لێبڕاوی کاری لەسەر دەکەن، بەنداوسازییە. چۆنە لە حاڵێکدا لە دنیا بەنداوەکان دەڕووخێنن، لە ئێران بەنداوسازی بەو بەربڵاوییە هەیە؟**

بەنداوسازی خۆی لەخۆیدا نە هەڵەیە و نە شانازی، بەڵکوو بەنداوسازی شێوازێکە بۆ ئیدارەکردنی دەسەڵاتدارەتیی ئاو و شێوازێکی کۆنیشە و ڕەنگە ئێمە کوردەکان یەکێ لە کۆنترین نەتەوەکان بین کە بەنداومان سازکردووە. کۆنترین بەنداوەکان لە دەسەڵاتدارەتیی عیلامییەکاندا دۆزراوەتەوە، بەڵام گەندەڵیی ئابووری و پاوانبوونی بەندئاوسازی لەدەست سپای پاسداراندا وای کردووە کە بەندئاوسازکردنیش وەک باقی بوارەکانیتر خۆی قەیران دروست بکا.

**ئایا ئەو بەنداوانە لە ڕووی گەشەسەندنی ئابووری و کەرتی گەشتیاری و ئاوەدانکردنەوە خزمەتی بە کوردستان و ژینگەی کوردستان کردوە؟**

باس لە بەهرەلاوەکییەکان ناکەم، بۆ وێنە بەندئاوێک ببێتە هۆی ئەوەی چوارکەسی خەڵکی شارەکە بچن لەوێ کەیک و نوشابە بفرۆشن، بەڵام وەک ستراتژیی ئابووری و وەک گەلاڵەی حکوومەتی نەخێر. واتە هیچ کارێک نەکراوە کە دەرخەری ئەوە بێ کە بندئاوەکان دەبنە هۆکار بۆ گەشەی ئابووری بەتایبەتی لە کەرتی گەشتیاریدا. سەرەڕایی ئەوەش لێدانی ڕەهۆلی گەورە بۆ ڕاگواستنی ئاو وای کردووە کە بنیاتی ژینگەی کوردستان تووشی قەیرانی گەورە ببێ. وەک پێشتریش باسم کرد بەشە ئاوی کوردستان بۆ کشتوکال هەمان بەشە ئاوە کە لە پێش لێدانی بەندئاوەکان هەبووە. لێدانی ڕەهۆڵەکانیش بۆ ڕاگواستی ئاو بنیاتی ژینگەی بەتایبەتی دارستانەکانی لەنێو بردووە. دواتر باس لە بەشە ئاوی ژینگەیە. دەزگاکانی ڕێژیم لە ناوچە فارسەکان هیچ بەشە ئاوێکیان بۆ ژینگە دانەناوە، ئەوە لە کاتێکدایە کە بە پێی زانستی بەلانیکەمەوە ئاو، دەبێت حەتمن ٦٠٪ ئاوی هەرێمێکی ژینگەیی بۆ ژینگە دەرخان بکرێ. ئەو بەشەئاوەش بۆ ژینگە تەرخان نەکراوە و وای کردووە کە بنیاتی ژینگەی ناوچە فارسەکان تێکبڕووخێ و ئەگەر هەمان سیاسەت لە کوردستان بگرنە بەر گومانی تێدا نیە کە لە ٥ هەتا ١٠ ساڵ پاش راکێشانی ئاوی کوردستان بونیاتی ژینگەی کوردستانیش تێک دەڕوخێ.

**وەک ئاگادارن ئێران کۆمەڵە بەنداوێکی لەسەر ئەو ئاو و چەمانە دروست کردوە کە دەڕژێنە باشووری کوردستانەوە، ئەویش لە کاتێکدا بۆ نموونە لێدانی بەنداوی ئەتاتورک لە تورکیە زیانێکی زۆری بە ژینگەی ئێران گەیاند. ئەوە خۆی لە خۆیدا مانای ئەوەیە کە دەوڵەتان شەڕی سیاسیی خۆیان بە ژینگە دەکەن؟ زیانەکانی بەردەوامیی ئەو شەڕە چین؟**

کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سێ وڵاتی ئێراق، تورکیە و ئەفغانستان، کێشەی ئاوی هەیە و ئەوان ئێستا بە دانانی عەباس عراقچی، وەک سەرۆکی ژووری "هیدرۆپۆڵتیک" دەیانەوێ ئەو کێشانە بە قازانجی خۆیان چارەسەر بکەن. بەڵام لەسەر شەڕی ژینگە من پێم وایە بە پێچەوانەی ڕوانینی زاڵی نێو ڕۆژئاوایی ئاسیا قەیرانەکانی ژینگە لەو ناوچەیە لە درێژخایەندا ڕێژیمەکان ناچار دەکا لەگەڵ یەک ئاشت ببنەوە؛ چونکی قەیرانی ژینگەی ئەو ناوچەیە قەیرانێکی چەند ڕەهەندییەوە و داوێنی هەموو وڵاتانی ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە. بەڵام ڕاستە لە ئێستادا هەست دەکرێ کۆماری ئیسلامی بیر لەوە بکاتەوە کە ئاو وەک چەکێک دژی باشوورییەکان بەکار بێنێ و هەتا ئێستاش هەست دەکرێ کە باشوورییەکان بایەخێکیان بەو مەترسییە نەداوە.

**بارودۆخی ئاو لە کوردستانی ئێران چۆنە؟ ئایا قەیرانی ئاو، ناوچەی پڕئاوی وەک کوردستانیش دەگرێتەوە؟**

هەر ئێستا کوردستان لەسەر سنووری قەیرانە، بەڵام ئەوەی کە مەترسیی گەورە دەخاتە سەر کوردستان باسی ڕاکێشانی بەلێشاوی ئاوی شیرینی کوردستان بۆ ناوچەکانی دەرەوەی کوردستانە بێگومان ئەو ڕاکێشانە ئەگەر بەری پێ نەگیردرێ دەبێتە هۆکار بۆ تێکروخانی بنیاتی ئاویی کوردستانیش و ئەو ناوچەیەش لە ڕووی جوگرافیاوە تووشی کەم ئاوی و قەیرانەکانی دوای کەم ئاوی دێ.

**وەک دەگوترێ تەنیا لە بناری زاگرۆس زیاتر لە ٦٠ بەنداو لێ دراوە. هۆکارەکانی لێدانی ئەو هەمووە بەنداوە چییە؟ زەرەر و قازانجەکانی چین؟**

هیچ دەقێکی فەرمی لەلایەن حکوومەتەوە بڵاونەکراوەتەوە کە بۆ ئەو هەموو بەندئاوە لێ دراوە. بەڵام بە پێی ئەوەی لە پاڵ هەر بەنداوێکی مامناونجی و بچوکیش ڕەهۆڵێک بۆ ڕاکێشانی ئاوەکەی ڕایەڵ کراوە، و بە پێی ئەوەی کە پارێزگاری زۆربەی پارێزگاکانی کوردستانیش ڕایانگەیاندووە کە "بەشەئاو"ی کشتوکاڵ هەر ئەو بەشە ئاویە کە پێش بەندئاوەکان بووە، کەوایە ئەو بندئاوانە بۆ ئەوە لێدراون کە ئاوەکەیان بۆ ناوەندی ئێران ڕاکێشرێ.

**ئێران پێشی بەو ئاوانە گرتوە کە دەڕژێتە وڵاتانی دراوسێ، بۆ نموونە ئاوی سیروان و زێی بچووک. ئایا بووە لە شوێنی دی کە پێش بەو ئاوانە گیرابێ کە دەڕژێنە وڵاتی ئێرانەوە؟**

بەڵێ هەمان کێشە کە ئێستا باشوور لەگەڵ ئێران هەیەتی، ئێران خۆی لەگەڵ ئەفغانستان هەیەتی. بەڵام لە مێژوودا دو جار کێشەی ئاو بۆتە هۆی ئەوەی ئیران و ئەفغانستان ڕێککەوتن ببەستن؛ بەڵام هیچ ڕێککەوتنێک لە نێوان عێراق و ئێران یان باشووری کوردستان و ئێراندا نیە. بۆیەش چاوەڕوان دەکرێ کێشەکەی نێوان ئەوان ئالۆزتر ببێ.

**بە گشتی قەیرانی ئاو لە ئێران و کوردستان چ سیاسی بێ، چ لە سۆنگەی بەڕێوەبەریی چەوت و هەڵە بێ؛ ڕەفتار و تەعامولی کورد لەگەڵ ئەو پرسە دەبێ چۆن بێ؟**

من لێرەدا تەنیا ڕستەیەک دەڵێم، ئەوەش ئەوەیە کە لایەنە سیاسییەکانی کورد دەبێ، گەڵاڵەیەک بۆ پاراستنی ژینگە و ئاوی کوردستان ئامادە بکەن. دەکرێ ناوی بنێن پەیماننامەی نیشتمانیی پاراستنی ئاوی کوردستان و دەبێ هەموویان ئیمزای بکەن و هەر چەشنە پەیوەندی و چالاکیی سیاسی، تەبلیغی و ... کە هەیانە لە ژێر نیسێ ئەو پەیماننامەیە دابێ، دەشزانم هەمووتان بەو پێشنیارە پێدەکەنن! بەڵام ئەو بابەتە یەکجار گرینگە.



# بزەی شەهید هەڵناوەرێ

ئەنوەر عەزیزیان

لەوکاتەوە بەتەمای کۆچی دارستان، سێدارەتان بۆ داخستین ئەم نیشتمانە کەژاوە، بزەی شەهید ڕادەژێنێ. ئاخر لێرە، سروود بەباڵای شاخەوە دەشنێتەوە، چیا شۆڕابەی داربەڕوو داپۆشیوە و لەگەڵ هەر تاوەبارانێ سەدان چرۆ سەردەر ئەکا.

ئێمە، لەنسلی تاریخ و بووژانەوەین، بەتاڵانی سەرچاوەکان، بە ڕیکلامی هێندێک ڕۆژنامەی خوێنڕێژ و بیری وەحشی و حیکایەتی قوم و تاران نابڕێنەوە. لە قەسیدەی وەرگێرانی سیاسەتا لە بۆسەی گلارەی شەوا چووینە نێو چەخماخەی برووسکەی عەشقەوە، ئەمانەتی ئەو فریشتەباڵ سوورانەین لەچخاری ئەم مێژووەدا لە دووتووانەی شەو و ڕۆژا حەرەسی ئەونیشتمانەن. ڕاستە سەرم، پڕە لەگوڵە فرمێسکی میکونۆس و، دڵم پڕە لە شەتاوی قوڵپەی سەرچاوەی ڤیەننا و، قیبلەم بۆتە،گەرمێنی غوربەتی سوور و، هەربستێ لەو بەرەهووتە دەریایەک خوێنی جامانە و هەزاران گوللەی سەر دڵی حەشار داوم. ئەوانەش زۆرن لە سڕی ئەم ناوەدا باڵایان کرد، بەڵام هەی هۆ، کوا سەنگەر و لووتکەی چیا کۆڵ ئەبنەوە؟ ئەوە نیە غوربەت خاکە و خاکیش نەقشە و قەڵاش خەریکی وەچەرخانی مێژوویە و، هەموو ڕۆژێ لەو سێدارەی چوارچراوە بە چل ساڵ فتۆای جەهلەوە، هێشتا ئەشق ئەروێ بەسەر هەڵگوردەوە و؛ لەئیلامەوە بۆ سنە و، لە کرماشانە و بۆ ورمێ ئەیگوێزنەوە. ڕەنگە بڵێن کەسکی ئەم بەهارە شێعرە و گوڵەساباتی ئەم وەرزە بە ساواقی بورجی ژان و زریکەمان هەڵ ئەوەرێ. سەدان ساڵە لەنێو دەفری سینگی سەرما، ژەهری تاوانی یەک مەراق بە چوار پیاڵە دەخۆمەوە، من لە ئەنفالی سپی و سوور تێپەریوم، لەنێو درزی گاشەبەردا ئەژیمەوە. وەرن سەیری ئەم بزە کەن لە ڕۆژهەڵات، تا گوڵخونچەی دەمی ناسر نەپشکوێ منالانی پێ ناکەنن... هەتا وەهاب و کاکەگیان گریان بە شەوەوە نەنا ئاسمان نەبوو بە چراخان... تا مامۆستا عەلی نەنگوت خۆر لە ئاسۆ دەرنەکەوت... پێتان وابوو لەو گەرمەسێرەی گەرمێنا، شەهید سالار هەڵ دەقرچێ و ناڵەشکێنە دەتوێتەوە؟ لەم وەرزی نوێبوونەوەشدا، هەرهەمان ئازاری پێشوو لە منارەی سەری سێدارەتانەوە هەڵی کرد و، لە قەندیل تۆپەگوڵیگی سەر لێوی چاوی فراندم، بەڵام قەندیل هەر مایەوە و شەبەقی هەر بریسکەیەک لەو گوللانە کابووسی خستە نێو خەوی تیرۆرەوە و زامەکانی شەهید قادر کۆڵانی کۆڵانی تاریکی پشکنین و، ڕەشەشەوی داخراوتانی هەڵدایەوە و، لە پەخشی چاوی جیهانا بوو بە بەڵگەی نفرت لە نەحسی سەرشۆری و دوامقیاسی خودابیتان.

ئێستا لاوک، حەیران، هۆرە و سیاچەمانە، بە یەک ئاواز ئەوینی گیان بۆ چەلەنگیی ئەو تەوارە ئەهۆننەوە لە سەنگەری ئازادیدا لەگەڵ ڕووحی قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی دەدوێ.. من لێرەوە نیشتمانی خۆم دەبینم سترانێکی گەردن کێلە و، لەگەڵ کۆری شەهیدانا جێژن ئەکا و، ئەوانیش کفنیان هەر ئاڵە و، خونچەی لێویان هەڵناگەڕێ و هەڵ ناگەڕێ و؛ دێموکراتیش موژدەی نەورۆزی هیوایە و سەرئەنجامی خۆشەوستی...

# بۆ پێشەوا




که لاشەی ساردی چوارچرا
وەکوو هێشووی سەرمابردوو
لە سێدارە کرانەوە
دار بەجێ ما
هەژارانی سابڵاخ بردیان
زستانیش بوو نەیانسووتاند
سەرماشیان بوو نەیانسووتاند
لەو دارانە، لەو تەختانە
چوار بێشکەی سووریان دروست کرد
لەو ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ
ئەو لانکانە
هەر ئەگەڕێن
ئەم ماڵ، ئەو ماڵ
ئەم دەست ئەو دەست
وەریان ئەگرن
ئەی نابینی هەزاران قازی محەممەد
لەسەر لوتکە وەستاون و
چەک هەڵئەبڕن؟

شێرکۆ بێکەس

# گیرانی مانگ



کوێستان عومەرزادە

خەرمانێک خەم کەوتە سەر توێی ئەم ئێوارە و نەرم نەرم بەسەر شاردا چرۆی دەرکرد. چرۆی ژانێکی توند شاری تەنی. ئەم تەمە تەمی ئەم ژانە توندە بەژنی گرتوو تا کەشکەڵان ڕانەوەستا کەوتە سەر بەژنی مانگ.

کە مانگ گیرا هەرچی ئەستێرە و گزنگ بوو ڕەش داگەران، بزە و تریفە و خەیاڵ هەڵوەرین، کۆڵان و شار چرای نیگایان کزکرا، چاوەڕێ بوون ئەم ئێوارە بەسەر بچێ و چرۆی ڕۆژێکی نوێ بەسەر شووشە دڵیانەوە دابگیرسێ، شەو تا بەیان مۆتەکەی ژان لە ئاسمانی چوارچرادا سەمای دەکرد. هێشتا مابوو گزنگی بەربەیان چاوەکانی بتروکێنێ. هێندەی نەبرد لە چوارچرا هەر لەو شوێنەی ڕەنگ و بۆنی ئاڵای کوردانی لێ هەڵدرا، پەتی سێدارە هەڵواسرا. مۆتەکەی ژان بەردەوامە، لە سوێبان و کوچە و کۆڵانی چوارچرا ماتەمین و خۆڵ پێوانە، شار شڵەژا. گەنج و لاوی شاری قازی خەو لە چاویان زرا. مانگی گیراو بە مشتێ ئەستێرەی سەوزەوە ڕووەوە مەیدانی شار ئاپۆرای مەرگی بۆ کرا دەگێڕنەوە ئەوانەی وێ بە زمانێکی پڕ پڕ لە سوێ!

بەیانی بوو. بەرلەوەی خۆر پرچی ڕەشی بژاکێنێ، بەر لەوەی خاڵەسێوە دەنگی نەرمی بلاوێنێ و بڵێ ئەوە سەحەرە گەلی برادەرینە سەحەر سەدایە منی غەریب؛ شار مات، کۆڵانەکان کزکز بێدەنگییان گرت و مانگی گیراوی دوێنێ شەو بە ئاسمانی خەیاڵی ئەم شارەوە دەدرەوشایەوە بە بێ ڕووناکی. مانگ بە تاقی ئاسمانەوە هەڵوەدا بوو. مەکۆ مەکۆی خەڵکی شار لێرە و لەوێ ماڵ بە ماڵی ئەم شارەی داگرتبوو. یەکێ لێرە و یەکێ لەوی ئەویان بۆ ئەویان دەدوێ. یەک دەڵێ چ ڕووی داوە؟ ئەوی تریان چ قەوماوە؟ بۆ نازانین لە چوارچرا پێشەوامان لە دار دراوە؟ مانگی گیراوی دوێنی شەو لەم مەیدانە هەڵواسراوە؟ یەک دەڵێ سپێدەی زوو هەر لەو شوێنەی چرۆی کۆمار تیا پشکووت، لەهەمان شوێن جەستەی مانگیان لە ئاسمان جیا کردەوە.

بەیانی بوو هێشتا ئێوارە و ڕۆژ لە خەوندا بوو. ژاوەژاو قوڵپەی گریان و ترس و خۆف لە کۆڵان کۆڵانی شاردا دەگەڕا. لە دوورەوە جەستەی مانگ و چەندە ئەستیرە بەدەوریە لە لانکەی مەرگا دەلاوان. بەژنی ئەم مانگە پێشەوا بوو بە پەتی سێدارەوە هەڵواسرابوو. پێیەکانی ئەو لە تەپڵی سەری دوژمنم بەرزتر و هیوا و بڕوای پیرۆزتر بوو...

بەڕێکەوتن پۆلێ لە خەڵکی شار بۆ ژێر نیسێی مانگی کوردان. مانگ لە جەستەی گەرموگوڕدا دابڕابوو، هەڵیان گرتن بەرەوە قەبران بە کوڵێ خەم و تاسە و ژان. یەکیان دەڵێ بە پێشەوا، پێشوازیی تۆ لەم



مردنە، لەم پەت و سێدارەی دوژمنە بۆتە مایەی سەر بڵیندیی نیشتیمانم. بەڵێن دەدەم هەتاکوو هەم نە پەتی سێداری دوژمنم، نە هیوا و هێز و بڕوای تۆ لە بیر نەکەم؛ بیکەم بە سەر مەشقی گەلم، بەڵێن دەدەم لەبیر ناکەم سێبەری پەتی سێدارە، هەموو وەرزێک دەستەکانم پڕ دەکەم لە نمەی باران و ئاوڕشێنی ڕوحت دەکەم. گەر بێمەوە بۆ نیشتیمان، ئەم جارە لە پشت زەریاکانەوە بە جانتای ئۆمێدەوە ڕووەو کۆشکی قە بڵیندی لانکەکەی تۆ گوڵی سووری لێ دەچێنم تا دەروازەی شاری بۆ سەرکردەی ئەم نیشتیمانە بێ لانە.

منیش دەڵێم کزکز دەمرم بەیادی پەتی سێدارە، ئەوسێدارەی بوو بە سیمبولی مانەوەت، ئەو مردنە بە سەربەرزی بە بێ ترس، بە دوو پێی ئاسنینی و توند بەرەوە پیری بەرێکەوتی و نیشتیمانت سەربڵند کرد. تۆ نامری، ڕەمزی هەردەم سەرکەوتنی.

تۆ نامری چاوەکانت، هێز و بڕوات بوونە پۆلێ پەپوولەی سپی و بە ئاسمانی نیشتیمان سەما دەکەن. بەڵێن دەدەم کە یادی تۆ خەیاڵی تۆ و ڕێبازی تۆ دەکەمە خەونی سپێدەم، دەیدەم لە گەردنی شێعرم، گیرانی مانگی دوینی شەو لەبیرمە هەتا دەمرم.

## لەهەر باخەی گوڵێک

# ئەمن و وەرزی بەهار



هەیاس کاردۆ

چونکە لەبەهاردا لەدایک بووم ناچارم بەهارم خۆش بوێ. بە قسەی دایکم کاتی چەوەندەر هەڵقەندنەوە و لەژێر تەزووی پایزێکی زوقماویدا چاوم بە دنیای ڕوون هەڵێناوە، کەچی ناسنامەم دەڵێ یەکەم مانگی بەهار وەک دوا میوانی بنەماڵە حەوت کەسییەکە قولینچکێکی ژوورێکی تاریک و تنۆکم بۆ دیاری کراوە. لەو کاتەوە ڕەنگی بەهارییم گرتوە و دەگەڵ وەرزی بەهار منیش زیندوو دەبمەوە. ئەگەر ڕاستییشتان بوێ زۆر وەک بەهار ناچم. بەهار وەرزی ڕاسان و خرۆشان و لافاو و هەورە تریشقە و کۆلکە زێڕینەیە، کەچی من مات و بێدەنگ وەک سوورەتاوی هاوینی چەقبەستووم.

بەهارم هەر بۆیە خۆش ناوێ چونکە خۆمی تێدا دروست کراوم، بۆیەشم خۆش دەوێ چونکە باوکم وەبیر دێنێتەوە. لەتایبەتمەندییەکانی باوکم زوو تووڕە بوونی بوو. بەتایبەت کاتی بەهاران کە هەور دەیگرماند و تەرزەی دادەبارند، بابم لەدین دەهری دەبوو، یەک بەخۆی هاواری دەکرد، جنێوی دەدا و بەهەرچی وەدەستی کەوتبا وەردەگەڕا تەرزەکان. بابم شێت نەبوو، زۆریش ساغ و سروشتی بوو. ئەو خەمی ئەو نیسکە گەنمەی بوو کە پاییزی ڕابوردوو چاندبووی و بەهیوا بوو کۆتایی بەهار بیدروێتەوە و قەرزەکانی پێ بداتەوە، کەچی تەرزە لێی دەکردەوە هیچ. جا هەتا بەهار و گرمەی هەور و بارینی بەخوڕ دەبینم ئەو بیرەوەرییانەم بۆ زیندوو دەبنەوە و سیمای بابم دێنەوە بەرچاو.

دیسان بەهارم زۆر خۆش دەوێ چونکە قۆڕغی «قەرەگۆل» و «قامیشەڵان» و «جەگەن» و «سێسوو»ی نێو ئەو قۆڕغە و هێرشی مندالان بۆسەر هێلانەی مراوی و باڵندەکانی دیکەی نێو ئەو قامیشەڵانە و بەتاڵانبردنی هێلکەکانیانم وەبیر دێنێتەوە. هەموو ئەو دیمەنانەی کە ئەوکات خۆشییەکانی ژیانم بوون، ئێستا بوونەتە گرێ لەسەر دڵم و بەرم نادەن. لەخەیاڵمدا قۆڕغی قەرەگۆل و مەزرای «چەکووراوا»ی نێو ڕۆمانی حەمەدۆک وەک یەک دەچن و ئەوەش تەزوویەکی خۆشم دەلەشی دەگێڕێ. ئاخر حەمەدۆک و داستانی ڕاپەڕینەکەی و ئەو دیمەنانەی شوێنی هاتوچۆی بوون دایمە لەگەڵم دەژین. جا بۆیە هەر دەبێ بەهارم خۆش بوێ چونکە وێکچوونێکی سەیر لەنێوان قامیشەڵانی قۆڕغ و مەزرای چەکووراوا دەبینم کە ئەوەش لەبەهاردا خۆی وەدیار دەدا.

ئەمن هەر دەبێ بەهارم خۆش بوێ چونکە منی کردە خاوەن بنەماڵە. لەم وەرزە خۆشەدا بوو کە دەگەڵ هاوژینی دواترم پەیمانی یەکتر دەئامێز گرتنمان بەست و چوارچێوەیەکی چووکەمان بۆخۆ پێکەوە نا. لەکۆتاییەکانی بەهارێکی خۆش، لەگوندێکی لیپاولیپ لەجوانکاریی ناوچەیەکی سەرسەوزی ئەم کوردستانە دڵگیرە من و هاوژینم دەنێو لیباسی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا گرێبەستی هاوژینی و درێژەی ڕێگایەکی هاوبەشمان مۆر کرد. پەیمانێک کە هیچ گێژاوێک نەیتوانی پێمان هەڵوەشێنێتەوە و هیچ نەهامەتییەک درێژەی ڕێگای هاوبەشمانی پێ نەبەسترا.

ئاخ کە بەهار داغی گرانیشی بەسەر دڵییەوە ناوم و خۆشەویستی وای لێ ئەستاندووم کە جێگایان هەتا ئێستاش پڕ نەبوەتەوە. هێشتا حەوتوویەک لەئیمزای پەیمانی هاوژینیی من و هاوسەرم تێنەپەڕیبوو کە یەک لەخۆشەویستترین دۆستان و هاوسەنگەرانم، برایمی سالیک (سیاوەش) کە برازاوا و تەنیا شاهیدی مارەکردنەکەش بوو لەشەڕێکی قارەمانانەدا گیانی بەخشی. بەو بیرەوەرییە تاڵەوە من نەدەبوو بەهارم خۆش بوێ، بەڵام وەبیر هاتنەوەی سیمای پڕ لەخۆشەویستیی ئەو دۆستە پاڵم پێوە دەنێ لەدرێژەی ڕێگا ماندوو نەبم و بەداهاتووی خەبات هیوادار بمێنمەوە. هەربۆیە بەهارم خۆش دەوێ.

بەهارم هەر بەو تایبەتمەندییانەی سەرەوە خۆش ناوێ. بەهارم خۆش دەوێ چونکە سەرفەسڵی ژیانەوە و هەستانەوەیە. سەرەتای تێهەڵچوونەوە و بەگژ نەهامەتییەکانی ڕۆژگاردا چوونە. بەهار کە وەرزی سەوزایی و زیندوو بوونەوەی زەوییە، مزگێنیدەری نەمانی سەخڵەتی و چەقبەستوویی زستان و سەرما و ڕێگەابەندانیشە. بەهار پێمان دەڵێ پاش هەر کەوتنێک هەستانەوەیەک هەیە، دوای هەموو تاریکەییەک ڕووناکایی بەدی دەکرێ و کۆتایی هەر شەوێک گزینگی بەیانییە. منیش کە بڕیارم داوە پاش هەر کەوتنێک هەستمەوە، دەبێ بەهار بکەمە سەر مەشقی ژیان و دەگەڵی بژیم و خۆشم بوێ.

ژیانتان هەر بەهاری بێ.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 723 4 apr 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 12.072

polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# ئاوسکردنی ژنانی سواڵکەر بۆ منداڵی نقوستان

«گ ت ت»، کورتکراوی مافیای «سواڵکەرانی تاران و دەورووبەر» (گدایان تهران و تابع)ە. ڕێکخستنێکی بەربەرین و ترسناک کە بەرهەمی هەلومەرجی کۆمەڵایەتیی ئێرانی بندەستی کۆماری ئیسلامییە.

لە ئێستادا بە هەزاران بنەماڵە لە ئێران هەن کە کار و پیشەی هەموو ئەندامانی خێزانی لەمجۆرە سواڵکەرییە و هەمووش ئەندامی ڕایەڵە ڕێکخراوەکان و مافیای سواڵکردنن.

توێژینەوە کۆمەڵایەتییان دەریان خستوە منداڵان لەو جۆرە بنەماڵانەدا هەر لە تۆفی منداڵییەوە دەگەنە قۆناغی پیری، بێ ئەوەی نە تامێکیان لە منداڵیی کردبێ و نە بە لای لاوەتیدا تێپەڕیبن. ئەو منداڵانە هیچ جۆرە بیمە و پێڕاگەیشتنێکی دەرمانییان نییە و نیوەی مووچەی کەسێکی گەورەساڵ وەردەگرن و کەم کەس لەوان لە داوی سێکس و ئازاردانی جینسی ڕزگاریان دەبێ.

کارناسانی کۆمەڵایەتی دەڵێن پێمان وانەبێ منداڵانی کار هەر ئەوانەن کە لە سەر چوارڕێیان و شوێنە گشتییەکان بەرچاو دەکەون و خەریکی فرۆشتنی گوڵ و دەسماڵ کاغەزین، یا واکس لێ دەدەن، یان تەرازووی کێشیان پێیە؛ ئەوە بەشی رووکاری ئەم قەیرانەیە. توێژینەوە مەیدانییەکان دەریان خستووە بە هەزاران منداڵ لە کارگە قاچاغ و ڕێگە پێنەدراوەکان لە ژێرزەوییەکان لە کارگەکانی پیشەسازیی جۆراوجۆردا وەبەرکار نراون.

منداڵانی سەرشەقام بەگشتی چەند بەشن: زۆربەیان یان دایک و باوکیان نییە، یان یەک لەوانیان هەیە و لەگەڵ زڕباوک یان زڕدایکی نادڵسۆز و نابەرپرسدا دەژین. هەشن ئەو منداڵانەی دایک و باوکیان هەیە، بەڵام دایک و باوکێک کە یان پەککەوتەن، یان گیرۆدەی مادەی هۆشبەرن و ناتوانن بەرعۆدەی بەخێوکردن و پێڕاگەیشتن بە منداڵەکانیان بن و ئەو منداڵانە لە لایەن مافیاکانەوە بۆ کاری دزی و سواڵکەری ڕێک دەخرێن.

توێژینەوەکان مەیدانییەکانی چەند کۆمەڵناسێک دەریان خستوە کە ڕێکخراوە سواڵکەرییەکانی سەر بە «گ ت ت» حەوت سەردەستەیان هەیە و یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێکخراوەکە دیاریکردنی شوێنی تایبەت و دەستنیشانکراو بۆ ئەندامانی گرووپە. لە شاری تاران هیچ سواڵکەرێک بۆی نییە بەدەر لەو شوێنەی لەلایەن سەرگرووپەوە بۆی دیاری کراوە، سواڵ بکا و چالاکیی هەبێ. بڕی سەرقفڵیی هەر کام لە ناوچە و گەڕەکەکانی شار بۆ سواڵکەرەکان لەلایەن بەرپرسانی مافیاکەوە دیاری دەکرێ.

مەجید ئەبهەری، یەکێک لەو کۆمەڵناسانەی لەو بارەیەوە توێژینەوەی مەیدانیی کردوە، دەڵێ: «لە ڕێکخراوی (گ ت ت)دا ژنانێک هەن کە کاریان تەنیا منداڵبوون و زاوزێیە. هەر دایکە و ١٢ منداڵی دەدرێتێ و ئەویش بۆ سواڵکردن بەکرێیان دەدا. نرخی منداڵانی نقوستان و کەمئەندام لەو گرووپانەدا زیاترە لە منداڵانی ساغ. تەنانەت دەگوترێ ئەوان لە کاتی دووگیانیدا هەندێ دەرمانیان دەدرێتێ بۆوەی منداڵەکانیان نقوستان بن و بە ئیفلیجی لە دایک بن.»

داتاکانی توێژینەوەکان لەو بارەوە دەریدەخەن کە کەم تەمەنترین توشبووان بە مادەی هۆشبەر لە ئێرانن. تراژیدی و خاڵی ترسناک لە ئاکامی توێژینەوەکاندا ئەمەیە کە باندەکانی ( گ ت ت) بۆ باشتر بەکارهێنانی منداڵان بۆ سواڵکردن تریاکیان لە خوارد دەدەن بۆ ئەوەی موعتاد بن و دوایە بە جوانی گوێڕایەڵیان بمێننەوە.

ئەوەی کە هۆکارەکانی پەرەسەندنی ئەو دیاردەیە بەو زەقی و بەرچاوی و بەربڵاوییە لە ئێران چین با بمێنێ کە ڕوون و ئاشکرایە ڕیشەی لە هەژاریی کۆمەڵگا و نوقمبوونی لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان دایە، بەڵام ئەگەر لە هۆکار تێپەڕین پرسیار ئەوەیە کە دەوڵەت لەو بارەوە بۆ کەمکردنەوە لە خەسارەکانی چیی کردوە؟

١٨ ساڵ لەوە پێش لە شوڕای بەرزی ئیداریی وڵاتدا کۆمیتەیەکی هاوبەش بۆ هاوئاهەنگیی نێوان دەزگا حکومییەکان بۆ چارەسەری دیاردەی سواڵکەری پێکهات کە ١١ دەزگا و بەڕیوەبەرایەتیی حکومیی لەخۆوە دەگرت. بەپێی پەسەندکراوەکانی ئەم کۆمیتەیە، ڕێکخراوەکانی بێهزیستی، ئوستانداری، فەرمانداری، شارەداری، هێزە ئینتیزامییەکان، دەزگای قەزایی، ناوەندەکانی بێهداشت و دەرمان، کۆمیتەی ئیمداد، ئیدارەی کاروباری کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەرایەتیی فەننی و حیرفەیی لەبەرامبەر دیاردەی سواڵکەری لە شارەکاندا بەرپرسیارن، بەڵام ئەو بەرپرسایەتی و خەمخواردنە هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە. سەیر ئەوەیە زیاتر لە خەڵک کە ڕەخنە دەگرن و داوای چارەسەر و پێڕاگەیشتن بەو دۆخە دەکەن، ئەوە ناوەندە بەرپرسیارکراوەکان بۆ چارەسەری قەیرانەکەیە کە هەر جارە و یەکیان ئەمەی دیکەیان تاوانبار بە خەمساردی و خۆدزینەوە لە ئەرک و بەرپرسایەتی دەکا و مافیای سواڵکەریش سووکبار و بێ ملۆزم درێژە بە چالاکییەکانی خۆی دەدا.

کاربەدەستانی ڕێژیم دەڵێن هەم بۆشایی قانوونی بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ سواڵکەری و ڕێکخستنی ئەو دیاردەیە هەیە، هەم ئەوەی سەدی ٨٥ی سواڵکەرەکان بنەماڵەیان هەیە و ئەگەر بشگیرێن دوای چەند ڕۆژ بەردەبن و دەگەڕێنەوە جێی خۆیان. هەروەها بەپێی قانوون سواڵکەرەکان بە دانی غەرامە دەتوانن لە زیندان ئازاد بن، تێکردنی غەرامەش بۆ باندەکانی مافیا سووک و ئاسانە و بێ هیچ گرێ و گۆڵێک تێی دەپەڕێنن.

هەژاری، بێکاری، تەڵاق، بێ خانەولانی، پەککەوتەیی، ڕاکردن لە ماڵ، ئیعتیاد بە مادەی هۆشبەر، تەوەزەلی و قازانج ویستیی باندەکانی کۆکردنەوە و وەگەڕخەری سواڵکەری هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانەن کە دەوڵەت تا ئێستاش لە چارەسەرکردنی داماو بووە، چونکی بەشێکی زۆر و سەرەکیی لێکەوتەی سیاسەت و جۆری ڕەفتار و بەڕێوەبەریی حکومەت و دەوڵەتەکانە.

# کتێبخانەیەک لە ئاوایی زاواکێوی بۆکان کرایەوە



لە کۆڕێکی فەرهەنگی و ئەدەبیدا کتێبخانەی گشتیی «شلێرە» لە گوندی زاواکێوی بۆکان کرایەوە و لە لایەن دانیشتووانی ئەو ئاواییەوە پێشوازیی لێکرا.

ئەو کتێبخانەیە بە هیمەتی خەمخۆران و دڵسۆزانی بواری ئەدەب و فەرهەنگ و بە مەبەستی پەرەپێدان بە زانست و فەرهەنگی ناوچەکە دامەزراوە و ڕۆژی هەینی ١٠ی خەکەلێوە بەڕەسمی پەردەی لەسەر لادرا.

لە کۆڕی کرانەوەی کتێبخانەکەدا مامۆستای ئایینی ئەو گوندە و هەروەها کۆمەڵێک لە قەڵەمبەدەستان لەسەر گرینگیدان بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی وتار و بابەتی خۆیانیان پێشکەش کرد. شایانی باسە هیچ کام لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکان یارمەتیدەری کرانەوەی ئەو کتێبخانەیە نەبوون و لاوان و دڵسۆزانی زمان و ئەدەبی نەتەوایەتیی گوندی زاواکێو بە پاڵپشتی کەسانی ئەدەبدۆست، دەستیان بە کڕین و کۆکردنەوەی کتێب بۆ کردنەوەی ئەو کتێبخانەیە کردوە.

# «ناڵەی جودایی» بە دیزاینی نوێ چاپ کرایەوە



«ناڵەی جودایی»، شاکاری ئەدەبیی مامۆستا هێمن موکریانی بۆ جارێکی دیکەش لە چاپ درایەوە.


ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٤ی خاکەلێوە، لە ڕێوڕەسمێکدا چاپی نوێی «ناڵەی جودایی» لە سالۆنی «وەحدەت»ی شاری مەهاباد بە بەشداریی نووسەران و ئەدیبانی کورد ڕوونوێنی لێکرا.

لە چاپی نوێی کتێبی ناڵەی جودایی‌دا سەرجەم هەڵە ڕێنووسی و ڕێزمانییەکان ڕاست کراونەتەوە و بۆ ئەو کارەش لە دیکلەمەی خودی مامۆستا هێمن کەڵک وەرگیراوە.

کتێبی ناڵەی جودایی بەرهەمی پڕنێوەڕۆکی مامۆستا هێمن بۆ یەکەم جار لە بەغدا چاپ کراوە و لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوییە تا ئێستا چەندین جار چاپ کراوەتەوە. چاپی نوێی ئەو کتێبە ٢٥٦ لاپەڕەیە.

مامۆستا هێمن لە لایەن شەهید دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو، ڕێبەری گەورەی کوردەوە بە شاعیری گەل ناسراوە.

# باشترینەکانی دووهەمین فیستیڤاڵی هەڵپەرکێی بانە



بەرهەمە هەڵبژێردراوەکانی دووهەمین فیستیڤاڵی هەڵپەرکێی شاری بانە لەلایەن هەیئەتی داوەرانی فیستیڤاڵ هەڵبژێردران.

ئەم فیستیڤاڵە بە بەشداری چەندین گرووپ لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، سنە و ورمێ دەستی پێکرد و کەسانی براوە لە بەشەکانی سەرچۆپی، گاوانی، جلوبەرگ، منداڵان، موزیک و هەورەها گرووپەکانی براوە دیاری کران.

گرووپەکانی دوانزدە سوارە قەڵایی(مەریوان)، چالاک (بانە) و هەروەها گرووپەکانی دیلان(ورمێ) و برووسکە(بانە) لەبەشی گرووپە براوەکانی یەکەمدا دیاری کران و لە کۆتایی فیستیڤاڵدا بەشێوەی تایبەتی ڕێز لە گرووپی کورد لە کرماشانەوە گیرا، بەهۆی کە هەوڵی باشیان داوە لەپێناو کولتووری نەتەوەیی و هەلومەرجی تایبەتی کرماشان دوای بوومەلەرزەکەی ئەو پارێزگایە.

دووهەمین فیستیڤاڵی هونەریی هەڵپەرکێی شاری بانە لە دەستپێکی ساڵی نوێی هەتاویدا بە بەشداریی دوازدە گرووپی هەڵپەرکێ لە شارەکانی مەریوان، ورمێ، کرماشان، ئیلام، سەردەشت، سەقز و بانە بەڕێوەچوو.

# چەند دیمەنێک لە نەورۆزی پیکەوەبوون (تەنگیسەر)

